# مرۆڤ؛ زانایی و ئاگایی




ژیرۆ زاگرۆس

# مرۆڤ؛ زانایی و ئاگایی

ژیرۆ زاگرۆس

ناوی کتێب: مرۆڤ؛ زانایی و ئاگایی

ناوی نووسەر: ژیرۆ زاگرۆس

چاپ: ئەلەکترۆنی

ساڵ: ٢٠٢٣

## پێڕست

پێشگوتن ........................................................ ٥

مرۆڤ و عەقڵ ........................................................ ١١

عەقڵ و زانایی ........................................................ ٢١

نرخی زانیاری ........................................................ ٤٥

عەقڵ و ئاگایی ........................................................ ٥٧

پرسیار دەرگەی ئاگایی ........................................................ ٦٩

باوەڕ دژمنی پرسیار ........................................................ ٧٥

ژیربێژی، ڕێسای زانیارییەکان ........................................................ ٨٥

لە پەسنی "بیرکاری"دا ........................................................ ٩٥

زمان و ئاڵۆزییەکانی ........................................................ ١٠٧

وەهمستانی ژیری، چۆڵەوانی ژیربێژی ........................................................ ١٢١

ڕەخنە و شرۆڤە، ونکراوی جیهانی زانیاری ........................................................ ١٣٥

کتێب و خوێندن، زانین و ئاگایی ........................................................ ١٤٧

زانکۆ، مەکۆی نەزانی ........................................................ ١٦٥

زانا ژ بەغدا تێ، مالخوێ مالێ یا خوە چێتر دزانە

/ پەندی کوردی

## پێشگوتن

لەوانەیە ئێوەش سەرنجتان دابێ کاتێ لە پەیوەندی و دانووستاندنی نێوان مرۆڤەکاندا سەبارەت بە مژارێک ناتێگەیشتن دێتە ئاراوە، یان لە هەڵسوکەوتی کەسەکاندا ناڕێکییەک دەبینرێ، زۆربەی کات زۆربەی کەسەکان بە واژە و دەستەواژەگەلی وەک "بێ عەقڵ"، "گەمژە"، "ناژیر"، "گەوج"، "بێ مێشک" و... هتد ناتێگەیشتن و ناڕێکییەکانی لایەنی بەرانبەر بە "بیر یان عەقڵ"ـەوە گرێ دەدەن. هەندێ جاریش ناڕێکییەکان لەڕێی پەیڤگەلی وەکوو "کەمزان"، "نەزان"، "نەزانکار"، "نەزان و بوێژ" و... هتد بە "زانین"ـەوە گرێ دەدرێن. بێگومان لە دروستبوونی تێڕوانین و هەڵسوکەوتی مرۆڤدا هەم خودی عەقڵ وەک توانایەکی خوەزایی و ناوەکی و هەمیش زانیاری وەک هێزێکی دەرەکی ڕۆڵ دەگێڕن، بەڵام بەڕاستی کام لەم دووانە پاڵنەر و هۆکاری

**سەرەکی و بنگەهین؟!. ئایا ناتەواوی یان لێهاتوویی کەسەکان سەبارەت بە هەر مژارێک بە پلەی یەکەم گریدراوی خودی عەقڵە وەک هێزی بیرکەرەوە یان گرێدراوی زانین و زانیارییەکانە؟!. گەلۆ جووڵەی مرۆڤ سەبارەت بە مژار و ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیان زیاتر ئەنجام و هۆکردی چۆنێتی و ئاستی کارکردنی عەقڵ و بیر خۆیەتی یان بەرهەم و دەستکردی چی زانین و چۆن زانین و چەندە زانینی عەقڵ و بیرە؟!...**

**بێگومان وەک هەموو پرسێکی دیکەی مرۆیی دۆزینەی بەرسڤێکی ڕەها و یەکلاکەرەوە بۆ ئەم مەراقە کارێکی ئەستەم و بگرە نەکردەشە، بەڵام من بەگوێرەی ئەزموونی ژیانی خۆم لەگەڵ دەوروبەرمدا پێم وایە پاڵەتی و هۆکاربوونی زیانیاری لەسەر تێگەیشتن و تێڕوانین و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان ئەگەر گرنگتر و زیاتر نەبێ لە هۆکاربوونی بیر و عەقڵ، لەوە کەمتر نییە و بگرە تا ڕادەیەکیش زیاتر و گەورەترە. بەڕاستی ئەگەر ناتەواوبوون بە پلەی یەکەم گرێدراوی بیری مرۆڤەکان بێ، دەبێ زۆربەی کەسەکان لە زۆربەی بوارەکاندا پێگەیەکی کەم تا زۆر یەکسان و یەکئاست بژین. لەم نڤیسارەدا دەمەوێ بە**

ئاراستەی تیۆریزەکردنی ئەم بۆچوونە باس لە هەندی لایەنی پەیوەندی نێوان عەقڵ و زانیاری لەگەڵ یەکتریدا بکەم، بەڵام بەر لە بەستنی ئەم پێشگوتنە با هەندێ میناکی سادە بێنمەوە بەڵکوو خوێنەر تۆزێ ئاسانتر بچێتە نێو کرۆکی مەبەستەکەی منەوە.

من لە دەوروبەری خۆمدا کەسانێک دەناسم کە ڕۆژی "زمانی دایکی"یان پیرۆز کردووە و کاتێ ڕووبەڕووی ئەم پرسیارەی من بوونەتەوە کە ئەدی بۆچی منداڵەکەی خۆیان بە زمانی دایکی خۆی قسە ناکا، بۆ دەرچوون لەژێر قورسی پرسیارەکەی من جگە لە مشتێ ترۆهات هیچیان پێ نەبووە بیڵێن. بەڕاستی ئەگەر ئەم کەسانە عەقڵیان بە پیرۆزکردنی ڕۆژی زمانی دایکی دەگات، دەی چۆنە عەقڵیان بە پاراستنی ئەم زمانە ناگات؟!. ئایا جگە لەمەیە کە ئەم کەسانە قەت نازانن زمانی دایکی و ڕۆژی زمانی دایکی بەڕاستی مانای چی؟!. کە واتە بە ئەگەرێکی زۆر ڕاستییەکە لەمەدایە کە ئەمانە یان ئاگایان لە کرۆکی مژارەکە نییە یان شتێکی هەڵە و ناڕاستی لێ دەزانن(لە بەشەکانی داهاتوودا وردتر باسی چەمکەکانی زانین، زانیاری، ئاگایی و دیوە جیاوازەکانی ئەم چەمکانە دەکەین). دیسان کەسانێکم بینیوە کە بە پەژارەوە

وەک مەترسی و کارەساتێکی ناخۆش باسیان لە ئەگەری "پارچەبوون"ی وڵاتێ لە وڵاتە سەردەستەکانی کوردستان کردووە، بەڵام کاتێ لێیانم پرسیوە ئایا بیریان لەمە کردووەتەوە پارچەبوونی ئەم وڵاتانە وەکوو کوردێک چییان پێ دەبەخشێ و چییان لێ دەستێنێتەوە، لە وەڵامدا هەر ئەوە نەبێ کە تەنیا گوزارشی تەلەڤزیۆنێ یان دێڕی کتێبێ یان قسەی سیاسییەکیان کاوێژ کردووەتەوە، ئیتر هیچ بەرچاوڕوونییەکی ئەوتۆی دیکەیان تەنانەت بۆ خۆشیان پێ نەبووە. بۆ وێنە هیچیان لەو سامانە بەرفراوانە نەزانیوە کە ئەوان وەک کورد هەیانە و ئەم وڵاتانە تاڵانی دەکەن. بە مانایەکی تر بەڕاستی هیچ ئاگایان لێ نەبووە باسی چی دەکەن و لە کام سۆنگەوە لە چی دەدوێن. دیسان لێرەشدا زۆر زیاتر لە کێشەی نەئامادەبوونی عەقڵ وەک هێزی بیرکردنەوە گرفتی گەورەی چەندە زانین و چی زانین و چۆن زانین لە ئارادایە. کەسانێکم دیوە کە ڕێک بە هەمان تۆخی ئەو ئایینداراناەی کە بەبێ چرکەیەک گومان لێکردن ئایەتە پیرۆزەکان ئەزبەر دەکەن و دەیانبێژنەوە، مێژووی دەرخوارددراوی وڵاتانی سەردەست کاوێژ دەکەنەوە و کاتێ لێیان دەپرسی ئایا ئەم زانیارییانە چەندێکی ڕاست و

چەندێکی درۆن، تێدەگەی کە کابرا تا ئاستی دوکتۆرا خوێندوویەتی و بەڵام تەنانەت بۆ چرکەیەکیش گومانی لە زانیارییەکانی خۆی نەکردووە!. بەڕاستی ئەم کەسانە لەلایەک ئەگەر عەقڵیان کێشەی هەبێ خۆ ناتوانن تا ئاستی دوکتۆرا بڕۆن و لەلایەکی تریشەوە ئەدی چۆنە ئەم هەموو ناڕاستییانە وەک ئایەتی پیرۆز کاوێژ دەکەنەوە؟!. دیسانەوە من پێم وایە لێرەشدا گرفتەکە هەر دەگەڕێتەوە سەر چۆنێتی پەیوەندی لەگەڵ زانیارییەکاندا... . بە هەرحاڵ لە کۆتاییدا پێم وایە ئەم پەندە کوردییە کە دەڵێ "زانا ژ بەغدا تێ، مالخوێ مالێ یا خوە چێتر دزانە" تا ڕادەیەک دەتوانێ گوزارە لە مەبەستەکەی من بکا. لێرەدا پێچەوانەی ڕواڵەتی وشەکە مەبەست لە "زانا" کەسی بلیمەت و نوخبەیە و مەبەست لە "مالخوێ مال" ئەو کەسەیە کە زانای ڕاستەقینەیە و بە ڕاسکانی زانای کرۆکی زانیارییەکانە و بە زاراوەکانی ئەم نڤیسارە کە لە داهاتوودا پێناسە دەکرێن "ئاگا"ی بارودۆخەکەیە. بە مانایەکی تر لە چۆنێتی تێڕوانین و جیهانبینی و هەڵسوکەوتی مرۆڤدا بکەر و هۆکاری هەرە بەباندۆر و کاریگەر بریتییە لە چەندێتی و چۆنێتی زانینی

**مرۆڤ و زانیارییەکانی ئەو. بەم پێشگوتنە با بچینە نێو ناوەڕۆکی مژارەکەوە.**

**هەر سەرەکێ "عەقل"ـەک تێدە هەیە**

**/ پەندی کوردی**

**مرۆڤ و عەقڵ**

**با بە چەند مێناکێکی ئاشنا لە ژیانی ڕۆژانەی خۆماندا بچینە ناو باسەکەوە. لە کاتی تەماشاکردنی تەلەڤزیۆندا دەبینین کەسێکی شارەزا لە بوارێکی وەک سیاسەت، زانست، ئابۆری، تەکنۆلۆژیا یان هەر بوارێکی دیاریکراوی دیکە لەسەر شاشە دەردەکەوێ و سەبارەت بە مژارێکی دیاریکراو خەریکە قسە دەکات. دوابەدوا یان زۆر جار هاوکات لەگەڵ قسەکانی کابرا ئێمەی بینەریش بێئاگا لە پاشخوان و مەبەستەکانی پشتەوەی ئەم لێدوانە ڕەنگە زیاتر لە ئەو و بە دڵنیایی و متمانەیەکی زۆرتریشەوە بکەوینە شرۆڤە و شیمانە و گریمانەی قسەکانی ئەم کەسەوە... . کەسێک تووشی نەخۆشی دەبێ و ئێمەش بە سەردان دەچین بۆ لای. لەوێش دیسان هەرکەسە و لەلای خۆیەوە بەبێ ئەوەی پزیشک و پسپۆڕی دەردەکە بێ دەست دەکەین بە ڕەچەتە نووسین**

لەسەر هۆکار و دەرمانەکان و تەنانەت چەند ڕێنماییشی پێ ڕادەسپێرین تا ئەنجامیان بدا... . سیاسییەکی دیار بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن دێتە ماڵمان و ئێمەش لەسەر هەموو شتێک لەگەڵیدا دەکەوینە گفتوگۆ و شرۆڤەی بارودۆخی بەڕێوەبردنی وڵات و تەنانەت لەوانەشە چەند ئامۆژگاری و پێشنیاریشی ئاراستە بکەین... . کاتێ تووشی کەسێکی ئایینی دەبین، لەسەر پرتووکی پیرۆزی ئەو ئایینە دەکەوینە دەمەقاڵەی گومان دروستکردن بەبێ ئەمەی بیر بکەینەوە کە خۆمان تەنانەت جارێکی تەواو بە وردی ئەم کتێبەمان نەخوێندووەتەوە و لەوانەیە پێچەوانەی ئێمە ئەو چەندین جار بە چەندین زمان و بە چەندین تەفسیر ئەو پرتووکەی خوێندبێتەوە... . یان بە پێچەوانەوە لەگەڵ کەسێکی ڕەخنەگری ئایین کە ڕەنگە چەندین ساڵ بە چەندین توێژینەوە لەسەر پرتووکێکی پیرۆز ڕاوەستابێ و لێکی دابێتەوە، دەکەوینە مشتومڕەوە تا بیسەلمێنین گومان و پرسیارەکانی ئەو لەسەر ئەم پرتووکە هیچ بنەمایەکیان نییە... . خزمێکی نزیکمان لە چەتوونی و ڕووداری منداڵەکەی دەردەدڵمان بۆ دەکا و ئێمەش وەک دەروونناسێک دەیان ساڵ لە بواری پەروەردەی منداڵدا کاری کردبێ دەکەوینە شیکاری

هۆکار و ڕێگەچارەکانی ڕەفتاری ئەم منداڵە بەبێ ئەوەی تەنانەت کەمترین شارەزاییمان لە دەروونناسی و بنەماکانی پەروەردەی منداڵ هەبێ... . گوتاری نووسەرێک لە فەیسبووک دەخوێنینەوە کە لەوانەیە سەدان ساعەت خوێندنەوەی مینەوانی لە پشتەوە بێ، بەڵام بە ئاسانی خۆمان لە ئاستی ئەودا دەبینین و ڕەخنەی دەکەین، تێبینی بۆ دەنووسین و تەنانەت پێشنیار و ڕاستکردنەوەشی بۆ بەڕێدەکەین... . یان دەبینی زۆرێک لە خەڵک کاتێ دەچنە خوێندنگەی منداڵەکانیان، لەباتی ئەوەی گوێ لە ڕێنوێنی و ڕاسپاردەی مامۆستا بگرن سەبارەت بە چۆنێتی و ئاستی خوێندن و پەروەردەی منداڵەکەیان، کەچی ئەوان وەک پسپۆڕێکی پەروەردە دەردەکەون و لەسەر هەموو شتێک و تەنانەت لەسەر کاری مامۆستاش دێنەگۆ و تەنانەت هەندێ جار دەکەونە ڕێنوێنی مامۆستا و هەندێ جاریش پێی ڕادەسپێرن کە چی بکا و چۆن بکا باشترە، بەبێ ئەوەی یەک ساعەت مامۆستایەتییان کردبێ یان لەم بوارەدا شتێکیان خوێندبێ.... و هتد.

بە ئەگەرێکی زۆر ئێوەش لەگەڵ مندا هاوڕان کە ئەم دۆخەی لەم چەند میناکەدا بەشێکیم لێ وێنا کرد لە پڕڕەنگترین

وێناکانی ژیانی ڕۆژانەی ئێمەن. ئێمە هەمووومان هەر لە یارییەکانی جیهانی فۆتبۆڵەوە بگرە تا سیاسەت، تا وەکوو ئابۆری و هەتا پێشهاتە زانستییەکان، لە ئایینەوە بگرە تا جۆرەکانی ،ئۆتۆمبیل هەتا گۆڕانی کەشوهەوا و هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ئاو و هەتا بارودۆخی کشتوکاڵ، هەر لە قسەڵۆکی ناو کۆڵانەوە بگرە تا هەواڵەکانی ڕادیۆ و هەتاکوو گوزارەکانی جیهانی زانست، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و لە هەموو شوێنێک و لەسەر هەموو مژار و بابەتێک قسە و بۆچوونی خۆمان هەیە و بیروڕای خۆمان دەردەبڕین بەبێ ئەوەی تۆزقاڵێ بیر بکەینەوە چەندی لێ دەزانین، چیمان لەسەر خوێندووەتەوە، بۆچوونەکانمان چەندە دروست یان نادروستن و قسەکانمان چەندە ڕاست یان ناڕاستن و... هتد. بەڕاستی ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە کە بۆچی ئێمە بە ئاسانی دەوێرین لەسەر هەموو شتێ قسە بکەین، چۆنە هیچکات لە قسە و لێکدانەوەکانی خۆماندا دوودڵی ناکەین، بۆچی بۆ زۆربەی پرسەکان بەرسڤمان پێیە، چما لە زۆربەی گفتوگۆ و دەمەقاڵەکاندا خۆمان بە زانا و سەرکەوتوو دەزانین و لایەنی بەرانبەر بە نەزان و دۆڕاو دەبینین، بۆ کاتێ دێینەگۆ و قسەی خۆمان دەکەین بیر لەمە ناکەینەوە کە

**لەوانەیە لایەنی بەرانبەرمان شارەزایەکی گەورە بێ و لەناو دڵی خۆیدا گاڵتەی بە قسەکانمان بێ و پێمان پێبکەنی؟!. بەرسڤ ئەمەیە کە بە شێوازێکی خوەزایی و ئاسایی هەموو تاکێکی مرۆڤ بە دروستی خۆی بە خاوەن عەقڵ، بیر یان هۆش دەزانێ. لەم نڤیسارەدا مەبەست لە عەقڵ و بیر ئەو هێزی بیرکردنەوە و هۆشمەندییەیە کە وەک کارکردی مێشک لە مرۆڤدا دەردەکەوێت. بە مانایەکی ڕێکتر بیر ئەو هێزەیە کە لە ئەنجامی کارکردنی مێشکدا وەگەڕ دەکەوێ. ئەگەر بمەوێ بە وێناکردنێکی سادە خوێنەر زیاتر لەم واتایە نزیک بکەمەوە، پەیوەندی مێشک لەگەڵ عەقڵ یان بیردا لە پەیوەندی ماشینێک دەچێ لەگەڵ ئەو هێزەی کە لە ساتەوەختی دەست بەکاربوونیدا بەرهەمی دێنێ و لەوە بە دواوە ئیتر ئەو هێزە ئاراستەی هەموو بەشەکانی تر دەکات و لەسەر خۆیان و دانووستاندنیان لەگەڵ دەرەوەدە بڕیار دەدات و باندۆر دەکات. بەکورتی مرۆڤ "بیر دەکاتەوە" واتە: ماشینی مێشک کەوتووەتە گەڕ و وزەی بیر وەک بەرهەمی ئەم وەگەڕکەوتنە هەموو کارەکانی تر سامان دەدات. پێش درێژەدان پێویستە ئاماژە بدەم کە لەم نڤیسارەدا هەموو پەیڤەکانی عەقڵ، بیر، هۆش و تەنانەت بیروهۆش ئاڵایە لە**

هەموو شوێنێکدا بە دیاریکراوی هەر بەم واتایە بەکار هاتوون و لە هەر شوێنێ هەرکامیان بە مانایەکی تر بەکار هاتبن ئاماژە بە مانا جیاوازەکەیان دەکرێ. بە هەرحاڵ هەر لە شێتێکەوە بگرە تا کەسێکی ئاسایی و هەتا بلیمەتێکی گەورە، هەر لە منداڵێکەوە بگرە تا گەنجێک و هەتاکوو کاڵەپیرێک، من پێم وا نییە کەسێک هەبێت کە خۆی بە خاوەن عەقڵ یان بیر نەزانێت. ئەم ڕاوەستەیەی مرۆڤەکان سەبارەت بە عەقڵ هێندە پڕڕەنگە کە لە ڕێسایەکی خوەزایی دەچێت تا هەر شتێکی دیکە. هەموو کەسێ پێی وایە خودا بەشی خۆی بیر یان عەقڵی پێ بەخشیوە و هیچکەسێ نییە خۆی بە گێل بزانێ. لەپشت ئەم ڕاستییەدا ڕاستییەکی ئاسایی و بەڵام سەیری دیکە هەیە و ئەویش، هەموو کەسێ بە ئەم بەشە عەقڵ و ڕادە بیرەی کە پێی دراوە ڕازییە و کورد گوتەنی "جیهان ئاڤایە، هەرکەس ب عەقلێ خوە شایە". ڕێنێ دێکارت هەر لەم مانایەدا دەڵێ "تەنیا عەقڵە کە بە دادمەندی دابەش کراوە، چۆنکە هەموو کەسێ وا دەوانی بە قەدەر پێویست عەقڵی هەیە". سەلمێنەری ئەم ڕاستییە سروشتییە پێداگری مرۆڤە لەسەر عاقڵبوونی خۆی. پەندێ پێشینانی "تو عەقلی دانی سەر ڤێ ملا هانێ، هەرکەس هەرە

عەقڵێ خوە بینێ" ئاماژەیەکی دروستە بە پڕڕەنگبوونی ئەم ڕازیبوونە لە ژیانی مرۆڤەکاندا. یەکێ لە نیشانە گرنگەکانی ڕازیبوون بە عەقڵی خود ئەمەیە کە مرۆڤ ڕەنگە بە زۆر لە ویژەگی و تایبەتمەندییە مرۆیییەکانی کەسانی تر حەسرەت بخوات و تاسەیان بکات، بەڵام زۆر کەم و بەدەگمەن تاسەی عەقڵی ئەوانی تر دەکات. بۆ وێنە ئێمە زۆر جار دەڵێین خۆزگە باڵامان وەکوو باڵای فڵانی بەرز بایە، چاومان لە ڕەنگی چاوی فڵانکەسی بکردایە، پۆری سەرمان وەک پۆری فڵانکەس بایە و... هتد، بەڵام زۆر زۆر بەدەگمەنی ئاواتی ئەوە دەخوازین کە خۆزگە عەقڵمان وەک عەقڵی فڵانکەس بایە. نیشانەیەکی تری ڕازیبوونی مرۆڤ بە عەقڵی خۆی ئەمەیە کە هیچکات پێی خۆش نییە لە بیر و عەقڵدا لەگەڵ کەسانی دیکەدا بەراورد بکرێ. بەکورتی ئێمە هەمووومان خۆمان بە ژیر و خاوەن عەقڵ دەزانین و عەقڵی ئێمە مافی ئەوە بە خۆی دەدات کە لەسەر هەموو مژارێ بیر و بۆچوونی خۆی دەرببڕێ.

بێگومان لەپاڵ ئەم ڕاستییە گرنگەی کە هەموو کەسێ خۆی بە ژیر و بە خاوەن عەقڵ دەزانێ و لە هەر جۆرە بەراوردکردنێکی عەقڵی خۆی لەگەڵ ئەوانی تردا خۆی دەبوێرێ و تەنانەت پێشی ناخۆشە، ڕاستییەکی دیکەش

هەیە کە بە ڕواڵەت لەگەڵ ئەمەدا دژواز دەنوێنێ. ئەویش ئەمەیە کە مرۆڤەکان زۆر جاران کەسانی دەرەوەی خۆیان لە ڕووی بیر و عەقڵەوە لەگەڵ یەکتریدا بەراورد دەکەن. بە مانایەکی تر زۆربەی خەڵک پێیان وایە کەسەکان لە باری بیروهۆش و عەقڵەوە لە یەک ئاستی ژیریدا نین و جیاوازییان هەیە و وەکوو یەکتری بیر ناکەنەوە. بە جۆرێ لە جۆرەکان ڕاستە هەموو کەسەکان خۆیان بە ژیر دەزانن، بەڵام بەبێ هیچ گومانێ زۆربەی خەڵک پێیان وایە ئاستی ژیربوونی کەسەکان وەکوو یەک نییە. ئێمە بە شێوەیەکی باو ئەم ڕاستییە وەک شتێکی ئاسایی و خوەزایی دەزانین و پێمان وایە ئەمە دیاردەیەکی سروشتییە .پەندی وەکوو "عەقڵ نایێ کڕین" یان "عەقڵ نایێ فرۆتن" یان " عەقل تاجەک زێڕینە، ل سەرێ هەرکەسی دە نینە"، هەموویان ئاماژەی بەهێزن بە هەبوونی ئەم باوەڕەی کە عەقڵی هەرکەس تایبەت بە خۆیەتی و لەنێوان مرۆڤەکاندا لە ڕووی عەقڵ و بیرەوە جۆرێک لە ئاستبەندی خوەزایی هەیە و کورد گوتەنی "عەقڵ ب سەر عەقڵێ دە هەیە". ئەڵبەتە کە زانستیش تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر ئەمە پێ دادەگرێ و پێی وایە مرۆڤەکان بەراورد بە یەکتری ئاستی جیاواز لە ژیربوون

دەژین. وێنای هەرە گرنگی ئەم بۆچوونە هەبوونی ئەزموونەکانی تاقیکردنەوە و پێوانەکردنی "ئای.کیو(IQ)"یە. تەنانەت لەمەش زیاتر مرۆڤەکان لەلای خۆیانەوە پێیان وایە کە لە قۆناخە جیاوازەکانی ژیانی خۆیانیشدا ئاستی جیاوازی ژیرێتی لە خۆیان دەنوێنن .کە واتە پرسیارێکی زۆر گرنگ کە پێویستە لەسەری ڕابوەستین ئەمەیە کە چۆنە لەلایەک هەموو کەسێ خۆی بە عاقڵ و ژیر دەزانێ و لەلایەکی تریشەوە عەقڵەکان لە یەک ئاستدا نین؟!. هۆکاری سەرەکی کۆبوونەوەی ئەم دوو ڕاستییە بە ڕواڵەت دژوازە لەگەڵ یەکتریدا چییە؟!. بەڕاستی ئایا خوەزا تەنیا هۆکاری جیاوازی مرۆڤەکانە لە عەقڵ و بیردا، یان هۆکاری دیکەش لەم پلەبەندییەدا ڕۆڵ دەگێڕن؟!...

لە بەشی داهاتوودا بە وردی تیشک دەخەینە سەر ئەم پرسە، بەڵام پێش کۆتاییهێنان بەم بەشە با تۆزێک لەم پرسیارە ڕابمێنین کە لە بەشەکانی داهاتوودا بە کارمان دێت. گەلۆ "هەڵسوکەوت، تێڕوانین و تێگەیشتنەکانی مرۆڤ ڕاستەوخۆ گرێدراوێکی پەتی خودی بیر یان عەقڵن بە تەنیا، یا نا، هۆکارێکی دیکەش لە دەرەوەی بیر هەیە کە لەسەر ئەمانە باندۆر دەکا؟!". ئەگەر وایە، گەلۆ ئەوە چییە وا لە بیر

و عەقڵ دەکات کارکردی جیاواز و گەلێ جار دژبەیەکی هەبێ و بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنیدا کار بکات؟. پەیڕەوی ئەم پرسیارە خراپ نییە بیر لەم مەراقە لاوەکییانەش بکەینەوە:

ئایا وەک لە تێگەیشتنی باودا هەیە عەقڵ یان بیر بوونەوەرێکی بە تەواوەتی ئەرێنی، باش و سوودبەخشە یان دەتوانێ نەرێنی، خراپ و زیانبەخشیش بێ؟!. گەلۆ ئەگەر هەموو هەنگاوە ئەرێنی و ئاواکەرەکانی مرۆڤایەتی کاری بیر و عەقڵی مرۆڤەکان بێ، ئایا کاولکاری و وێرانکارییەکان و بەگشتی کردەوە و کردارە نەرێنییەکانی ئەم بوونەوەرە بیرنەندەش دیسان هەر بەرهەم و ئەنجامی کارکردنی ئەم بیر و عەقڵە نەبووە؟!... .

**"نەزان" چە زانی "بزان" چە زانی؟!**

**/ پەندی کوردی**

## عەقڵ و زانایی

**لە کۆتایی بەشی پێشوودا ئاماژەم بەمە کرد کە مرۆڤەکان وێڕای ئەمەی بە کردەوە لەسەر عاقڵبوون و ژیربوونی خۆیان بەرانبەر بەوانی دیکە پێداگری دەکەن، بە دیوێکی تردا هەم لە بەراوردی خۆیان لەگەڵ یەکتریدا و هەمیش لە بەراوردی قۆناخەکانی ژیانی تاکەکەسییاندا بڕوایان بە جۆرێک لە ئاستبەندی بۆ عەقڵ یان بیر هەیە. هەروەها بێ ناوبەر ئەم مەراقەشم خستە ڕوو کە گەلۆ ئەم جیاوازی و ئاستمەندییەی عەقڵی کەسەکان لەگەڵ یەکتریدا و عەقڵی تاکەکان لە قۆناخە جیاوازەکاندا تەنیا هۆکردێکی خوەزاییە یان هۆکاری دیکەشی لە پشتەوەیە؟. با لەم بەشەدا بە دوای ئەم مەراقەدا بڕۆین... . ئێمە گەلێ جار گوێمان لە کەسانێک دەبێ کە لە شرۆڤەی ڕووداوەکانی پێشتر یان لە پاساوی کردەوەکانی پێشووی خۆیاندا گوزارەگەلێک بەکار**

دەهێنن وەکوو "ئەو دەمە هەر ئەوەندەم دەزانی"، "ئەو کاتە وەهایان بە ئێمە گوتبوو"، "ئەوسا زانیاریمان هەر ئەوەندە بوو"، "پێشتر  زانیاری ئێستامان نەبوو"، "دواتر دەرکەوت زانیارییەکانی ئێمە هەڵە بوون" و... هتد. ئەمجۆرە گوزارانە لەڕاستیدا زۆر زیاتر لەوەی گوزارشکردنێکی سادە لە ڕابردوو بن لە ناخی خۆیاندا هەڵگری ڕاستییەکی گرنگی گشتگیرن سەبارەت بە عەقڵ و بیری مرۆڤ. واتای هەموو ئەم گوزارانە ئەمەیە کە ئێمە ئەوسا "زانیاری" تەواو یان لانیکەم "زانیاری" ئێستاکەمان پێ نەبوو تا بە جۆرێکی دیکە بیر بکەینەوە. ئەمجۆرە ڕەفتارەی مرۆڤ گوزارە لەمە دەکات کە دەسەڵات و کارکردی بیر یان عەقڵ بەسەر کردار و بیرکردنەوەی مرۆڤدا بەهۆی خودی عەقڵ خۆیەوە نییە بە تەنیایی، بەڵکوو بەشێکی گەورەی ئەم دەسەڵاتە بەهۆی ئەو زانیارییانەیە کە عەقڵ پێیان بارگاوی دەکرێت. بە مانایەکی تر ئەگەر بیر و عەقڵ کارکردنی مێشک بێت، ئەوە زانیارییە کە سووتەمەنی ئەم کارکردنەی بۆ دابین دەکا و ئەگەر لایەنە غەریزییەکەی لێ دەرکەین، دواجار مێشک هیچ نییە جگە لە ماشینێک کە بە سووتەمەنی "زانیاری" ئیش دەکات، یان ڕێکتر بڵێین لە دەرەوەی غەریزە لەڕێگەی

زانیارییەوە بیر دەکاتەوە. هەر بۆیە بە هەڵەدا ناچین ئەگەر بەم گوزارەیە بەشێ لە پێناسەی عەقڵ یان بیر ببەستینەوە بە زانیارییەوە: "عەقڵ لەلایەک بەگوێرەی ئەو زانیارییانە ئیش دەکا کە هەیەتی و لەلایەکی ترەوە ئاگای لە دەرەوەی زانیارییەکانی خۆی نییە". بە مانایەکی دیکە عەقڵ هەر ئەوەندەیە کە بارگاوی کراوە بەو ئەندازەیە لە زانیاری کە پێی دەگا و ناشزانێ ئەو بەشەی کە پێی نەگەیشتووە چییە و چۆنە. هەر ئەمەیە کە کاتێ شارەزایەکی گەورە و کەسێکی ئاسایی لەسەر پرسێکی گرنگ قسە دەکەن، بیری هەردوکیان وەکوو یەک ئیشی ئاسایی خۆیان دەکەن و لە ئیشکردندا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، بەڵام ئەوەی کە زیاتر جیایان دەکاتەوە ئەندازە و جۆری ئەو زانیارییانەیە کە مێشکی ئەم دوو کەسە پێی کار دەکەن. لەم کارکردنەدا عەقڵ چەندە زانیاری زیاتر یان کەمتری هەبێ سەبارەت بە هەر مژارێک، بە هەمان ئەندازە تێگەیشتنی زیاد و کەم دەکات. بە گوتنێکی دیکە دەتوانین بێژین ڕێژەی تێگەیشتن و جۆری ڕەفتاری مرۆڤەکان سەبارەت بە مژارەکان بە پلەی یەکەم ئەنجامی ڕێژەی بیرمەندی و ژیربوون و عاقڵبوونیان نییە، بەڵکوو بەرهەم و نیشانەی ئەندازەی زانیارییەکانی ئەوانە

سەبارەت بەو مژارە. بۆ وێنە مامۆستایەکی ماتەماتیک کە لە تێڕوانینی زۆربەی خەڵکدا وێنای کەسێکی بیرتێژە دەکرێ لە کاتی کڕینی ئۆتۆمبێلێکدا بە شێوازێکی گاڵتەئامێز لەلایەن فرۆشیارێکەوە فێڵی لێ بکرێ و گۆڵ بدرێ کە ڕەنگە بەهۆی ناژیری و بیرکوێرییەوە نەیتوانیبێ تەنانەت خوێندنی سەرەتاییش تەواو بکا. هۆکارەکەش بە ئاشکرا دیارە، ئەمیان هیچ لە نرخ و جۆر و کوالێتی ئۆتۆمبیل نازانێ و ئەوی دیکە شارەزای ئەم بوارەیە و بە وردی لێی دەزانێ. کە واتە بیر یان عەقڵ "هێزی بیرکردنەوە" نییە بە شێوازێکی پەتی و بە تەنیا، بەڵکوو بریتییە لە "زانینی زانیاری و ئمجا بیرکردنەوە بەگوێرەی زانیاری". بە گوتنێکی دی تەنانەت ژیربوون یان عاقڵبوون بە واتا ئەرێنییەکەی، یانی بە واتای لێهاتوویی لە بیرکردنەوەدا و بە مانای "عەقل تاجەک زێڕینە، ل سەرێ هەرکەسی دە نینە" سەداسەد گرێدراوی تایبەتمەندی خودی عەقڵ نییە بە تەنیا، بەڵکوو بە ڕێژەیەکی بەرچاو پەیوەستە بەو زانیارییانەی کە پێی دەدرێ و پێی دەگات. ڕێک وەکوو کومپیۆتەرێک کە بەرنامەیەکی شەترەنجی پێ بدەی. ئەم بەرنامەیە سەد جووڵەی تێدا پێشبینی کرابێ یان سەدهەزار جووڵە، ئەم ماشینە بەبێ ترس و بە متمانەی ئەو ڕێژە

زانیارییەی کە پێی دراوە گەمەی خۆی هەر دەکا، بەڵام بێگومان بە جیاوازییەکی زۆرەوە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەوەی کە لەسەر چۆنێتی گەمەکردنەکەی کاریگەری دەبێ ئەندازەی ئەو جووڵانەیە کە لە بەرنامەکەیدا بۆی پێشبینی کراون، یان ڕێکتر بڵێین ئەو زانیارییانەیە کە پێی دراون. ئەگەر گوزارەکانی ئەم وێنایە وەرگێڕینەوە بۆ سەر مرۆڤ، دەتوانین بڵێین عەقڵی ئێمەی مرۆڤ لە بازنەی زانیارییەکانی خۆماندا دەسووڕێتەوە و بە هەمان شێوە کە هەر ئەوانەمان وەک سووتەمەنی عەقڵ لە بەردەستدایە، ئاگاشمان لە زانیارییەکانی دەرەوەی خۆمان نییە. هەر بۆ ئەمەیە کە زۆربەی وەختەکان ئێمە بە دڵنیایی و متمانەوە قسەی خۆمان دەکەین و بۆچوونی خۆمان دەردەبڕین بەبێ ئەوەی خەم و دڵەڕاوکێی ئەوەمان هەبێ کە قسەکانمان چەندە بەجێن یان چەندە دروستن. چۆنکە عەقڵ کاری خۆی دەکات و بەشێکی زۆر لە چۆنێتی و ئەنجامەکانی ئەم کارکردنە دەمێنێتەوە سەر ڕادە و چۆنێتی زانیارییەکانی. لەسەر ئەم بنەمایە زۆر زۆر بەدەگمەن پێش دێت کە مرۆڤ سەرکۆنەی عەقڵی خۆی بکات و بە گوزارەی وەکوو "پێشتر هەر ئەوەندەم لێ دەزانی، بۆیە وا بیرم دەکردەوە" لەلایەک خۆی

لە سەرکۆنەکردنی عەقڵی خۆی دەدزێتەوە و لەلایەکی دی دان بەمەدا دەنێت کە بیرکردنەوەی لەسەر زانیاری ئیش دەکات. کاتێ کەسێک دەڵێ "تا توانیم نەمزانی، کە زانیم نەمتوانی"، ئەو کەسە بە دروستی بەشێ لە گەشە یان ڕێکتر بڵێین بەشێ لە ڕەوتی گۆڕانی عەقڵی خۆی دەبەستێتەوە بە زانیارییەوە. گوزارەی "ئەوکاتە وا بیرم دەکردەوە" کە مرۆڤ بەبێ شەرمکردن و هەستکردن بە ناتەواوی زۆر جار دەریدەبڕێ لەڕاستیدا تا ئەندازەیەکی بەرچاو داڕشتنەوەی گوزارەی "ئەوکات ئەوەندە زانیاریم هەبوو"یە و بە ڕوونی دەرخەری گرێدراوی و پەیوەندی تۆکمەی عەقڵی مرۆڤە بە زانیارییەوە. هەر لەبەر ئەمەیە کە مرۆڤ زۆر زۆر بەدەگمەن لە بێ عەقڵی یان کەم عەقڵی خۆی مکوڕ دێت، یان بەگشتی زۆر کەم سکاڵا لە عەقڵی خۆی دەکات و لە بەرانبەر ئەمەدا زۆر جاران سکاڵا لە نەزانی خۆی، یان بە مانایەکی تر لە کەمی زانیارییەکانی خۆی دەکات. چۆنکە ئەگەر بەشێ لە ژیانی ئێمە ئەوە بێ کە بیر یان عەقڵ وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ بۆمان دادەڕێژێ، بێگومان بەشێکی گەورەی ئەم ژیانە ژیانکردنی ئەو زانیاری و زانستانەیە کە بە بیرمان دەگات و بیری ئێمە پێیان متوربە دەکرێت.

**یەکێ لە دیوە هەرە گرنگەکانی پەیوەندی نێوان عەقڵ و زانیاری، یان بە گوتنێکی ڕێکتر یەکێ لە کارکردە گرنگەکانی زانیاری ئەمەیە کە هەرکەس خاوەن زانیاری زیاتر بێ زیاتریش دەتوانێ باندۆر و هەژموونی بەسەر ئەوانەدا هەبێ کە کەمتر دەزانن. پەندی کەلهوڕی "نەزان چە زانی بزان چە زانی" ئاماژەیەکی گرنگە بەم ڕاستییە. دەسەڵاتی ڕۆحی و سایکۆلۆژی زاناکان بەسەر کەمزان و نەزانەکاندا ڕاستییەکە کە نکۆڵی لێ ناکرێ. بە مانایەکی تر لە ڕێسایەکی بە ڕواڵەت سروشتی و ڕێکوپێکدا کەسی کەمزان یا نەزان هەمیشە بەرانبەر بە کەسی زانا خۆی لە ئاستێکی خوارتردا دەبینێ. هەر بۆیە پەیوەندیدار بە دۆخی زانیاری ئەوەی کە هەمیشە لە ئارادا بووە بریتی بووە لە جڵەوکێشی زاناکان و گوێڕایەڵی کەمزان و نەزانەکان. هەر بۆیە زانایی پەیوەندییەکی نزیک و پتەوی هەمیشەیی لەگەڵ پەسنداری خەڵک و لە ئەنجامدا سەرکێشی و دەسەڵاتداریدا هەبووە و هەیە. پەندی پێشینانی "کی زانایە، ل بانایە" تا ڕادەیەکی باش گوزارە لەم ڕاستییە دەکات.**

**بە هەرحاڵ لەبەر ڕۆشنایی قسەکانی سەرەوەدا کاتی ئەوە هاتووە جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر ئەو مەراقەی لە کۆتایی**

بەشی پێشووورووژاندم کە ئەویش: "ئایا عەقڵ وەک بوونەوەرێکی خۆسەر باشە یان خراپە؟". بەرسڤی من بۆ ئەم پرسیارە ئەمەیە کە زانیاری هۆکارێکی گرنگە کە لەسەر چۆنێتی عەقڵ و چۆنێتی کارکرد و ڕەفتاری عەقڵ ڕاستەوخۆ باندۆر دەکا و وای لێدەکا بە لای ئەرێنیدا بشکێتەوە یان بە لای نەرێنیدا. بە گوتنێکی ڕێکتر "چەند و چۆن"ی زانیاری کە دواتر لەسەری ڕاوەستە دەکەین، هەم لە "بواری تەکنیکی" و هەم لە "بواری ویژدانی"دا باندۆرێکی ڕاستەوخۆی لەسەر باشی و خراپی بیر و عەقڵ هەیە. لەڕاستیدا لە هەردووی ئەم بوارانەدا هەم لە زەمینەی زانستە بنگەهی و سروشتییەکاندا و هەمیش لە زەمینەی زانستە مرۆیییەکاندا هەر کەسێک بە ئاسانی چاوترووکانێک دەتوانێ گەلێ ئاماژە و بەڵگە لە هەبوونی کارکردە ئەرێنی و نەرێنییەکانی عەقڵ بدۆزێتەوە. بۆ وێنە عەقڵ لەڕێگەی پیشەسازییەوە توانیویەتی پێشکەوتنی بەرچاو لە ژیانی مرۆڤایەتیدا بەدی بێنێ و دیوێکی ئەرێنی لە کارکردی خۆی نیشان بدا، کەچی بە لایەنە نەرێنیەکەشیدا بووەتە مایەی وێرانکردنی ژینگەی زەوی. یان لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا زۆر گۆڕانگاری لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویانداوە کە لە کاتی ڕوودانی

خۆیاندا وەک وەرچەرخانێکی ئەرێنی هاتوونەتە بەرچاو، کەچی دوای ماوەیەک وەک گۆڕانێکی نەرێنی دەرکەوتوون. لە هەموو کاتێکیشدا ڕووداو و پێشهاتەکان چەندە بە بیرکردنەوە و عەقڵەوە گرێدراو بن، بە هەمان ڕێژە بە زانیاری و زانستیشەوە گرێدراون. کە واتە عەقڵ بوونەوەرێکی بڕیاردەری یەکلاکەر نییە کە بە سەری خۆی هەمەکارە بێ و خۆسەر لە هەموو شتێک بڕیار بدا، بەڵکوو بڕیار و کردەوەکانی ئەو بە توندی وابەستە و گرێخواردووی زانستەکانی خۆیەتی و بە ئەگەرێکی زۆر ڕۆڵی زانیارییەکان لە کارکردی بیری مرۆڤدا زۆر زیاترە لە خودی بیر و عەقڵ. با بە نموونەی سادە ئەم بۆچوونە زیاتر ڕۆشن بکەمەوە. سەد ساڵ لەمەو پێش بە عەقڵی هیچ کەسێ بیری لەمە نەدەکردەوە کە دروستکردنی بەنداو کارێکی نادروست و زیانبەخش بێ، بەڵام ئەمڕۆ زۆرێک لە خەڵکی ئەم جیهانە تێگەیشتوون کە بەنداوەکان یەکێکن لەو کەرتە پیشەسازییانەی کە هەڵگری مەترسی گەورەن بۆ سەر ژینگەی زەوی. بێگومان ئەم تێگەیشتنەی ئەمڕۆ بەرئەنجامی گەشەیەکی لەناکاوی مێشکی مرۆڤ نەبووە وەک بوونەوەرێکی بایۆلۆژی، بەڵکوو بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئەو

دانە و زانیارییە تازانەیە کە ئەمڕۆ لەم بوارەدا بەدەستی هێناون. لە نموونەی تردا، لەنێو زۆربەی کۆمەڵگا جیاجیاکانی مرۆڤایەتیدا سەردەمانێک هەبووە کە دەزگای ئایین وەک ڕێکار و ئامرازی فەرمانڕەوایی و بەخێوکردنی کۆمەڵگا ناسراوە، بەڵام ئەمڕۆ زۆرێک لەو گەلانە نەتەنیا باوەڕیان بە فەرمانڕەوایی ئایین نییە، بەڵکوو تەنانەت پێیان وایە ئەم دەزگایە دەبێ لە دەزگای فەرمانڕەوایی دوور بخرێتەوە. گەلۆ ئەم گۆڕانە لە تێڕوانین ئەنجامی گەشە یان گۆڕانێکی لەناکاوی بیر و مێشکی ئەم کۆمەڵگایانەیە یان بەرهەمی شتگەلێکی ترە؟. بێگومان ئەم گۆڕانە زۆر زۆر زیاتر لەوەی پەیوەندیدار بێ بە خودی بیرەوە، پەیوەندیدارە بە ئەندازە و جۆری زانیارییەکانی ئێستای ئەم کۆمەڵگایانە. لە میناکێکی دیکەدا، ئەمڕۆ لە ڕۆژاوای داهێنەری هەڵبژاردن دەنگێکی بەرز هەیە کە پێچەوانەی پێشتر چیدی پێی وا نییە هەڵبژاردن واتای ڕاستەقینەی دیمۆکراسی بگەیێنێ، بەڵکوو لە زۆر جێگادا هەڵبژاردن زۆر نزیکترە لە دیکتاتۆری تا لە دیمۆکراسی. دیسان لێرەشدا ئاشکرایە گۆڕانێکی بایۆلۆژی لەناکاو وای لە مرۆڤەکان نەکردووە یەکجارەکی بگۆڕێن و بڵێن لە ئەمڕۆوە چیتر هەڵبژاردن مانای دیمۆکراسی نییە،

بەڵکوو ئەمە زانیارییە نوێیەکانن کە بۆچوونی نوێ دروست دەکەن... . کە واتە بەکورتی لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و بیردا، هێندە هەیە کە بیر وەک ماشینێک لە ژیانی مرۆڤدا دەخەبتێ و کار دەکا، بەڵام ئەوەی کە زیاتر هۆکارە لە چۆنێتی ئەم ژیانەدا بریتییە لەو زانست و زانیارییانەی کە بیری مرۆڤ بە ئەوانە و لەسەر بنەمای ئەوانە ئیش دەکا. بە گوتنێکی تر بەشێکی زۆر گەورەی چۆنێتی ژیانی کەسەکان زیاتر لەوەی بە شێوازێکی پەتی وابەستەی بیر یان عەقڵی ئەوان بێ، دەگەڕێتەوە سەر زانایی ئەوان بە مانای ئەندازە و جۆری زانیارییەکانی ئەوان. ئەم بەشە بەم تێبینییە گرنگە کۆتایی پێ دێنم کە ئەم بۆچوونە قسەیەکی ڕەها نییە و قەتیش بە واتای ئەوە نایەت کە بە تەواوەتی جیاوازی نێوان بیرەکان وەلا بنێین یان نکۆڵی لە هەبوونی جیاوازی نێوان کەسەکان لە ڕووی ئەندازە و ڕێژەی ژیربوونەوە بکەین و چاومان لە ڕاستیگەلی وەکوو لێهاتوویی، ساعەقڵی، گەمژەیی، زیرەکی و... هتد دابخەین و هەموو جووڵە هزری و کردارییەکانی مرۆڤ بە تەواوەتی لە ئاستمەندی بیر جیا بکەینەوە و تەنیا و تەنیا بە زانیارییەکانی ئەوەوە گرێیان بدەین.

## "ڕاستۆ" دروستۆ، "خوارۆ" شکەستۆ

/ پەندی کوردی

### نرخی زانیاری

لە بەشی پێشوودا ئاماژەم پێکرد کە لە تێگەیشتنی باودا ئەوەی زیاتر بزانێ و زانیاری زیاتری پێ بێ خەڵک وەک کەسێکی باڵاتر چاوی لێدەکەن و بە گرنگی و تەنانەت ڕێزێکی زیاتریشەوە لێی دەڕوانن. بە مانایەکی تر لە نەریتی باودا زانینی پەتی هەر لە خۆیدا بەهایە و لەنێو زۆربەی خەڵکدا بە جۆرێ لە جۆرەکان هەڵگری پێگەیەکی ئەرێنییە. بۆ وێنە ئێمە کاتێ لەسەر تەلەڤزیۆن سەیری دیمانەی نێوان دوو کەس دەکەین پەسن و تەوین و سەرسامی ئێمە بە شێوازێکی سایکۆلۆژی بەرەو ئەوەیان دەچی کە ژمارە و ئامارێکی زیاتر دەدا، پەند و مەتەڵێکی زیاتر دێنێتەوە، زیاتر قسەی کەسانی گەورە دەگێڕێتەوە و... هتد. بەڵام زۆر بەدەگمەن پێشدێ کە ئێمە بیر بکەینەوە ئەو قسە و پەند و مەتەڵ و ژمارە و ئامارانە چەندیان ڕاست بوون و چەندە لەجێی خۆیاندا

دروست بەکار هاتن. ئەمە ئەو هێزەیە کە زانیاری هەڵگرییەتی و لەڕێگەیەوە خۆی وەکوو بەهایەک لە تێڕوانینی باودا دەناسێنێ و لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و زانیاریدا هەمیشە یەکێ بووە لەو ڕەهەندە گرنگ و کاریگەرانەی کە مرۆڤەکانی بەرەو ئاقارێکی نارێک بردووە. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ بەهابوون و نرخبوون ئەو گەوهەرە نییە کە زانیاری لە هەموو ڕواڵەتەکانیدا هەڵگری بێ و شایستەی ئەوە بێ هەموو کەسێ لە هەموو کات و شوێنێکدا بە پیرۆزی بزانێ، بەڵکوو هەر زانیارییەک تەنیا بەگوێرەی تایبەتمەندییەکانی خۆی خاوەن بەهای تایبەت و شایانی خۆیەتی. ئەم تایبەتمەندییانە گرێدراوی دوو ڕەهەندن. ڕەهەندی یەکەم کە گرێدراوی "بوونێتی"یە، بریتییە لە دیاریکردنی ئەمەی کە ئایا زانیارییەک لە باری هەبوون یان ڕوودانەوە ڕاستە یان درۆیە و چەندە لە ڕاستی و ناڕاستی تێدایە و چەندە لە هەرکامیانەوە نزیکترە. من ئەم ڕەهەندە ناودەنێم ڕەهەندی ویژدانی. ڕەهەندی دووەم کە دەکرێ وەک ڕەهەندی عەقڵانی یان لۆژیکی پێناسە بکرێ گوزارە لە "چۆنێتی" دەکات و بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئەمەی کە زانیاری لە ڕووی لۆژیکییەوە دروستە یان نادروست. بە

مانایەکی تر ڕێسای دیاریکەری نرخی زانیارییەکان کە پەیوەستە بە "ڕاستی و ناڕاستی" و "دروستی و نادروستی"یەوە ئەمەیە کە یەکەم، ئایا دەتوانین دروستی و نادروستی و هەروەها ڕاستی و ناڕاستی زانیارییەک تاقی بکەینەوە؟. دووەم، ئەگەر دەکرێ، ئایا ئەو زانیارییە دروستە یان نادروست و هەروەها ڕاستە یان ناڕاست؟. سێیەم، ئەگەر بە ڕەهایی ڕاست یان ناڕاست نییە، لانیکەم چەندە لە ڕاستی یان ناڕاستی تێدایە و بە گوتنێکی سادەتر چەندی ڕاسکانییە و چەندی درۆکانی؟.

بەر لەوەی درێژە بە باسەکە بدەم لێرەدا پێویستە ڕاوەستەیەک بکەم تا ئاماژە بە ڕوونکردنەوەیەک بدەم. چۆنکە لەم زمانەی کە ڕۆژانە ئێمە ژیانی دەکەین زۆر جار وشەکانی "ڕاست و دروست" و هەروەها "ناڕاست و نادروست" لەباتی یەکتری و بە مانای یەکتری بەکار دەبرێن و هەروەها لەبەر ئەمەی کە هەموو ڕاست(یان ناڕاست)ێکی ویژدانی دروست(یان نادروست)ی لۆژیکیشە، ئەم نڤیسارەش لە هەر کوێ گرفتی واتایی و لۆژیکی دروست نەکات ئەم پەیڤانە لەجیاتی یەکتری بەکار دێنێ. بەڵام لێرەدا تەنیا بۆ ئەوەی زاراوەکانی سەرەوە تۆزێ زیاتر ڕوون

بکرێنەوە با بە هەندێ میناکی سادە وێنایان بکەین. بۆ وێنە گوزارەی "کوردستان کۆلۆنییەکی بندەستە" زانیارییەکی ڕاست و لە ئەنجامدا دروستیشە. گوزارەی "بێ بەرخۆدان دەوڵەتانی سەردەست ئامادەن دان بە مافی کورددا بنێن" زانیارییەکی ناڕاست و لە ئەنجامدا نادروستیشە. گوزارەی "کوردستان داگیر کراوە و تاقە هۆکاری داگیربوونیشی کورد خۆیەتی" هەم ڕاستی و هەم ناڕاستیشی تیدایە، بەڵام چۆنکە پێکهاتەی هەڤگرتووی گوزارەیەکی دروست و گوزارەیەکی نادروستە، لە ڕووی لۆژیکی نادروستە... .

بە هەرحاڵ بەداخەوە ئێمە بە شێوازێکی باو و بەڵام زۆر سەیر زۆربەی هەرە زۆرمان بەبێ تاقیکردنەوە و دڵنیابوون پێمان وایە ئەو زانیارییانەی کە دەیانزانین دروست و ڕاستن، یان لانیکەم زۆر بەدەگمەن بیر لەم ئەگەرە دەکەینەوە کە دەکرێ زانستەکانمان ناڕاست بن یان تەنیا بەشێ لە ڕاستییان تێدا بێ. هەروەها زۆربەی کات بیر لەمە ناکەینەوە کە بۆی هەیە بەڵگاندن و بۆچوونەکانمان لە باری لۆژیکییەوە نادروست بن و لە ئەنجامدا ئەو بەشە لە زانیارییەکانمان کە بەرهەمی بۆچوون و لێکدانەوەی ئێمەن پووچ و بێهۆدە بن.  ئەم دۆخە بەتایبەتی بەرانبەر بە

**یەکەمین زانیارییەکان کە پێمان دەگەن بە ڕێژەیەکی بەرچاو تۆختر و پڕڕەنگترە. هۆکارەکەشی ئەمەیە کە کاتێ لە بوارێکدا یەکەمین زانیاریمان پێدەگات، هیچ زانستەیەکی لەپێشینەی دیکە لە مێشک و بیرکردنەوەماندا نییە کە ئەم یەکەمینە گومانی لەسەر دروست بکات یان بکەوێتە ململانێ لەگەڵیدا. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێ کە بەشێکی بەرچاو لە یەکەمین زانیارییەکانی ئێمە بە جۆرێ لە بیر و مێشکماندا جێگیر دەبن کە تەنانەت دەگەنە ئاستی پیرۆزی  بە مانای باوەڕێکی ڕەها و نەگۆڕ، یان بە گوتنێکی تر دەبن بە ئیمانێکی دۆگماتیک و کوێرانە.**

**کە واتە ئەگەر دیسان بگەڕێینەوە سەر بەهای زانیاری، بە زانینی ئەمەی کە زۆرێک لە زانستەکانی ئێمە هیچ نین جگە لە کۆمەڵێ دۆگمی ڕەها، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو وێنا ئەرێنییەی کە ئێمە بەگشتی لە زانایی بە مانای زانینی زانیارییەکان هەمانە وێنایەکی ناتەواوە. ڕاستییەکە ئەمەیە کە پێچەوانەی تێگەیشتنی باو زانابوون هەمیشە هەڵگر و بە مانای ڕێکوپێکی نییە، بەڵکوو گەلێ جار خودی نارێکی و بگرە ژێدەری نارێکیشە. نارێکی زانابوون لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کە مرۆڤ لەجیاتی دروست و**

ڕاستەقینەکان زانیاری نادروست و درۆکانی پێ دەگات. چۆنکە بەشی هەرە گەورەی ژیانی مرۆڤ ژیانکردنە بەگوێرەی زانیارییەکانی خۆی، لە ساتەوختی وەرگرتنی زانیاری نادروست بە دواوە مرۆڤ هەم خۆی بە ئاراستەی نارێکیدا هەنگاو دەنێت و هەمیش دەتوانێ خەڵکانی نەزان و کەمزانتر لە خۆی چەواشە و بەرەو نارێکی ئاراستە بکات. لە ئەنجامدا زانای هەڵەکان و ناڕاستییەکان هیچ نییە جگە لە نەزانێکی "بەدگۆڕاو". بۆیە دەستەواژەی بەدگۆڕاو بۆ پێناسەی زانای ناڕاستییەکان بەکار دێنم چۆنکە پێچەوانەی کەسی نەزان کە زانیارییەکی هەڵەی پێ نییە پێشکەشی بکا و لەم ڕوویەوە کەسێکی بێوەیە لە ئاست ئەوانی تردا، ئەم بوونەوەرە خۆی ژێدەری ناڕاستییەکان و لە ئەنجامدا بەرهەمهێنەری نارێکییەکانە. با بە میناکێکی سادە ئەم پێگەی نارێکبوونە ڕوونتر وێنا بکەم. خوێندکارێکی کورد بە گریمانە بگرن کە لە بەشی مێژووی زانکۆیەکی ئێرانیدا دەخوێنێ. بێگومان ئەم خوێندکارە زۆر زیاتر لە کەسێکی نەخوەندەی بواری مێژوو دەزانێ و زانیاری زۆر زیاتریشی پێیە. بەڵام ئێمە دەزانین کە زۆربەی هەرە زۆری زانیارییەکانی ئەم کابرایە چەواشە و دەسەڵکردن. بە مانایەکی تر ئەم کەسە ڕاستە کە

زانیارییەکی زۆر دەزانێ و زانستێکی فراوانی لە هەگبەدایە، بەڵام زۆربەیان زانیاری ناڕاستن و ئەم کەسە لەڕاستیدا هیچ نییە جگە لە زانای کۆمەڵێ لە ناڕاستییەکان. هەر بەم هۆیەشەوە دەتوانێ بە ئاسانی ڕێگە بۆ بەدگۆڕانێکی گەورە خۆش بکا. بۆ وێنە بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەم زانایە ئێران وڵاتێکە هەزاران ساڵە دەوڵەتی ناوەندی هەیە، زمانی فارسی هەزاران ساڵە زمانی فەرمییە تێیدا، هەزاران ساڵە کورد بەشێکی بندەست و ئەڵبەتە سنوورپارێزی ئەم وڵاتەیە و ئەم دۆخەش کە تێیدا دەژی قەدەرێکی ئاسمانی هەزاران ساڵەیە و هەرکەس لە دەرەوەی ئەم قەدەرە بیر بکاتەوە کەسێکی نائاساییە. ئەم کەسە زانایە بە پشتوانەی ئەو هەژموونە سایکۆلۆژییەی کە زانیاری پێی دەبەخشێ و لەنێو جڤاکدا پێگەیەکی بلیمەتی پێدەدا بە ئاسانی دەتوانێ کەسانی بە ڕواڵەت لە خۆی کەمزانتر و نەزانتر مەسخ بکا و بەمجۆرە ببێتە ماشینێکی بەدگۆڕان لەنێو جڤاکی کوردیدا. ئەوەی لە دەزگای پەروەردەی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان ڕامابێ بە ئاسانی تێدەگا کە ئەم نموونەیە وێنایەکی زۆر زۆر بچووکە لە فەلسەفەی پەروەردە و دەزگای خوێندنی ئەم دەوڵەتانە بۆ گۆڕاندنی مرۆڤی نەزان بە

کەسێکی زانای بارگاویکراو بە کۆمەڵێ زانیاری نادروست و ناڕاست، یان ڕێکتر بڵێم، پەیوەندیدار بە تێگینی زانیاری دەبێ بە بوونەوەرێکی "بەدگۆڕاو". کە واتە بەکورتی زانایی بە مانای "زانینی زانیارییەکان" هیچکات بە واتای ڕێکوپێکی نییە و چەندە عەقڵ و مێشکی مرۆڤ بە زانیاری هەڵە و ناڕاست و چەواشە بارگاوی کرابێ، بە هەمان ڕادەش ئاراستەی ئەو بەرەو ناڕێکی دەگۆڕدرێ و لێی نزیکتر دەبێتەوە.

دیارە مەبەست لە زانیاری لەم نڤیسارەدا بەتایبەتی بواری زانیارییە گشتییەکان و زانستە مرۆییەکان، یان بە گوتنێکی دیکە ئەو زانیارییانەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارن بە ژیان و بەریەککەوتن و دانووستانی نێوان مرۆڤەکانەوە، چی وەک تاک و چی وەکوو جڤاک. ئەم زانیارییانە هەر لە زانیارییە گشتییەکانی وەکوو گفتوگۆکانی ڕۆژانەمان، تاکوو ئەو زانیارییانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت دەیانخوێنین، هەتا ئەو هەواڵانەی ڕۆژانە لە تەلەڤزیۆن دەیانبینین و دەیانبیستین، هەتاکوو بوارە تایبەتیترەکانی زانست وەکوو جڤاکناسی، دەروونناسی، دیرۆکناسی، سیاسەت و... هتد دەگرێتەوە و

هەر بۆیە لە تەواوی ئەم نڤیسارەدا بە تۆزێ چاوپۆشین لە واتای دەقیق و ڕێکاوڕێکی زاراوەکان هەر هەموویان بە زانیارییە مرۆییەکان ناو دەبەین.

ڕەنگە لێرەدا بە دروستی ئەم مەراقە بۆ خوێنەر دروست ببێ کە بۆچی ڕاوەستە لەسەر زانیارییە مرۆییەکان دەکەین؟!. یان بە گوتنێکی تر، ڕاستە کە بەشێکی گەورە لە نارێکییەکانی جیهانی ئێمە بەرهەم و ئەنجامی زانیارییە مرۆییە نادروست و ناڕاستەکانن، بەڵام خۆ ئاشکراشە کە بەشێکی گەورەی تری ئەم نارێکییانە لەسەر دەستی ئەو زانیارییە ڕاست و دروستانە بەرهەم دێن کە بۆ وێنە لەلای زاناکانی بواری تەکنۆلۆژی، فیزیک، کیمیا و بەشەکانی تری زانستە سروشتی و بنگەهینەکاندان، ئەدی بۆ تەنیا زانستە مرۆییەکان تاوانبار بکەین؟!. بەرسڤی ئەم مەراقە ئەمەیە کە ڕاستە ئەم کەسانە بەشێکی بەرچاو لە زانیاری ڕاستیان لەلایە لە بوارە پسپۆڕییەکەی خۆیاندا، بەڵام دواجار ئەمانە مرۆڤن و ئەمە زانیارییە مرۆییەکانە کە بەرەو نارێکی ڕایاندەکێشێ، نە زانستە ڕاستەکانی پسپۆڕییەکەی خۆیان. بۆ وێنە ئەمە زانیارییە دەقیق و دروستەکانی بواری تەکنۆلۆژیا نین کە تەکنیسیەنێکی تورک وا لێدەکەن بە درۆن

منداڵی بەستەزمانی کورد بکوژێ، بەڵکوو ئەو زانیارییە مرۆیییە فاشیستییەیە کە پێی ڕاهاتووە و پەروەردە کراوە. ئەمە یاسا دەقیق و دروستەکانی فیزیک و ماتەماتیک نین کە وا لە فڕۆکەوانی فارس دەکەن شۆڕشگێڕی کورد بکاتە ئامانج، بەڵکوو ئەو زانیارییە هەڵە و ناڕاستانەی مێژووناسییە کە ئەویان تێگەیاندووە ئێران وڵاتێکە خوا دایمەزراندووە و سنوورەکانی دەبێ هەر بە نەگۆڕی بمێننەوە. ئەمە زانستە خوەزاییە دروستەکانی کیمیا نین کە وا دەکەن کەسێکی عەرەب بە چرکەیەک شارێکی کورد بخنکێنێ، بەڵکوو ئایدۆلۆژیای شۆڤینیزمی عەرەبییە کە هانی دەدات ئەم کارە بکات. بە گوتنێکی دیکە ئەمە زانستە بنگەهی و سروشتییەکان نین کە دەکەونە خزمەت دەسەڵات و هێزی مرۆڤەکان، بەڵکوو زانستە مرۆیییەکانن کە ئەوانیش پەلکێشی لایەنە باش و خراپەکانی مرۆڤ دەکەن. کە واتە بەکورتی مەبەستمان لە ڕاستی و دروستی بە دیاریکراوی ڕاستی و دروستییە عەقڵانی و ویژدانییەکانە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدار و گرێدراوی مرۆڤبوون و پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکانن... .

بە هەرحاڵ وەک دەزانین جیهانی ئەمڕۆ جیهانێکە زیاتر لە هەر سەردەمێکی دیکە گۆڕەپانی کەڵەکەبوونی لەزگین و خێرای زانیارییە لە هەموو بوارەکاندا و ئەڵبەتە ئەمەش دەزانین کە ئەگەر زۆربەی هەرە زۆری ئەم زانیارییانە توێژاڵی و نادروست و ناڕاست نەبن، بێگومان بەشێکی گەورە و بەرچاویان نادروستن. هەر بۆیە ئێمە کە زیاتر لە هەر سەردەمێکی دیکە ئامانجی تەوژمی ئەم زانیارییە نادروستانەین، بەهۆی ئەم زانیارییانەوە زۆر زیاتر لە پێشوو لە ناڕێکییەوە نزیکین و مەترسی ناڕێکبوون هەمیشە لەسەر سەرمانە. هیچ گومانێکیش نییە کە لەم سەردەمەدا کە سەردەمی تەوژمی زانیارییەکانە، زۆر ئەستەمە لە بواری زانیارییە مرۆیییەکاندا بتوانین زانایی ویژدانی، واتە زانینی ڕاستی و دروستییەکان جیا بکەینەوە لە واتا کلاسیک و باوەکەی خۆی کە بریتییە لە زانینی پەتی و خۆسەر لە دروستی و نادروستی زانستەکان. بەڵام لانیکەم دەتوانین و دەبێ جۆرێکی دیکە لە زانایی پێناسە بکەین کە بە پلەی یەکەم تەنیا گرێدراوی زانیاری بەنرخ و ڕاستەقینە، واتە زانیاری ڕاست و دروست بێ.

**مرۆڤ "فێم" نەکە، عەقل قیم ناکە**

**/ پەندی کوردی**

## عەقڵ و ئاگایی

هەرچەند لەوانەیە دوبارەکردنەوەش بێ، بەڵام با لە دووتوێی چەند میناکێک لەنێو کۆمەڵگەی خۆماندا ئەو پۆلینەی کە لەسەر زانیاری و زانایی کردمان جارێکی تر وەبیر بێنینەوە بەشکەم باشتر بتوانین وێنایەکی بەردەستتر لەو دۆخە نارێکەی کە پەیوەندیدار بە زانیاری دەکرێ بێتە ئاراوە بکێشین. وەک لە بەشی پێشووشدا بە نموونە ئاماژەی پێکرا ئێمە بە ئاسانی دەتوانین لەنێو کۆمەڵگای خۆماندا کەسانێ بدۆزینەوە کە لە ئاستی دوکتۆرا و باڵاتریشدا دیرۆکناسی دەخوێنن و لە بوارەکەی خۆیاندا گەلێ زانیارییان پێیە و بە مانای باو و کلاسیک بەڕاستی زانان، کەچی تەنیا ئەوەیان پێ دەکرێ مێژووی درۆکانی و چەواشەی ٢٥٠٠ ساڵەی ئێرانی، واتە زانیاری چەواشە و نادروست کاوێژ بکەنەوە!. هەروەها کەسانێکیش هەن کە وێڕای ئەمەی لە ئاستی دوکتۆرا و

باڵاتریشدا گەلێ زانیاری ڕاست و دروستیان لە بواری دەروونناسی، جڤاکناسی و زمانزانیدا پێیە، کەچی منداڵەکانی خۆیان لە زمان و فەرهەنگ و نەریتی جڤاکی دایک بێبەش دەکەن و لە فەرهەنگی جڤاکی سەردەستدا دەیانتوێننەوە. ئەمانە کەسانێکن کە ڕاستە بە ڕواڵەت هەڵگری زانستی ڕاستن، بەڵام تەنیا بە ڕووکەش ئەم زانستەیان وەرگرتووە و هبچ لە ناخی زانیارییەکانی خۆیان تێنەگەیشتوون و کرۆکیان فامیان نەکردووە. وەک لە بەشی پێشوودا ئاماژەی پێدرا دەستەی یەکەم ئەو زانایانەن کە بەهۆی زانیاری ناڕاستەوە دەبن بە بوونەوەرێکی بەدگۆڕاوی هەڵگر و ژێدەری نارێکی، بەڵام بەشێکی گەورەی ئەم نارێکییە ئەنجامی چۆنێتی خودی زانیارییەکانە تا ئەوەی بەرهەمی نارێکبوونی خۆیان بێ. هەرچی دەستەی دووەمیشە ئەگەرچی دیسان هەڵگری جۆرێک لە نارێکین، بەڵام ئەم نارێکییە پێچەوانەی ئەوەی پێشوو ڕاستەوخۆ گرێدراوی چۆنێتی زانیارییەکان نییە، بەڵکوو پەیوەستە بە چۆنێتی تێگەیشتنی ئەمان لەو زانستانە. بە گوتنێکی تر لێرەدا ئەوەی کە هەیە بریتییە لە زانیارییەکی دروست و تەواو، بەڵام لەپاڵیدا ناتەواوییەکی گەورەتر و کوشندەتر هەیە کە پەیوەندی بە عەقڵ و بیری

کەسی زانا یان زانیارەوە هەیە و ئەویش نەبوونی "ئاگایی"یە لەو زانیارییە ڕاستانەی کە پێیەتی.

"ئاگایی" کە باڵاترین ئاستە لە پۆلینکردنی "زانابوون"دا بەم مانایە دێت کە کەسی زانا جگە لەوەی کە هەڵگری زانیاری ڕاست و دروستە هاوکات لە دروستبوونی زانستەکەی خۆی ئاگادارە. کە واتە ئاگایی هاوکات هەم گرێدراوی چۆنێتی زانیارییە و هەمیش گرێدراوی چەندێتی ئاگادربوونە لە ناخی زانیارییەکان. پێشتر گوتمان "زانایی" لە مانا گشتییەکەیدا تەنیا هەڵگری یەک ڕەهەندە کە بریتییە لە زانینی پەتی خۆسەر لە نرخ و بەهای زانیاری. بەڵام بە پێچەوانەوە "ئاگایی" تایبەتمەندییەکی فرەڕەهەندە. ئاگایی لە زمانی کوردیدا واتە وریایی، هۆشیاربوون، بێداری، ئەندێشەکردن، خەوەرداربوون، فامکردن و تەنانەت مانای پاراستنیش دەدات. کاتێ بە کەسێک دەڵێین "ئاگادارم بکەوە"، مانای ئەمەیە کە لە ناخی زانیارییەکان تێمگەیێنە. یان کە دەڵێین "ئاگامان لێیە"، مەبەستمان ئەمەیە وریای گشت ڕەهەندەکانین و خەوەرمان لە هەموو لایەک هەیە. کە واتە ئەگەر زانایی تەنیا بریتی بێ لە زانستی پەتی جودا لە گرنگبوونی بەهای ئەو زانیارییانەی کە دەیانزانین لە ڕووی

دروستی و نادروستییەوە، ئاگایی پێش هەموو شتێک دۆخی هۆشیارییە لە فامکردن و جیاکردنەوەی دروستی و نادروستی لە یەکتری. بە واتایەکی تر ئاگایی بریتییە لە هۆشیاری عەقڵ لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ڕەهەندە جیاجیاکانی زانیارییەکان و پەیبردن بە دروستی یان نادروستی ئەوانە.

وەک لە بەشەکانی پێشووتردا ئاماژەی پێدرا ڕامان و ڕاوەستەکانی مرۆڤ ئەنجامی دەسەڵات و بەرهەمی کارکردی عەقڵ نییە بە ڕەهایی، بەڵکوو بەشێکی گەورە لە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ بەهۆی ئەو زانستانەیە کە عەقڵ پێی بارگاوی و تەیار دەکرێت. بە واتایەکی تر  عەقڵ یان بیر بوونەوەرێک نییە کە خۆسەر لە زانیاری و هەر لە خۆیەوە مرۆڤ ئاراستە بکات، بەڵکوو تا ڕادەیەکی زۆر وابەستە و گرێدراوی زانیارییەکانی خاوەنەکەیەتی و زۆر جاران ئەمە زانیارییە کە ئاراستەی عەقڵ دەکات. بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە لە ڕەوتی هەموو تێهزرین و بیرکردنەوەیەکدا ئەمە عەقڵە کە لێکدانەوەی زانیارییەکانی خۆی دەکات و لە چۆنێتی شرۆڤەکردن و شیکردنەوەیاندا بڕیاردەی کۆتاییە. کە واتە عەقڵ و زانیاری لە پەیوەندییەکی تۆکمەی دوولایەنەدان کە تێیدا لەلایەکەوە زانیاری لەسەر

بیرکردنەوەی عەقڵ باندۆر دەکا و لەلایەکی ترەوە عەقڵ دەسەڵاتی بەسەر زانیارییەکانی خۆیەوە هەیە. هەم زانیاری دەتوانێ ئاراستەی عەقڵ بگۆڕێ و هەم عەقڵ دەتوانێ زانیاری بەکار بێنێ. ئەگەر لە کاتی ئەم بەکارهێنانەدا عەقڵ بە تێڕامان و لێکدانەوە بکەوێتە شیکردنەوە و شرۆڤەی زانیارییەکانی خۆی و لە ناخیان بکۆڵێتەوە، ئەوە پێی ناوەتە قۆناخی "ئاگایی"یەوە.

بە مانایەک لە ماناکان ئاگایی بەرهەمی لێکدانەوە، شرۆڤە و شیکاری زانیارییەکانە لە ڕووی لۆژیکییەوە، بە هەموو ئەو مانایانەی کە لۆژیک یان ژیربێژی وەک پێوەری عەقڵانییەت هەڵگرییەتی. کە واتە لۆژیک پێوەری هەرە گرنگی ئاگاییە کە بەشەکانی داهاتووی ئەم نڤیسارە زیاتر دەپەرژێتە سەر ئەم پێوەرە گرنگە. ئاگایی وەک توانای جیاکردنەوەی ڕاست و ناڕاست لە یەکتر و دروست و نادروست لە یەکدی هاوکات توانای ژیانکردنیشە بەگوێرەی ڕاست و دروستەکان، یان بە مانایەکی تر هەڵسوکەوتێکی بەرپرسانە و ویژدانییە سەبارەت بە ڕاستی و دروستییەکان. بە گوتنێکی دی کەسی زانا بۆ گەیشتن بە پلەی ئاگایی پێویستە لەپێشدا زانای دروستییەکان بێ. ڕێک بە پێچەوانەی خوێندکارەکانی مێژوو

لە میناکەکەی سەرەوە باسیان لێوە کرا. دوای ئەوەش پێچەوانەی دەروونناس و جڤاکناسەکانی هەمان میناک ئاگاداری دروستی زانستەکانی خۆی بێ و بە هەمان دروستی بەکاریان بێنێ. لە هەر بوارێکدا ئەگەر زانیاری ناڕاست و هەڵە وا لە مرۆڤی زانا بکا کە ببێتە کەسێکی بەدگۆڕاوی نارێک، بێگومان زانیاری ڕاست کەسی زانا دەگۆڕێ بۆ کەسێک کە ئامادەیی ئەوەی تێدایە لە ئەگەری تێگەیشتن لە زانستەکانی ببێ بە مرۆڤێکی باڵا لەو بوارەدا. کە واتە مرۆڤ زیاتر لەوەی پێویستی بە زانیاری هەبێ، پێویستی بە ئاگایی هەیە بە مانای زانستی دروست و ئاگاداری و هۆشیاری لەو زانستە دروستە. لەم ڕوویەوە ئاگایی دۆخی هەستکردن بە دروستی و نادروستی و هەروەها دۆخی ژیانکردنی هۆشمەندانەی دروستییەکانە. لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ زانیارییەکانی خۆی ژیان دەکات کەسی ئاگاش ناچارە بە ژیانکردنی ئەو ڕاستییانەی کە بە قووڵی لە ناخیان تێگەیشتووە و هەر بۆیە یەکێ لە دیوە هەرە گرنگەکانی ئاگایی بریتییە لە بەرپرسیارەتی کە بە مانایەک لە ماناکان بریتییە لە دروست بەکارهێنانی زانستە دروستەکان. گوتە و ڕستەکانی وەک "ئاگات لە فڵان ... بێ"، "ئاگاداری فڵان ... بە"،

"بە ئاگاداری فڵان ..."، ئاگادارییەک بۆ فڵان ..." و گوزارە و ڕستەکانی هاوشێوەی ئەمانە تا ڕادەیەکی باش دەرخەری جۆرێک لە پەیوەندی گەوهەرین لەنێوان ئاگایی و بەرپرسیارەتیدا. لێرەدایە کە ئاگایی ڕاستەوخۆ بە ئەخلاق و ویژدانەوە گرێ دەخواتەوە. لەڕاستیدا زانینی زانیاری دروست بەبێ هەستکردن بە بەرپرسیارەتی و بەبێ ویژدانی ژیانکردنی دروستییەکان تەنیا نیوەی ئاگاییە. ئەگەر زانیاری نادروست ژێدەری نارێکی بێ، زانیاری دروستیش بەبێ ئەرکدارکردنی خاوەنەکەی تەنیا نیوەی ئاگاییە و مرۆڤی زانا لەم دۆخەدا هیچ نییە جگە لە کەسێکی "نیوەئاگا" کە لە باشترین دۆخی خۆیدا مرۆڤێکی ناچالاک و پاسیڤە و لە خراپترین دۆخیشدا دەبێتە خزمەتکاری ناڕاستییەکان. ڕێکاوڕێک وەکوو ئەم هەموو زانا گەورانەی کە بە پلەی یەکەم لە هێمای دەوڵەتەکاندا خزمەتکاری هەموو جۆرە نارێکییەکن. جگە لەمەیە کە هەموو دەسەڵاتە داپڵۆسێنەرەکان بە ڕاوێژی زانایانی نیوەئاگای کۆمەڵناسی کۆمەڵگا دەچەوسێننەوە، جگە لەمەیە کە گەورەترین ستەمکارییەکانی دەوڵەتان لەسەر دەستی زانایانی نیوەئاگای بواری سیاسەت دێنە ئاراوە، جگە لەمەیە کە

**ستەمکارترین و هەروەها داکەوتووترین سیستەمەکانی ئابۆری جیهان لەسەر بەرنامەی زانا نیوەئاگاکانی ئابۆریناسی بەڕێوە دەبرێن؟!... و هتد.**

**کە واتە ئاگایی زانینێکی هۆشیارانەیە کە جگە لە پەیوەستبوون بە ڕاستییەکانەوە بە توندی گرێدراوی ویژدانیشە. بۆیە دەڵێم گرێدراوی ویژدانە چۆنکە مرۆڤی ئاگا بەگوێرەی ئەو ڕاستییانەی کە لە ناخیان تێگەیشتووە دەجووڵێتەوە و هەر بۆیە کەسێکی پابەندە بە پرەنسیپەکانی خۆی کە هەمان ئاگاییە. بۆ وێنە من زۆر کەسانم بینیوە کە بە ڕواڵەت دەزانن بڕینی دار کارێکی خراپ و زیانبەخشە، کەچی کاتێ دەچنە سەیران بە ئاسانی دەتوانن قەڵاچۆی درەختێ بکەن بۆ دروستکردنی ئاگر. بەڵام ئەوەی لەم بوارەدا گەیشتووەتە ئاستی ئاگایی قەت کارێکی وەهای لێ ناوەشێتەوە. لەبەر ئەمە دەتوانین بڵێین فام و ئاگایی لووتکەی عەقڵە و بەبێ هۆشیاربوون و بەئاگاهاتن عەقڵ بوونەوەرێکی ناتەواوە و پێشینان بە دروستی پێکاویانە کە "مرۆڤ فێم نەکە، عەقل قیم ناکە".**

وەک کەمێ پێشتر بە میناکی گشتی باسی لێوە کرا مخابن جیهانی ئەمڕۆی ئێمە بە هەمان ڕێژە کە تژییە لە زۆرینەیەکی گەورە لەو زانایانەی کە بە هەڵگرتنی زانیاری ناڕاست و نادروست چاوگی ناڕێکین، لێوانلێویشە لەو زانا "نێوەئاگا"یانەی کە سەرباری زانینی بەشێکی بەرچاو لە ڕاستییەکان، کەچی بەگوێرەی ئاگاییەکانی خۆیان ناژین و بگرە بە پێچەوانەوە ژیانێکی خزمەتکارانە لە خزمەت ناڕێکدا دەژین... . لە کۆتایی ئەم بەشەدا با بە هەندێ میناکی خۆماڵی و بەردەستتر وێنایەکی کورتکراوە لەم دۆخی "نیوەئاگایی"یە بکێشین کە دڵنیام بۆ خوێنەریش وێنایەکی ئاشنایە. لەنێو جڤاکی کوردیدا کەم نین ئەو مامۆستایانەی بە تێنەگیشتن لە "چەمکی فەرمییەتی زمان" لە خوێندنگەکانی دەوڵەتانی داگیرکەردا ڕێک وەکوو ماشینێکی خۆماڵی ژینۆسایدی فەرهەنگی دەجووڵێنەوە و منداڵانی کورد لە فەرهەنگی سەردەستدا دەتوێننەوە. کەم نین ئەو فەرمانبەر و دۆزگەرانەی بە فامنەکردن لە چەمکی "یاسا" هەر وەک داردەستی دەوڵەتانی سەردەست دژی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن و بۆ وێنە سزای گران بەسەر شۆڕشگێڕانی کورددا دەسەپێنن. گەلێکن

ئەو بەناو ڕۆشنبیرانەی کە بە قسە و لێدوان تا سەر ئێسقان چەپ و فێمنیستن و کەچی بە شەرعی ئیسلام سێ ژنیان خواستووە. کەم نەبوونە ئەو سیاسەتمەدارانەی بە ناحاڵیبوون لە "سیاسەت هونەری دانووستانە" لە دانووستانەکاندا خۆیان ڕادەستی دژمنان کردووە. کەم نین ئەو بەهرەمەندانەی لەسەر نەفامکردنی "هونەر سنووری نییە" هەتاکوو ئێستاشی لەگەڵ بێ سامانی هونەری و ئەدەبی کورد ڕادەست و پێشکەشی گەلانی دیکە دەکەن. کەم نین ئەو مامۆستا ئایینییانەی بە نەڕەسینەوە لە چەمکی "ئوممەت" ڕەوایەتی بە داگیرکاری سەر کوردستان دەدەن و... هتد. ئەمانە ئەو مرۆڤە نیوەئاگایانەن کە دەزانن خوێندن باشە، بەڵام بێئاگان لەمەی کە کامە و چۆنە خوێندنێ. دەزانن هونەر بێسنوورە، بەڵام بێئاگان لەمەی کە هونەر هاوکات شووناسیشە. خوێندوویانە سیاسەت هونەرە، بەڵام بێئاگان لەوەی سیاسەت بە دەستی پڕەوە دەکرێ. خوێندوویانە وڵات بە یاسا دەبرێ بەڕێوە، بەڵام بیریان لەمە نەکردووەتەوە کە یاسای ستەمکار دەتوانێ لە نایاسایی خراپتر بکا. فێر کراون کە پەروەردە باشە، بەڵام ئاگادار نەکراون کە پەروەردەش دەتوانێ قڕکەری فەرهەنگ بێ. لە

هونەردا بلیمەتن، بەڵام بێئاگان لەمەی کە هونەر تەنیا بۆ هونەر نییە و... هتد. ئەم دۆخی "نیوەئاگایی"یە یان بە گوتنێکی تر ئەم "زانینی بەبێ ئاگاداری"یە یەکێکە لەو دۆخە هەرە نارێکانەی کە جڤاکی کوردی زیاتر لە هەر جڤاکێکی دیکە بە شێوازێکی تایبەت ئاشنایەتی و لەگەڵیدا دەژی و هەر بۆیە بە پێویستی نازانم نموونەی تایبەتی زیاتری لێ بێنمەوە، بەڵام پێویستە ئاماژە بەمە بدەم کە ئەم دۆخە زۆر بەرینتر و گشتگیرترە. بارودۆخی گشتی ڕۆژهەڵاتی ناوین یەکێ لەو میناکە هەرە بەرجەستە و هەرە گەورانەیە کە دەتوانێ ئاوێنەیەکی باڵانوێنی دۆخی "نیوەئاگایی" مرۆڤ بێ. لانیکەم بە درێژایی سەدەی بیستەم و بەردەوام تا ئێستا ئاراستەی زۆرترین زانیارییەکان و بەتایبەتی زانستە مرۆییەکان هەمیشە لە ڕۆژاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات بووە. کەچی بە هەمان ڕێژە کە ئەو زانستانە لەوێ ڕێگەچارەی بەشێکی گەورەی پرسگرێکەکانی کۆمەڵگەن، لێرە نەتنیا ناتوانن گرفتەکان چارەسەر بکەن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە خۆیان سەرچاوەی بەشێکی گەورەی کێشەکانی جڤاتی ڕۆژهەڵاتین. لێرە زۆربەی خوێندەوارەکان و زانا نیوەئاگاکان خۆیان داردەست و هاوبەشی دەزگای ئایینن، داردەست و

**هاوکاری دەزگای دەوڵەتن، داردەست و هاوڕێی دەزگای دیکتاتۆرییەتن، داردەست و هاوئاراستەی نەریتی کۆنەپەرستی و پاشڤەڕۆیین و... هتد.**

**ناڤێ عەقل "گەلۆ"یە**

**/ پەندی کوردی**

**پرسیار دەرگەی ئاگایی**

**فەیلەسووف و بیرکاری ناوداری فرانسی ڕێنێ دێکارت دەڵێت "بۆ گەشەکردنی ئەندێشە پێویستە زیاتر لەوەی فێر دەبین بیر بکەینەوە". ئەم گوزارەیە لەم ڕاستییەوە هەڵدەقوڵێت کە فێربوون  ئەگەرچی مەرجی پێویستە بۆ ئاگایی، بەڵام مەرجێکی تەواو نییە بۆی. یان بە واتایەکی دیکە فێربوون و کۆکردنەوەی زانیاری تەنانەت ئەگەر دروستیش بێت، بە تەنیا ناتوانێ مسۆگەری ئاگایی بکات و بێگومان ئاگایی پێویستی بە بیرکردنەوەش هەیە. کە واتە ئاگایی تەنیا بە فێربوونی پەتی چێ نابێت و بۆ چێکردنی ئاگایی پێویستیمان بە بیرکردنەوە هەیە. ڕەنگە یەکێ لە مەبەستەکانی ڕستە بەناوبانگەکەی دێکارت کە دەڵێ "من بیر دەکەمەوە، کە واتە من هەم" ئەمە بێ کە هەبوونی ڕاستەقینەی مرۆڤ گرێدراوی بیرکردنەوەیەتی.**

بەڕاستی بیرکردنەوە چییە، با تۆزێ زیاتر ڕۆبچینە ناخی ئەم مەراقەوە. بیرکردنەوە لەڕاستیدا بریتییە لە لێکدانەوە، شیکردنەوە، بەرهەڤدان و بەراوردی زانیارییەکانی خود بە مەبەستی تێگەیشتن لە ناخی زانیارییەکان. بە واتایەکی دی بیرکردنەوە "ڕێس و خوری"کردنی مرۆڤە لەنێو زانستەکانی خۆیدا بۆ ئەوەی هەر خۆی ڕاستییەکانی تێدا بدۆزیتەوە. ئێمە ئەگەر ئەو زانیارییانەی کە پێمان دەگات کتومت و ڕێکاوڕێک وەک خۆیان قەبوول بکەین، ئەوە تەنیا خانەکانی مێشکی خۆمان بەو زانیارییانە پڕ کردووەتەوە و ئیتر هیچ شتێک نامێنێتەوە کە بە دوایدا گەڕابین و دۆزیبێتمانەوە. بەبێ بیرکردنەوە ئێمە بە شێوازێکی ئاسایی هەموو زانیارییەک وەک ڕاستییەکی ڕەها و نەگۆڕ وەردەگرین و لەباتی ئەوەی لەڕێی بەریەکخستنی زانیارییەکان لەنێو بیرماندا جیهانبینی خۆمان دروست بکەین، ئەوە زانیارییەکانن کە بە کەڵەکەبوون لە مێشکماندا دەیکەن بە سندووقێک تا خۆیانی تێدا بە پیرۆزی و نەگۆڕی جێگیر بکەن و ببنە ئیمان و باوەڕی نەگۆڕ. مخابن ئەمە ڕاستییەکی تاڵە کە زۆرێک لە ئێمە لە نەبوونی بیرکردنەوەدا و بەڵام لەژێر ناوی زانیاریدا بە شێوازێکی بەردەئاسا گیرۆدەی گەلێ باوەڕ

و ئیمانی پیرۆز و نەگۆڕین کە دواجار هەر ئەوانن دەمانکەن بە کۆیلە و دەستەمۆی خۆیان.

پەیڤناسی واژەی "بیرکردنەوە" لە زمانی کوردیدا دەریدەخات کە ئەم کردەیە جووڵەیەکی تاک ڕەهەند نییە و هاوکات چەندین دیو و لایەنی جیاوازی هەیە. بۆ وێنە دەستەواژە و ڕستەگەلی وەکوو "هاوبیر"، "بیرەوەری"، "بیرئانین"، "ویرخستن"، "بیرهێنانەوە"، "لەبیرچوون"، "لە بیرم ماوە"، "دێتەوە بیرم" و... هتد ئاماژە بە توانای بانگهێشتکردن و وەخوەندنی زانیارییەکان دەکەن لەلایەن عەقڵ و بیرەوە وەک کارکردێکی دەروونی مێشک. لەحاڵێکدا کە هەڤۆکی وەک "بیری لێ بکەرەوە" یان پەیڤەکانی وەکوو "بیرۆکە"، "بیردۆزی"، "بیرمەند"، "ڕۆشنبیر"، "ڕووناکبیر"، "بیرکاری" و... هتد ئاماژە بە لایەنێکی زۆر گرنگتری بیرکردنەوە دەکەن کە ئەویش ڕامان و ڕاوەستەی هێزی بیر و عەقڵە لەسەر زانیارییەکانی خۆی. بە گوتنێکی دیکە ئەرکی بیر یان عەقڵ تەنیا کۆمکردنی پەتی و هەڵگرتنی زانیارییەکان نییە لەنێو خۆیدا، بەڵکوو کاری بنەڕەتی و پیشەییتری ئەو بریتییە لە ڕۆچوون لەنێو زانیارییەکانی خۆیدا بە مەبەستی ڕۆشنکردنەوەی لایەنە جیاجیاکانیان. لە بیرکردنەوەدایە کە

مرۆڤ بەردەوام سەر دەکێشێتە سەر زانیارییەکان و لێیان قووڵ دەبێتەوە و ناخیان هەڵدەماڵێ بۆ دۆزینەوەی کرۆکی ڕاستەقینەی ئەوان. لە دۆخی بیرکردنەوەدا زانستەکان لەجیاتی تێرکردنی بیروهۆش بەردەوام ختێزەی دەدەن، مەراقی دەجووڵێنن و گومانی بۆ دروست دەکەن و پرسیاری بۆ گەڵاڵە دەکەن. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین بیرکردنەوە لەجیاتی کەڵەکەبوونی زانیاری بەسەر یەکتردا سەرهەڵدانی پرسیارەکانە بە شوێن یەکتریدا. هەر بۆیە دەشێ بێژین ساتەوەختی بیرکردنەوە هەمان ساتەوەختی سەرهەڵدان و گەڵاڵەبوونی پرسیارە. بە مانایەک لە ماناکان دەتوانین پرسیارکردن وەک گرنگترین بەشی بیرکردنەوە و گەوهەریترین جووڵەی مرۆڤ سەبارەت بە زانست و زانیاری پێناسە بکەین. پرسیارکردن ئەگەرچی وێدەچێ لە هەنگاوی یەکەمدا پرسکردن و دڵنیابوون بێ لە ڕاستی و دروستی زانیارییەکان، بەڵام لە هەنگاوەکانی دواتر و بە درێژایی پرۆسەی بیرکردنەوە زۆر زیاتر لەمە دەڕوا و بە ئاراستە و نیازی دۆزینەوە و دەستخستنی ئاگایی پرسیارکردنە لە پەیوەندی نێوان زانیارییەکان لە ڕووی ژیربێژی و لۆژیکییەوە. بە واتایەکی دیکە پرسیار بریتییە لە لێکۆڵینەوە و گومانکردن

له دیوه جیاوازەکانی زانیاری و چاودێری و مەراق خستنه سەر گۆشه شاراوه و نەبینراوەکانی و دواجار گەڕان به شوێن کلیلی دەرگا داخراوەکانیدا به درێژایی جووڵەی بیرکردنەوه. لەسەر ئەم بنەمایه دەتوانین بێژین ڕێگای گەیشتن به ئاگایی به تەواوەتی به جیهانی پرسیارەکاندا تێپەڕ دەبێ و مرۆڤ بەبێ پرسیارکردن ئەوپەڕی بتوانێ بگاته زانایی، بەڵام قەت ناتوانێ بگاته ئاستی ئاگایی.

لەم ڕێگایەدا پرسیار دوو تایبەتمەندی گەوره و گرنگ به مرۆڤ دەبەخشێ. یەکەم، وا له مرۆڤ دەکا دژی هەموو جۆره پیرۆزکردنێکی بێ بنەمای لۆژیکی و ویژدانی بوەستێتەوه و چی زانیاری پێدەگات بیخاته بەر مەراق و گومان و لێی ورد بێتەوه تا بزانێ چەنده ڕاسته و چەنده ناڕاست. به مانایەکی تر پرسیار کردەیەکه بۆ بەزاندنی سنووره پیرۆزەکان. دووەم، مرۆڤی خاوەن پرسیار به هیچ شتێک تێر نابێ جگه له ویژدان و لۆژیک. یان به گوتنێکی دی مرۆڤی پرسیارکەر تەنیا به پێوانەی لۆژیک و ویژدان دەڕوانێته جیهان و هەر له ڕێگای ئەم دو پیوەرەوه جیهانبینی ئاگایانەی خۆی دروست دەکات. هەر کاتێ مرۆڤ له پرسکردن وەستایەوه و ڕێگەی پرسیاری له خۆی داخست، ئیتر به ئاسانی دەکرێ هەموو زانیارییەکی

ناڕاست و نادروستی لە مێشکدا بئاخنرێ و بکرێتە دەستەمۆی هەندی زانیاری ڕووت و پەتی. لە دۆخێکی وەهادا فێربوون چیتر دەلاقەیەک نییە بەرەو ڕۆشنایی و گەشەی هزر، بەڵکوو دەرگایەکە بەرەو زنجیرکردنی مێشک لە بەستەڵەکی هەندێ زانیاری نەگۆڕ و پیرۆزدا. لەم ڕووەیەوە پرسیار یەکێکە لە پێداویستییە هەرە بنیادنەرەکانی تاک و کۆمەڵگایەکی کراوە و تەندروست. هەر بۆیە دەکرێ کۆمەڵگا لە بوارەکانی دیکەدا ڕاوەستێ یان وچان بدا، بەڵام ناشێ قەت لە پرسیارکردن بوەستێتەوە. لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژەش بەم خاڵە گرنگە بدرێ کە کاتی باس لە پرسیار دەکرێ، مەبەست تەنیا کردەی پرسیارکردنی پەتی نییە، بەڵکوو هەموو شێواز و ڕواڵەتەکانی دیکەی پرسیارکردن وەکوو دروستکردنی گومان، دۆزینەوەی دژوازییەکان، لێکدانەوەی لایەنە جیاوازەکان، تاوتوێکردنی ئەگەرەکان، هەڵدانەوەی دیوە شاراوەکان و بەگشتی هەموو شێوازێکی شرۆڤە و ڕەخنەش دەگرێتەوە.

**ئەوەی "دڵ"ی داگیر کرابێ، ڕێگەی "مێشک"ی داخراوە**

**/ فرێدریش ئەنگڵس(؟)**

## باوەڕ دژمنی پرسیار

**ساتەوەختی دروستبوونی باوەڕ یان ئیمان ئەو چرکەساتەیە کە زانیاری لە دەرەوەی لۆژیک و بەبێ بەڵگە و تاقیکردنەوە وەک ڕاستییەکی ڕەها لە مێشکی مرۆڤدا جێی خۆی دەکاتەوە و دەگاتە ئاستی نەگۆڕی و پیرۆزی. ئەگەر تاکوو پێش ئەم چرکەساتە ئەمە بیر و عەقڵ بێ کە لەگەڵ زانیاریدا گەمە دەکات، لێرە بە دواوە یاری دەکەوێتە دەست زانیارییە پیرۆزەکان و باوەڕ دەبێ بە بازیکەری سەرەکی لە گۆڕەپانی مێشکدا و ئەمە ئەوە کە بیروهۆشی مرۆڤ دەکا بە لیستۆکی خۆی و یاری پێدەکات. یاسا و ڕێسای یارییەکەش ڕوون و ئاشکرایە. ئیمان یان باوەڕ لە لایەکەوە بە هیچ شێوازێ هێڵان و ڕێگە نادات کە هیچ زانیارییەکی دیکە لاقەی بکەن، کەچی لە لایەکی ترەوە هەر خۆشی نکوڵی لە هەموو جۆرە زانیارییەکی ناکۆک و یاخی لە خۆی دەکا و ڕێگا لە گشت**

زانستێکی دەرەوەی خۆی دەگرێ. بە واتایەکی دیکە باوەڕ سەرەتا جێی خۆی لە عەقڵی مرۆڤدا دەکاتەوە و مێخی خۆی تێدا دادەکوتێ، دواتر بە ئەوەشەوە ناوەستێ و دەرگای بیر و عەقڵ لە زانیارییەکانی دیکەش دادەخات. لە بەرانبەردا پرسیار بە هەمان شێوە کە بەربەستە بۆ دروستبوونی ئیمان و باوەڕی نوێ، بەردەوام بەرانبەر بە باوەڕە کۆنەکانیش دەوەستێتەوە. بە واتایەکی تر باوەڕ جۆرێکە لە دیکتاتۆرییەتی زانیارییەکان لە جیهانی عەقڵدا و پرسیاریش ئەو هێزەیە کە بەبڕیارە ڕێگری لەم دیکتاتۆرییەتە بکا. هەر بۆیە باوەڕ دژمنی سەرەکی و هەرە گەورەی پرسیارکردنە.

باوەڕ ئەم دژایەتییە بە میکانیزم و ئامرازی جۆراوجۆر بەڕێوە دەبا. یەکێ لە ئامرازە هەرە کاریگەرەکانی باوەڕ بەرانبەر بە پرسیار بریتییە لە ترس. باوەڕ جگە لەو ئاخڵە پیرۆزەی کە بە دەوری خۆیدا دەیکێشێ، هاوکات ترسێکیش بە دەوروبەری خۆیدا بڵاو دەکاتەوە تا هیچ پرسیارێ نەوێرێ دەستی بۆ بەرێ و لاقەی بکات. ئەم ترسە چۆن کار دەکا، با بە میناکێکی ڕاسکانی وێنای بکەم. دۆستێک کە لە بنەماڵەیەکی ئایینیدا گەورە بووە بەڵام خۆی باوەڕی بە نەریت و هێما ئایینییەکان نییە جارێ باسی زیارەتکردنی

خۆی دەکرد بۆ وەیس کە زیارەتگایەکی پیرۆزە لەسەر بەرزایی کێوێکی نزیک شاری کرماشان. ئەو دەیگوت من کە ئۆتۆمبیلەکەم دەئاژۆت لە سەرکەوتن و دابەزینی تەواوی ڕێگای بەرز و لێژی ئەم زیارەتگایەدا وێڕای ئەمەی کە ئەم مەراقە بەردەوام ختێزەی مێشکی دەدام کە لەم هەموو دەشتاییيە پان و بەرینە ئەم زاتە بۆچی هاتووە و لەسەر ئەم بەرزاییيە گیرساوەتەوە؟!. ئەو دەیگوت بەڵام لە ترسی ئەمەی کە نەکا وەیس ئۆتۆمبیلەکەمان وەرگەڕێنێ و هەموومان لەو بەرزاییەوە بخاتە خوارەوە و بمانکوژێ، تا وەختێ نەکەوتینە سەر ڕێگا ڕاستەکە و لە وەیس دوور نەکەوتینەوە قەت نەموێرا پرسیارەکەی خۆم بێنمە سەر زمان... .

ئەمە ئەو میکانیزمە مەزن و کاریگەرەیە کە باوەڕ لە ڕێگایەوە زنجیری عەقڵی مرۆڤ دەکا و دەیکا بە کۆیلە و دیلی خۆی. ئەم ترسە لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ و بەتایبەتی ژیانی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتیدا بە تۆخی ڕەنگی داوەتەوە. بۆ وێنە ئەمە هێزی باوک نییە کە ناهێڵێ لێی بپرسینەوە، بەڵکوو ئەو باوەڕەیە کە دەبێ بە قسەی گەورە بکەین و ڕێزی بگرین. ئەمە خودی ئایین نییە کە ناهێڵێ

ڕەخنەی لێ بگرین، بەڵکوو ئەو باوەڕەیە کە ئایین وەک قسەی خودا ڕاستییەکی ڕەهایە و دەبێ بیپەژرێنین. ئەوەی ناهێڵێ نەزری هاوسێکەمان بخۆین ئەمە نییە کە تێر بین یان خواردنەکە پیس بێ، بەڵکوو ئەو باوەڕەیە کە ئەو نەزرە حەرامە و نابێ بیخۆین. ئەمە دیکتاتۆر نییە کە ناهێڵێ خۆپیشاندان بکەین، بەڵکوو ئەو باوەڕەیە کە ئەگەر بچینە خۆپیشاندان ئەو دەمانکوژێ. ئەمە بیردۆزییەکانی ڕۆشنبیر نییە کە ناهێڵێ ڕەخنە لە کتێبەکانی بگرین، بەڵکوو ئەم باوەڕەیە کە ئەو بلیمەتێکی گەورەیە و ئێمەش خوێنەرێکی ئاسایی و بچووکین لە ئاستی ئەودا... و هتد. ئەم ترسە سەبارەت بە زانیارییە یەکەمینەکان و بەتایبەت ئەوانەی کە لە منداڵییەوە دەخرێنە نێو مێشکمانەوە بە ڕێژەیەکی تۆخ هەرمان و مایندەن و هەر بۆیە کورد دەڵێ "زانینا بچووکی، کۆلینا ل بەڕییە". نموونەکانی وەک ئەو میناکەی کەمێ پێشتر گێڕامەوە ئاماژەیەکی بەهێزیان تێدایە کە ئەم هەرمانە هێندە بەهێزە کە تەنانەت کاتێ مرۆڤ لێیان تێدەپەڕێ و بە ڕواڵەت باوەڕی پێیان نامێنێ، دیسان وەکوو بڵخێکی سفتوسۆڵ لە قووڵایی هزری کەسەکاندا دەمێننەوە و ڕەنگە هیچکات بە تەواوەتی لە باندۆر نەکەون.

باوەڕ لە دەرەوەی ترسیش دەتوانێ بە شێوازی جۆراوجۆری دیکە عەقڵ ببەستێتەوە. ئەو ئەگەر نەتوانێ ڕێگە لە بەردەم پرسیارکردن بگرێ، بە هەندی زانیاری لە جۆری خۆی بەرسڤی پرسیارەکان دەداتەوە و لەسەر گەوجاندنی عەقڵ کار دەکا. مێشکی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لێوانلێوە لەم بەرسڤانەی کە لەسەر گەمژاندنی عەقڵ ئیش دەکەن. ئێمەی کورد هەم لەنێو خۆماندا و هەم لەنێو گەلانی دەور و دراوسێدا بە باشی ئاشنای هەزاران هەزار پاساوی گەوجانەی دیکەین کە ڕۆژانە لەپێناو باوەڕەکاندا لەم دەڤەرە کاوێژ دەکرێنەوە. بۆ وێنە قورئان وەڵامی هەموو شتێکی تێدایە، بەڵام ئەوە ئێمەین کە ناتوانین بیدۆزیتەوە. ئەم وڵاتەی ئێمە نابێ لەت بکرێ، چۆنکە ئێمە هەزاران ساڵە هەر ئەم سنوورە دەژین. ئێمە نابێ مافی خوێندنی زمانی دایک بە گەلانی تر بدەین، لەبەر ئەوەی یەکڕیزی نیشتمانی ئێمە تێکدەدا. ژن دەبێ سەرپۆش بپۆشێ، چۆنکە سەروقژی ژن بزوێنەرە و دڵێ پیاوان دەخاتە کەڵکەڵەوە و... هتد. وەک لە بەشەکانی داهاتوودا باسی دەکەم ئەم ڕەوتە لە خۆ گەمژاندن لەسەر مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناوینی هێندە تۆخە کە ئەم دەڤەرە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا زیاتر لەوەی

وەهمستانێکی گەورەی ژیری و عاقڵبوون بێ، هاوکات سەرزەمینێکی چۆڵەوانیشە لە ژیربێژی و لۆژیک. بەڵام ئەم نموونە کورتانەم لێرەدا بۆیە هێنایەوە تا ئەم ڕاستییە بەرجەستە بکەمەوە کە نابێ لەبیرمان بچێ باوەڕ پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ویژدانیشدا هەیە. لە بەشەکانی پێشوتردا ئاماژەی پێکرا کە ئاگایی لەگەڵ خۆیدا بەرپرسیارەتییەکی ویژدانی بەرهەم دێنێ کە ئەنجامی ڕاستەوخۆی لێکدانەوەی عەقڵە و زۆر نزیکە لە ئازادییەوە. لەحاڵێکدا ڕۆحی ئەو ئەرکدارکردنەی کە باوەڕ دروستی دەکا لە ناچارییەوە نزیکترە تا ئازادی. هەر ئەمەیە کە بۆ وێنە بەدەگمەن ڕوودەدا کۆمەڵناسێک لەنێو کۆمەڵێ خەڵکدا بەبێ ئەوەی لێی بخوازن دەست بکا بە ئامۆژگاری، بەڵام بە پێچەوانەوە بەدەگمەنیش پێشدێ مامۆستایەکی ئایینی لە شوێنێ دابنیشێ و دەم بە ئامۆژگاری خەڵک نەکاتەوە. ئەگەر لە سۆنگەیەکی ترەوە لێی بڕوانین لەحاڵێکدا کە ئاگایی دەیەوێ گرێکوێرەکان بکاتەوە، باوەڕ لەسەر دروستکردنی گرێ عەقڵانییەکان و تەنانەت گرێ دەروونییەکانیش کار دەکات. خودی پەیڤی "عەقیدە" کە لە عەرەبیدا بە واتای باوەڕ دێت و لە ڕیشەی "عەقد"ەوە دێت بە مانای بەستن،

به دروستی گوزارەیە لەم کارکردەی باوەڕ یان عەقیدە لە بەستنەوەی عەقڵ و دروستکردنی گرێکوێرەکان لە بەردەمیدا. وەک گوتم زۆر جار ئەم گرێیانە تەنانەت دەبنە گرێ و نەخۆشی دەروونیش. با نموونەیەک بێنمەوە کە خۆم بینیومە. دۆستێک جارێ باسی دەکرد کە من سەرەڕای ئەمەی کە ئەمڕۆ هیچ کێشەیەکی عەقڵانیم نییە لەگەڵ خواردن یان نەخواردنی "نەواڵە"[١]دا نییە، بەڵام باوەڕی ئەمەی کە نابێ کەسی موسڵمان لێی بخوا ئەوەندە لە ناخمدا دەروونی بووەتەوە کە هێشتا دڵم ناچێتە سەر ئەم خواردنە و ناتوانم لێی بخۆم. ئەم دۆستە بە دروستی دەیگوت کە ئێمەمانان دوای ئاگابوون لە ڕاستییەکان و ڕزگاربوون لە باوەڕە نەگۆڕەکانی خۆمان تەنانەت پێویستمان بە چارەسەری دەروونیش هەیە بۆ دەرمانکردنی ئەو نەخۆشی و نارێکییانەی کە ئەم باوەڕانە بە ساڵان لە دەروونی ئێمەدا چاندوویانە!... . بێگومان ناشێ ئەم میناکە و نموونەکەی سەرەوەش بەرەو

---

[١] نەواڵە جۆرە خواردنێکی کوردەوارییە کە یارسانەکان بەتایبەتی لە ڕۆژی جەژنی "خاوەنکار"دا دروستی دەکەن. مخابن زۆرێک لە موسڵمانەکان بە هۆکار و بیانووی جیاوازی ئایینی وەک خۆیان دەڵێن بە حەڵاڵی نازانن و لێی ناخۆن.

ئەو ئاراستەیە بمانبەن کە پێمان وابێ نارێکییەکانی باوەڕ تەنیا لە بواری ئایینیدا دێنە ئاراوە. چۆنکە پێچەوانەی تێڕوانینی باو کەمترین سەرنج لە هەر بوارێکی دیکەی ژیانیدا بە ئاسانی دەتوانێ نارێکییەکانی دەستکردی باوەڕ لەو بوارەدا بدۆزێتەوە. بە هەرحاڵ بۆ بەرهەمهێنان یان بەدەستهێنانی زانیاری دروست و بۆ گەیشتن بە ئاگایی یان لانیکەم بۆ خۆپاراستن لە نارێکییەکانی ئەو باوەڕانەی کە دەتوانن لە ڕواڵەتی زانستدا مێشک و هۆشمان داگیر بکەن ئەوەی دواجار گرنگە ئەمەیە کە نابێ پرسیار تەنانەت بە خودی خۆشییەوە، لە هیچ جۆرە زانیارییەک داببڕێ و یان بەرانبەر بە هیچ زانیارییەک بێدەنگ بکرێ. چەندە هەبوونی ناڕاستی و نادروستی دیاردەیەکی نارێک و گرفتێکی گەورەیە لە جیهانی زانیاریدا، زۆر زیاتر لەوە نەبوونی پرسیاریش دەتوانێ کۆسپ و نارێکییەکی گەورە بێ لەم جیهانەدا. چۆنکە بە هەمان شێوە کە لە هەبوونی پرسیاردا هەمیشە ئومێدی ئەوە هەیە زانیارییە ناڕاستەکان لەقاو بدرێن و بەتاڵ بکرێنەوە، لە قەدەغەبوون و تەریدەبوونی پرسیاریشدا ئەگەری زاڵبوونی ناڕاستی و نادروستی بەسەر ئەم جیهانەدا ئەگەرێکی زۆر زۆر نزیک و هەردەم لە بەردەستە. بێگومان

هەر کاتێک عەقڵ لە پرسیارکردن بکەوێ چیتر مرۆڤ هیچ شتێکی بۆ دۆزینەوە لەلا نامێنێ و تووشی وەستان دەبێتەوە. لە هەر بوارێکدا پرسیارکردن ڕوو لە کزبوون و لاوازی بکا ئەو بوارە تووشی دابەزین دەبێ و ئەگەر بەرەو پاشڤەچوون و داکەوتن نەڕوات بێگومان تووشی داتەپین و وەستان و مەندبوون دێت. هەر جڤاکێک پرسیاری لێ قەدەخە کرابێ ئەو جڤاکە بە هەندێ نەریتی نەگۆڕ گەمارۆ دەدرێ و هەندێ قاڵبی نەگۆر و ڕەقی جڤاکی بەڕێوەی دەبەن. بەکورتی قەدەخەکردن و مەرگی پرسیار ژیانەوەی بێدەنگی و دەسپێکی داتەپینی کۆمەڵگایە و لە ئەنجامدا فەرمانڕەوایی دیکتاتۆرییەتە لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا. دۆخی هاوکاتی سەرکوتکردنی هەمیشەیی پرسیار و بەرهەمهێنانی بەردەوامی دیکتاتۆری ئایدۆلۆژی، ئایینی، نەتەوەیی، نەریتی و... هتد کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆشنترین بەڵگە و بەهێزترین ئاماژەن کە دەتوانن گوزارە لە پەیوەندی ئاوەژۆ و پێچەوانەی نێوان پرسیار و دیکتاتۆرییەت بکەن. بە ئاشکرا لە هەر کوێیەک پرسیار وەستابێ، ئەو شوێنە جگە لەوەی بووەتە جێی تەراتێنی ناڕاستییەکان، بووەتە شوێنی دەمکوتکردنی بیرکردنەوە و لە

ئەنجامدا دەڤەری فەرمانڕەوایی ڕەهای ناڕاستییەکان. لەو دەڤەرەدا ئیتر زۆرینەی خەڵک وەک یەکتری بیر دەکەنەوە، یەک بەرسڤی تەنیا وەڵامی زۆربەی پرسگرێکەکان دەداتەوە، زۆرینەی ڕێکارەکان بەرەو یەک ئاراستە دەڕۆن، کلیلی زۆربەی دەرگاکان و ئامۆژگاری زۆربەی دەردەکان و حیکمەتی زۆرێک لە چارەکان دەکەوێتە دەست یەک کەس و... هتد.

## کەماسی هەر بۆچوونێ بە خستنی لە چوارچێوەی "ژیربێژی"دا ئاشکرا دەبێ

/ ئێمانۆئێل کانت

### ژیربێژی، ڕێسای زانیارییەکان

"ژیربێژی" کە لە زمانی کوردیدا بەرانبەر بە پەیڤی یۆنانی "لۆژیک" و وشەی عەرەبی "مەنتق" دادەنرێ، بە مانای "بێژە و گوتنی ژیرانە" دێت. وەک دەزانین "گوتن یان بێژە" بە پلەی یەکەم ڕواڵەتی سەرەکی هەموو هزر و هەموو بیرێکە و هەر ئەندێشەیەک بۆ دەرکەوتن و خۆ نمایشکردن لە هەنگاوی یەکەمدا ناچارە بە جیهانی پەیڤ و زارەوەدا تێپەڕێ و لەڕێگەی گوزارەکانەوە خۆی گەڵاڵە بکا. لەمەش گرنگتر، لەڕاستیدا زمان زۆر زیاترە لە "بێژە و گوتن"ی پەتی و خۆی بەشێکی سەرەکییە لە بیرکردنەوە و مرۆڤ تەنانەت ئەگەر لە بێدەنگییەکی تەواویشدا بیربکاتەوە، بۆ تێهزرین و بێرکردنەوە ناچارە لەگەڵ خۆیدا بدوێ و لە قاڵبی گوزارەکاندا بیرۆکەکان لەنێو مێشکی خۆیدا سامان بدات. کە واتە

بیرکردنەوە نەتەنیا بە هیچ شێوازی جودا نییە لە "بێژە"، بەڵکوو بەشی هەرە زۆریشی "گوتن و بێژە"یە لەگەڵ خود یان لەگەڵ دەرەوەی خوددا. کە واتە ژیرانە بیرکردنەوە بە ڕادەیەکی بەرچاو "ژیرانە گوتن یان ژیرانەبێژی"یە. هەر بۆیە کۆپەیڤی "ژیربێژی" بە مانای ژیرانە و عاقڵانە گوتن بە ڕادەیەکی ئاڵایە تەواو دەتوانێ هەڵگری ئەو مانا و واتایە بێ کە زانستی لۆژیک لە مانادا هەڵگرییەتی. بە گوتنێکی تر زانستی ژیربێژی بە ڕواڵەت و توێکڵ واتە ژیرانە گوتن و بە ناخ و کاکڵیش واتە ژیرانە بیرکردنەوە. کە واتە ژیربێژی بەکورتی یانی یاسا و ڕێسای دروست بیرکردنەوە لە جیهانی زانیارییەکاندا.

با تۆزێک زیاتر لەسەر چرایی و چۆنێتی پێویستبوونی ئەم یاسایە ڕاوەستە بکەین. لە پەیوەندی نێوان عەقڵ و زانیاریدا یەکێ لەو لایەنانەی کە هەر لە سەرەتاوە بە گرنگییەوە باسمان لێوە کرد ئەمە بوو کە زانیاری دەبێ بە ڕاستی و بە دروستی بگا بە مێشکی مرۆڤ. بەڵام وەک دەزانین ئەمە ئەگەرێکی سەداسەد کردەنی نییە و ڕێژەیەکی زۆر گەورە لەو زانیارییانەی کە بە ئێمە دەگەن ناڕاست و نادروستن. بە مانایەکی تر پاراستنی تەواوەتی بیر و عەقڵ

لە ناڕاستییەکان کارێکی نەکردەیە و عەقڵ ناچارە بە ژیانکردنی دۆخێکی هەمیشەیی کە تێیدا دروست و نادروستەکان هاوکات و هاوتەریب پێی دەگەن. لەم دۆخەدا و لە سەرەتای بەریەککەوتنی هەردوو بوونەوەری عەقڵ و زانیاری دا ئەمە زانیارییە کە وەک هێزێکی دەرەکی دێت و لەسەر عەقڵ باندۆر دەکا، بەڵام دواتر لە دیوی ناوەوەی ئەم پەیوەندییەدا کاتێ زانیاری لەنێو عەقڵ یان بیردا دەروونی دەبێتەوە ئەوەی ڕوودەدات بریتییە لە دروستبوونی بۆچوون، لێکدانەوە، شیکاری، شرۆڤە و بەگشتی یاریکردنی عەقڵ لەگەڵ زانیاریدا. لەم گەمەیەدا ئەگەرچی زانیاریش بە جۆرێ لە جۆرەکان هەر خۆشی گەمەکەرێکی هەمیشەییە و لەسەر عەقڵ باندۆری بەردەوام دادەنێ، بەڵام دواجار بکەری سەرەکی و یەکەم خودی عەقڵ خۆیەتی. لەم یارییەدا ئەوەی کە دەبێ هەمیشە وەک ڕێسا ئامادە بێ بریتییە لە "ژیربێژی یان لۆژیک". ژیربێژی لەڕاستیدا ڕێسای کایەی نێوان عەقڵ و زانیارییە. هەنگاوی یەکەمی ژیربێژی لە کاتی وەرگرتنی زانیاریدا و بە جیاکردنەوەی زانیاری دروست و نادروست لە یەکتری لەلایەن عەقڵەوە دەست پێدەکا، بە مەرجێ هەنگاوەکانی دواتریش هەر لە چوارچێوەی ئەم

ڕێسایەدا هەڵبگیرێن. بە مانایەکی دیکە ژیربێژی سەرەتا بریتییە لە زانست و توانای تاوتوێکردنی ڕاستی و دروستی زانیارییەکان و دواتر ناچارکردنیان بە ڕەچاوکردنی یاسا و پەیڕەوکردنی ڕێساکانی ئەم جیهانە. یان بە گوتنێکی دیکە پێدانی زانیاری ڕاست و دروستە بە عەقڵ و لە بەرانبەردا ناچارکردنی عەقڵە بە مامەڵەکردنێکی لۆژیکییانە لەگەڵ زانیارییەکانیدا لە هەموو لێکدانەوە، شرۆڤە، بۆچوون و بەرداشتکردنێکدا و بەگشتی لە هەموو جۆرە ئیشکردنێک لەگەڵیاندا. کە واتە ژیربێژی زانستێکە لەسەر دوو لاقی گرنگ دەڕوا بە ڕێوە. لاقێکی ویژدانە کە بریتییە لە بە بنەماگرتنی ڕاستی و لاقەکەی تری عەقڵانییەتە کە بریتییە لە پەیڕەوکردنی دروستی یان بە مانایەکی تر ڕەهەندە تەکنیکییەکەی ژیربێژییە. بە گوتنێکی دیکە ژیربێژی واتە دروست بیرکردن لەسەر بنەمای زانیاری ڕاست. ئەڵبەت ژیربێژی لە دۆخی ناتەواوی خۆیدا دەتوانێ بەبێ لاقە ویژدانییەکەشی هەنگاو هەڵبگرێ و تەنیا لەسەر زانیاری نادروست و ناڕاست ئیشی بیرکردنەوەی خۆی ئەنجام بدا، بەڵام لەم دۆخەدا ئیتر لە ویژدانییەتی خۆی دەکەوێ و چەندە لەسەر عەقڵانییەت و ڕێساکانی خۆشی هەنگاو بنێ، لە

کۆتاییدا بە ئەنجامێکی دروست ناگا. ئەگەر بمەوێ بە مێناکێکی ساکاری بەردەست ئەم دۆخە وێنا بکەم، عەقڵ لەم دۆخەدا دۆخی ساعەتێک دەژی کە چەند چرکە جێبەجێ کرابێ و لە ئەنجامدا چەندە دروستیش کار بکا، قەت کارێکی دروست ئەنجام نادا یان بە مانایەکی تر هیچکات بە ئەنجامێکی دروست ناگا. بۆ ئەوەی بە میناکێکی سادەی بیرکاری سەرەتایی ئەم دۆخە وێنا بکەین، با لە میناکێکی دیکەدا بە گریمانە وا بگرین کە گوزارەی "١=٢" گوزارەیەکی دروستە. لۆژیک ڕێگەمان پێدەدا ژمارەیەکی دیاریکراو لەگەڵ هەردوو لایەنی هەر هاوسانییەکدا کۆ بکەینەوە. هەر بۆیە بە کۆکردنی "یەک" بە دوو لایەنی هاوسانی "١=٢" دەگەینە گوزارەی نادروستی "٢=٣". ئەگەر لەسەر زانیارییە نادروستەکەی یەکەم درێژە بەم هەنگاونانە لۆژیکییە بدەین دەتوانین بێهەژمار گوزارەی نادروست بەرهەم بێنین. کە واتە ئەم میناکە بە ڕۆشنی پێمان دەڵێ لۆژیک لە مانا پەتییەکەیدا لەسەر بناخەی ڕاستییەکان دادەمەزرێ و بەبێ ئەم لایەنە ویژدانییە لۆژیک لاقێکی شکاوە و لاقەکەی دووەمی کە عەقڵانییەت و تەکنیکە، چەندە بەهێزیش بێ ناتوانێ ڕەوتێکی ئاسایی بڕوات. بەداخەوە پێچەوانەی

ئەوەی کە بانگەشە دەکرێ لە گۆڕەپانی زانیارییە مرۆییەکاندا ئەوەی تا ئەمڕۆ زۆر زۆر بە کەمی ڕەچاو کراوە و دەکرێ بەتایبەتی ئەم دیوە ویژدانییەی لۆژیکە. بۆ وێنە بە ئاسانی دەتوانین لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو پرتووکانەی کە دەنووسرێن گریمانەی نادروست بدۆزینەوە و هەر بۆیە ئەم پرتووکانە لە ناوئاخنی خۆیاندا چەندە لۆژیکیش بن، قەت ناگەنە ئەنجامێکی دروست و بگرە هەڵگری ڕێژەیەکی گەورەن لە وزەی شێواندن. چۆنکە وەک ئاماژەی پێکرا لۆژیک دەتوانێ لەسەر گریمانە و پێشگریمانە هەڵەکان و لە ئەنجامدا بەبێ گەیشتن بە ئەنجامی دروست کاری خۆی هەر بەردەوام بکا. هەر بۆیە پێچەوانەی تێگەیشتنی باو ناشێ لۆژیک تەنیا لە عەقڵانییەت و ژیریدا کورت بکرێتەوە، بەڵکوو پێویستە پێش هەموو شتێ قۆناخی یەکەمی بەرجەستە بکرێتەوە کە لایەنی ویژدانی، واتە لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی زانیارییەکانە لە ڕووی ڕاستی و ناڕاستییەوە. ئەڵبەتە لە دانووستاندنی نێوان عەقڵ و زانیاریدا پڕ ئاشکرایە کە ناتەواوی ئێمە سەبارەت بە لۆژیک تەنیا لە لایەنە ویژدانییەکەدا کورت نابێتەوە، بەڵکوو زۆربەی کاتەکان شۆڕ دەبێتەوە بۆ دیوی دووەم، واتە بە دیوە عەقڵانی و

تەکنیکیەکەدا. مرۆڤ لە ئەگەری فێرنەبوونی لایەنی تەکنیکیدا هەم خۆی توانای بەکارهێنانی زانیارییەکانی خۆی لەدەست دەدا و هەم بە ئاسانی لەلایەن و لەڕێگەی زانیارییەکانی ترەوە دێتە خەڵەتاندن. لە مێژووی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و زانیاریدا ئەگەر بەشێ لە نارێکییەکان ئەنجامی زانیارییە ناڕاستەکان بووبێ، بەشێکی دیکەی ئەم نارێکییانە بەرهەمی گۆڵخواردنی مرۆڤەکان بووە بەهۆی ناشارەزایی لە دیوە تەکنیکییەکەی زانستی لۆژیک. بەداخەوە مێژووی تاڵی ئەم خەڵەتیان و خەڵەتاندنە تژە ڕێکار و ڕێبازی جۆراوجۆری گۆڵدان و خاپاندنە. لەوانە چەواشەکردن، سەفسەتە، چواندن، گشتاندن و... هتد. بۆ زیاتر وێناکردن با هەندێ نموونەی زۆر سادە و بەڵام ڕاسکانی لەم دیرۆکە تاڵە بێنمەوە. کاتێ مەلایەک لە مزگەوت بە گوێی کچێکدا دەخوێنێتەوە کە "گوڵ بۆ پاراستن پێویستی بە پەرژینە، ژنیش هەر وەکوو گوڵ وایە، حیجاب پەرژینی ژنە، کە واتە حیجاب بۆ ژن پێویستە"، ئەم کچە لە نەزانینی تەکنیکە سادەکانی ژیربێژیدا لەوانەیە بە ئاسانی لەو ڕستەیەی کە دەیشوبهێنێ بە گوڵ مەسخ ببێ و بێئاگا لە خۆی حیجاب قەبوول بکا. یان کاتێ پێی دەگوترێ "ژن

بوونەوەرێکی ناسکە، ژن مابانی ماڵە و ناشێ کاری دەرەوە بکا، دەبێ پیاو کار بکا بۆ خزمەتی ژن"، دیسان بە ئاسانی دەتوانێ لە ناسکی و کابانی خۆیدا بتوێتەوە و بۆ هەتایە لە ماڵدا بمێنێتەوە. گەرچی گوتم نموونەی سادە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمانە تەنیا بە ڕواڵەت سادەن و باندۆر و لێکەوتە کارەساتئامێز و زیانبارەکانی ئەم نموونانە شتێک نییە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا شاراوە بێ. ئەم ڕەوتە لە نارێکی وەک ئەنجامی نائامادەبوونی هەمیشەیی لۆژیک لەنێو جڤاکدا زۆر زۆر لەمە زیانبارتر بووە و تەنانەت دەتوانین بڵێین گەلێ لە کۆمکۆژییەکانیش هەر لەم بەستەرەدا ڕوویانداوە. بۆ وێنە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵکوژییەکانی داگیرکەران لە کوردستان ئەنجامی قەبوولکردنی چواندنی کورد بە کافر، بە تیرۆریست و... هتد بووە لەلایەن ئەو کەسانەوە کە وەک داردەست و سەربازی فەرمانڕەوایانی داگیرکەر کۆمەڵکوژییەکانیان ئەنجام داوە... .

بە هەرحاڵ بێگومان لە هەر کوێ ژیربێژی بوونی نەبێ هزر و بیری مرۆڤ ناتوانێ لە هەڵەکردن و شاشێتی پارێزراو بێ. چۆنکە لۆژیک ڕاستیسەنگی زانیاری و هەڵەژمێری ئەو ئەندێشانەیە کە لەسەر بناخەی زانیارییەکان لەدایک و

گەلاڵە دەبن. هەر بۆیە دەتوانین لۆژیک بە تاقە چاودێر و کۆنترۆڵکەری عەقڵ و بیر بزانین. هەر عەقڵێک لۆژیک نەخوێنێتەوە یان لانیکەم ئالفابێی ئەم ڕێسای بیرکردنەوەیە نەزانێ، بەبێ هیچ گومانێک نە توانای بیرکردنەوەیەکی تەندروستی هەیە و نەیش دەتوانێ بیرۆکەیەکی تەندروست لە زانیارییەکانی خۆی بەرهەم بێنێ. تەنیا ژیربێژی و لۆژیکە کە دەتوانێ ڕێ لە مامۆستایەکی ئایینی بگرێ کە ئەگەر واتای ئایەتێک نازانێ، بۆی نییە بڵێ ئەمە حیکمەتێکی گەورەی تێدایە. تەنیا لۆژیکە توانای ئەمەی هەیە شاعیرێک تێبگەیێنێ وڵاتەکەی ئەو بەڕاستی تاقە جوانترین شوێنی سەرزەمین نییە، ڕێگە نەدا سیاسییەک درۆ بکا، نەهێڵێ ڕۆژنامەوانێک درۆ بنووسێ، بەر بەوە بگرێ مامۆستایەک لەسەر گەوجاندن ئیش بکا و... هتد. بەکورتی ژیربێژی بریتییە لە بەرپرسیارانە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ زانیارییەکاندا، هەم لە ڕووی ویژدانییەوە و هەمیش لەباری عەقڵانییەوە. هەر بۆیە لە نەبوونی لۆژیکدا ئەوەی کە مرۆڤ دەیکا جگە لە چاندنی زانیاری ناڕاست لە مێشکی خۆیدا و دواتر بەڵگاندنی نادروست لەلایەن عەقڵ و بیری ئەوەوە هیچێکی تر نییە. ئەڵبەتە نابێ ئەم ڕاستییە لەبەر چاو

نەگرین کە مرۆڤ بێجگە لەوەی بوونەوەرێکی عەقڵانییە، بوونەوەرێکی هەستەوەریشە و هەر بۆیە زۆر ئەستەم و ناکردەنییە کە ژیانێکی سەداسەد و تەواو لۆژیکی بژی. بەڵام ئەمەش ڕاستییەکە کە ئەم بوونەوەرە چەندە لایەنە لۆژیکییەکەی بەهێزتر بێ هەر ئەوەندەش لە ڕێکوپێکی نزیکتر دەبێتەوە. لەحاڵێکدا کە لایەنی هەستەوەری مرۆڤ بە ڕێژەیەکی گەورە تایبەتمەندییەکی سروشتییە، ژیربێژی ئەو لایەنەکەی دیکەیەتی کە بەشێکی بەرچاو لێی لەڕێی پەروەردەوە پێی دەگات و لەڕێگەی فێربوونەوە گەشە دەکات. ئەم خاڵە تا ئەم ساتەوەختە یەکێکە لە لایەنە هەرە فەرامۆشکراوەکان و کەماسییە هەرە گەورەکانی پەروەردە لە ئاستی جیهانیدا و هەر ئەمەشە کە وای کردووە جیهانی زانیاری جیهانێکی ئاڵۆز و دانووستانی نێوان مرۆڤەکان لەگەڵ زانیارییەکاندا مامەڵە و دانووستانێکی ناتەندروست بێ... .

## گەوهەری بیرکاری لە "ئازادی"یی ئەودایە

**/ گێئۆرگ کانتۆر**

### لە پەسنی "بیرکاری"دا

ئازادی لە یەکێ لە مانا گشتگیرەکانی خۆیدا بریتییە لە دروستبوونی هاوسەنگی لەنێوان "ماف" و "ئەرک" دا. ئەگەر ئەم چەمکە بگوازینەوە بۆ جیهانی زانیاری، ئازادی لە مانایەکی نزیک لە ڕەهادا بریتی دەبێ لە ژیربێژی یا هەمان لۆژیک. چۆنکە وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا ژیربێژی یانی بە مافداری و بە بەرپرسیارەتی ویژدانی و عەقڵانییەوە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ زانیارییەکاندا. مافداری لەمەی کە پێویستە مرۆڤ زانیاری دروستی پێ بگات و بەرپرسیاری لەمەش کە پێویستە بەگوێرەی یاساکانی جیهانی ژیربێژی مامەڵە لەگەڵ ئەم زانیارییانەدا بکات. ئەمە مانای ڕاستەقینەی ئازادییە لە بواری زانین و زانیاریدا. ئەم ئازادییە بەشێ نییە لە جیهانی ژیربێژی، بەڵکوو خودی ئەم جیهانە خۆیەتی. جیهانێک کە خۆشی بەشێکە لە کەیهانێکی

گەورەتر بەناوی ماتەماتیک یان بیرکاری کە هەموو ئەو بوونەوەرانەی کە تێیدان ئازادییەکی بە تەواوەتی ڕەها دەژین. بە گوتنێکی دیکە بیرکاری ڕەنگە تاقە جیهانێک بێ کە تێیدا ئازادی ڕەهاترین واتای خۆی دەژی. لەم جیهانەدا پێش هەموو شتێک "تێکڕای دانیشتوانەکەی بۆ هەر تێگین و چەمکێک یەک پێناسەی دیاریکراوی هاوبەشیان هەیە". ئەمە بەردی بناخە و دەسپێکی ئەم جیهانە ئازادەیە. بناخەیەک کە نەبوونی لە بەشێکی گەورەی بوارەکانی دیکەی زانست و زانیاریدا هۆکارێکی گرنگی ناتەواوی ئەو بوارانەیە. لە جیهانی دەرەوەی بیرکاریدا زۆربەی هەرە زۆری چەمک و تێگینەکان بەگوێرەی تێگەیشتن، تێڕوانین، مەبەست، شوێن و کاتی مامەڵەکردنی مرۆڤەکان لەگەڵیاندا بە شێوازی جۆراوجۆر پێناسە دەکرێن و هەر بۆیە هەموو پێناسەیەکی دەرەوەی جیهانی بیرکاری تەنیا تارمایی و سێبەرێکە لە مەبەستە ڕاستەقینە و ڕاسکانییەکەی خۆی. بەڵام چەمکەکانی جیهانی بیرکاری لە هەموو شوێن و کاتێکدا و لەلای هەموو دانیشتووانی ئەم جیهانە یەک واتای دیاریکراو و تۆکمەیان هەیە کە هەموو وەک یەک لێی تێدەگەن و هیچکەس بۆی نییە و ناتوانێ دەستکاری و چەواشەی بکا. بۆ وێنە ئەگەر

تەواوی شاعیران کۆ ببنەوە ناتوانن واتایەکی هاوبەش بۆ "شێعر" بکەن، هێندەی ژمارەی شرۆڤەکارانی سیاسەت پێناسەمان بۆ "ئازادی" هەیە، پسپۆڕانی ئابۆری بە قەدەر ژمارەی خۆیان واتای "سەرمایەداری"یان داتاشیوە بۆمان، ئەوەندەی ژمارەی دەروونناسەکان دەتوانین مانا بۆ "کەسایەتی" بدۆزینەوە و... هتد. بەڵام لەلای تەواوی خوێندکارانی بیرکاری تەنیا و تەنیا یەک مانای گشتگیر و تەواوکەر هەیە بۆ "خێز"، پێناسەی هەموو بیرکارەکان لە "بازنە " یەکجۆرە، گشت خوێنەرانی بیرکاری یەک تێگەیشتنیان هەیە بۆ "ژمارەی تەواو" و... هتد.

ئەم جیهانە دوای ئەمەی کە بیری مرۆڤ پێمل و پابەند دەکا بەم ڕێکەوتنە دەسپێکییە وەک بەردێکی بناخەی بەهێز، بەردی بناخەی دووەم بە نەخشەڕێ و پەیڕەوێکی بەهێزتر دادەنێت کە ئەویش، "هیچکەس مافی ئەوەی نییە بە گریمانەی ناڕاست و نادروست دەست بە بیرکردنەوە بکات". ئەم ڕێسایە یەکێکە لە خاڵە هەرە بەهێزەکانی بیرکاری بۆ دروستکردنی جیهانێکی ئاڵایە خاڵی لە هەڵە. ئەو هەڵانەی کە لە جیهانی دەرەوەی بیرکاریدا بە فراوانی و بە لێشاو دێنە ئاراوە. ئەگەر بمەوێ نموونە بێنمەوە، بۆ وێنە نووسەری

گەورەی کورد بەختیار عەلی کتێبی "گوتاری مانەوە"ی خۆی لەسەر ئەم گریمانەیە داڕشتووە کە "ترس یەکێکە لە دروستکەرە گەورەکانی مرۆڤ"[٢]. گریمانەیەک کە نەتەنیا هیچکەس ناتوانێ سەداسەد دروستییەکەی بسەلمێنێ، تەنانەت لەوانەیە بەشێکی گەورەش لە مرۆڤەکان بە گومانەوە لێی بڕوانن!. یان لە نموونەیەکی گەورەتردا، تەواوی مێژووی ئەم جۆگرافیا سیاسییەی کە ئەمڕۆ بە ناوی ئێران دەناسرێ لەسەر دەستەواژەیەکی پێشگریمانەیی تەواو چەواشە و هەڵە بەناو "ئێرانی باستان یان ئێرانی کۆن" داڕێژراوە. پێشگریمانەیەک کە نەتەنیا هیچ بەڵگەیەکی سەلمێنەری نییە، بەڵکوو هەزاران سەلمی گەورە بۆ بە دروخستنی لەبەر دەستن. بیرکاری لە دوای ئەم ڕێسا بنەڕەتییانە ئمجا ئامرازە بەهێزەکانیشی دەخاتە بەردەست بۆ ئەوەی بیر بتوانێ لە کایە هزرییەکانیدا بەم ئامرازانە گەمەی خۆی بکات. یەکێ لە نموونە سەرەتاییەکانی ئەم ئامرازانە "میناکی دژ" یان "دژەمیناک"[٣]ـە. دژەمیناک یان

---

[٢] گوتاری مانەوە، ل. ٩

[٣] counterexample

میناکی پێچەوانە ئەو میناکەیە کە گوزارەیەکی گشتی بە درۆ دەخاتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو میناکە تاقە یەک میناک بێ. بۆ وێنە تەنیا ژمارەی "دوو ٢ " بەسە بۆ ئەوەی ئەم گوزارە گشتییە بە درۆ بخاتەوە کە "ژمارە سەرەتاییـ"[٤]یەکان هەموویان" ژمارەی جووت"[٥]ـن. ئەمە یانی ئەگەر قسەیەک بەرانبەر بە ملیۆنان نموونەی ڕاست بۆ تەنانەت تاقە یەک نموونەش ناڕاست دەربکەوێ، ئەو قسەیە چیتر جێی متمانە و باوەڕ نییە و ئەمە ئەو خاڵەیە کە ئەوپەڕی بەرپرسیارەتی ئەخلاقی و ویژدانی لە جیهانی بیرکاریدا دروست دەکات. بێگومان هەرکەس بتوانێ ڕێسای "میناکی پێچەوانە" بەراورد بکا بە نەریتی "گشتاندن" کە لە بوارەکانی دیکەدا مرۆڤ پەیڕەوی دەکات، زیاتر بۆی دەردەکەوێ کە بیرکاری چۆنە جیهانێکی ئەخلاقی و ویژدانی پەتییە. "گشتاندن" واتە مرۆڤ بە بینینی تایبەتمەندییەک لە چەند نموونەیەکی بەسنووردا ئەو تایبەتمەندییە بەسەر هەموو هاوشێوەکانیدا بگشتێنێ. بەداخەوە زۆرێک لە زانیارییە ڕۆژانەکانی ئێمە لەسەر

---

[٤] prime number

[٥] even number

بنەمای گشتاندن بەرهەم دێن و گەڵاڵە دەکرێن. بۆ وێنە من کە زۆر جار لە سایکۆلۆژییەتی ژێردەستی مرۆڤی بندەستی کورد ڕادەمێنم دەبینم کە بەشێکی بەرچاو لەو تێڕوانینە لە خوارەوە بەرەو ژوورەی ئەم مرۆڤە بۆ گەلانی سەردەست ئەنجامی ڕاستەوخۆی گشتاندنی ئەو وێنانەیە کە چەند فیلمێک یان چەند پرتووکێک بۆیان وێنا کردووە... . لە بیرکاریدا وەک چۆن ڕێگە نادرێ بە هەنگاونان لەسەر هیچ گریمانەیەکی هەڵە و نادروست، هەروەها ڕێگەش بەو هەنگاوانە نادرێ کە دەگەن بە ئەنجامێکی هەڵە و نادروست. ئەمەش یەکێکی دیکەیە لە ڕێسا و یاسانی بیرکاری بۆ پاک و خاوێن هێشتنی هەرچی زیاتری ئەم جیهانە. ئەم یاسایە لە مکانیزمێکی وەک "سەلم بە ناکۆکی"[٦]دا بە ڕوونی دەبینرێ. لەم مکانیزمەدا بۆ سەلماندنی گوزارەیەکی وەکوو P سەرەتا دژی ئەو گوزارەیە، واتە P~ بە گریمانە دەگرین، ئمجا بە بەڵگاندن لەسەر بنەمای دروستبوونی P~ بە ئەنجامێک دەگەین کە لەپێشدا دەزانین نادروستە. چۆنکە گریمانەی P~ بە ئەنجامێکی نادروست کۆتایی دێ، کە واتە ئەو گریمانەیە

[٦] proof by contradiction

**بۆ خۆی نادروستە و دەبێ هەڵبوەشێتەوە. بەمجۆرە دروستی گوزارەی P دەسەلمێنرێ... . بەکورتی، ئەم چەند میناکە هەرکامەیان وێنایەکی بچووکن لەمەی کە لە جیهانی بیرکاریدا یەکەم، نابێ لەسەر گریمانەی نادروست هەنگاو بنرێ. دووەم، نابێ هەنگاوی نادروست بنرێ و سێیەم، هیچ هەنگاوێکی دروست لەسەر گریمانەی دروست بە ئەنجامێکی نادروست ناگات.**

**دوای ئەمانە دیوێکی دووەمی ئازادی لە جیهانی بیرکاریدا بریتییە لە ڕێگەدان بە پێشخستنی دەزگاکان بە مەبەستی تەواوکردنیان، یان دروستکردنی دەزگای هاوتەریب و جیاواز بەبێ نکۆڵیکردن یان هەڵوەشاندەوەی ئەوانی دیکە. نموونەیەک لە پێشخستنەکان لە جیهانی بیرکاریدا کە هەموو خوێندکارێک ئاشتایەتی، ڕەوتی گەشەی دەزگای ژمارەکانە بەگوێرەی نیاز. بۆ نموونە ئەگەر لەنێو دەزگای "ژمارە ڕاستەقینەکان"[٧]دا ئێمە ناتوانین ڕیشەکانی هاوکێشەیەک بەدەست بێنین، دەتوانین دەربازی دەزگایەکی تەواوتر ببین**

---

[٧] real numbers

بەناو "ژمارە تێکەڵەکان"[٨] و لەوێ بەدوای وەڵامەکانی هاوکێشەکەدا بگەڕێین، بەبێ ئەوەی دەزگای پێشوومان شێواندبێ یان هەڵمانوەشاندبێتەوە. یەکێ لە میناکە هەرە جوانەکانی دروستکردنی دەزگای جیاواز لە بیرکاریدا داهێنانی "ئەندازەی نائیقلیدسی"[٩]یە لەپاڵ "ئەندازەی ئیقلیدسی"[١٠]دا. دەزگایەک کە یاساکانی پێچەوانەی یاساکانی دەزگای ئیقلیدسی کاردەکەن. بۆ وێنە لە "ئەندازەی گۆیی"[١١]دا کە بەشێکە لەم جیهانە "نائیقلیدسی"یە کۆی گۆشەکانی هەر سێگۆشەیەک دەتوانی زیاتر لە ١٨٠ پلە بێ، بە هەر دوو خاڵیکدا زیاتر لە یەک خێز تێدەپەڕێ، هیچ دوو خێزێک ناتوانن هاوتەریبی یەکتر بن و... هتد.

چەندە نموونەکەی پێشوو وەک ڕەوتێکی ئاسایی گەشەکردن بنوێنێ کە لە هەموو بوارەکانی دیکەی زانستیشدا دەبینرێ، بەڵام نموونەی دووەم لە تایبەتمەندییە دەگمەنەکانی

---

٨ complex numbers

٩ non-Euclidean geometry

١٠ Euclidean geometry

١١ spherical geometry

بیرکارییە کە کەمتر لە بوارەکانی دیکەی زانیاریدا بەدی دەکرێ. چۆنکە بەشێکی گەورە لە ڕەوتی گەشە لەو بوارانەدا بە نکۆڵیکردن و سڕینەوەی زانیارییەکانی پێشوو تێدەپەڕێ، لەحاڵێکدا لە جیهانی بیرکاری ئەوەی هەیە یان گەشەدانی زانیارییەکانی پێشوویە، یان دروستکردنی جیهانە جیاوازەکانی زانیارییە بەبێ نکۆڵیکردنی هیچ جیهانێک لە ئەوەکانی دی.

یەکێکی دیکە لە لایەنە هەرە گرنگەکانی بیرکاری کە ئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو ئازادییە بە پرەنسیپەیە کە هەڵگرییەتی توانا و هێزی ئەم زانستەیە. توانایی هەم لە نێوخۆدا و هەمیش لە یارمەتیدانی بوارەکانی دیکەی زانستدا. نموونەیەکی بچووک لەم توانایە دروستکردنی "فەزای چەند ڕەهەندی"[١٢]یە کە گەورەترە لەم جیهانە سێ ڕەهەندییە ڕاسکانییەی کە ئێمە دەیناسین و تێیدا دەژین. ئەڵبەتە ئەم توانایە لە ئەدەبیشدا دەبینرێ، بەڵام بە جیاوازییەکی گرنگەوە. ئەو فەزا خەیاڵییەی کە ئەدەب دروستی دەکا تەواو بێبەشە لەو پرەنسیپانەی کە فەزای دروستکراوی

---

[١٢] multi dimensional space

بیرکاری هەڵگرییەتی. بۆ وێنە لە "فەزای چوار ڕەهەندی"[١٣]دا هەمان یاسا و ڕێساکانی "فەزای سێ ڕەهەندی "[١٤]لەسەر کارن، لەحاڵێکدا جیهانی سێ ڕەهەند جیهانێکی هەستپێکراوی ڕاستەقینەیە و چوار ڕەهەندیش جیهانێکە خەیاڵی لە دەرەوەی هەستەکانی مرۆڤ. بەڵام جیهانە خەیاڵییەکانی ئەدەب قەت ناتوانن بەگوێرەی یاساکانی جیهانی ڕاسکانی ئێمە دروست بکرێن. بە هەرحاڵ ڕەوتی گەشەکردنی زانست بە ئاشکرا نیشانی دەدا کە بەهۆی ئەو توانا گەوهەرییەی کە تێیدایە هەر زانستێک بتوانێ خۆی لە بیرکاری نزیک بکاتەوە و تەنانەت بە شێوەیەکی ڕێژەییش بتوانێ بکەوێتە چوارچێوەی ئەم زانستەوە، پێشکەوتنی زۆر خێراتر و بنگەهیتر بەدەست دێنێ. بەتایبەتی بەشێکی زۆر گەورە لە پێشکەوتنی زانستە جیاوازەکان لە سەدەی ڕابردوودا بەرهەمی ڕاستەوخۆی هاوکاری بیرکارییە لەگەڵ ئەم زانستانەدا. لەم ماوەیەدا بە ئاشکرا هەر بوارێکی زانستی پشتی بە بیرکاری بەستبێ گەشەی زیاتر و خێراتری بە

---

[١٣] four dimensional space

[١٤] three dimensional space

خۆیەوە بینیوە. بێگومان کەوتنە نێو قاڵبی یاساکانی بیرکاری خۆی بەشێکە لەم پێشکەوتنە و هەر زانستێ توانیبێتی زیاتر خۆی لە زمانی بیرکاری نزیک بکاتەوە بە ڕادەیەکی زیاتر گەشەی کردووە. هەر بۆیە زانستی بیرکاری کە بە بۆچوونی کارل گاوس "شاژنی زانستەکانە"، بە دیوێکی تریدا دەتوانێ ببێتە "خزمەتکاری زانستەکان" بۆ ئەوەی بتوانن ئاراستەی خۆیان لە "زاناکردن"ـەوە بگۆڕن بەرەو "ئاگاکردن"ی مرۆڤ.

بەکورتی، پەیوەندیدار بە مژاری ئاگایی و زانیاری، ئەوەی لە بیرکاریدا هەیە زانیاری بریتییە لە ڕاستی و دروستی پەتی و لە ئەنجامدا هەموو زانیارییەک ئاگاییەکی پەتییە و بە بۆچوونی من ئەمە خاڵی جیاکەری ئەم جیهانەیە لە جیهانەکانی دیکەی زانیاری. هەر بۆیە ئەوەی دەیەوێ لە جیاوازییەکانی زانایی و ئاگایی تێبگا دەبێ شتێک لە بیرکاری یان لانیکەم تۆزێک لە ژیربێژی فێر ببێ.

**زمان "بێ هەستی"یە**

**/ پەندی کوردی**

## زمان و ئاڵۆزییەکانی

**زمان لە یەکەم تێگەیشتن و سەرنجدا وەکوو ڕواڵەتێکی زارەکی لە بیر و هزری مرۆڤ دەناسرێتەوە. لەم مانا ڕواڵەتییەدا زمان زیاتر لە هەر شتێکی دیکە ئامرازێکە پێکهاتوو لە دەنگ و پەیڤ کە کارە سەرەکییەکەی بریتییە لە وێناکردن، هێماکردن و گەیاندنی بیر و ئەندێشەی مرۆڤ لەڕێگەی بێژەوە. بەڵام بێگومان ئەمە داناسینێکی ناتەواوە و گەلێ ڕاستی هەن کە دەیسەلمێنن زمان زۆر زیاترە لە ئامرازێکی پەتی بەدەست بیرەوە، بەڵکوو خۆی پارچەیەکە لە بیری مرۆڤ. مرۆڤ ئەوە نییە کە تەنیا بۆ خستنەڕووی ئەندێشە و بیرەکانی خۆی بێتە قسە و بپەیڤێ تەنیا بۆ ئەوەی کەسانی تر لێی تێبگەن، بەڵکوو پێش ئەوە و لە کاتی ئەندێشەکردن و بیرکردنەوەشدا هەر خەریکی پەیڤین و قسەکردنە. بە واتایەکی ڕێکتر ڕاستە مرۆڤ بە پەیڤین**

لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا هزرەکانی دەخاتە ڕوو، بەڵام پێش ئەوە سەرەتا بە قسەکردنێکی دەروونی لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە بیرکردنەوە و هزرین. وەک دەزانین پەیڤین تەنیا بە دەنگی بەرز قسەکردن نییە و مرۆڤ زۆر زیاتر لەوەی لەگەڵ دەرەوەدا بئاخڤێ لەگەڵ دەروونی خۆیدا دەئاخڤێ. مرۆڤ قەت ناتوانێ بەبێ پەیڤین بیر بکاتەوە، بەڵکوو بیرکردنەوە بریتییە لە ئاخاوتنێکی دەروونی بیر و مێشکی مرۆڤ لەناو خۆیدا. لەڕاستیدا وەک حەزرەتی مەولەوی دەڵێ: "جەلای هەر گەردێ وە سەدایێوەن - دەوای هەر دەردێ وە نەوایێوەن"، زمان بە پلەی یەکەم لە ڕواڵەتی پەیڤینی زارەکیدا وێناکەری سەرەکی بیرکردنەوە و هزری مرۆڤە. بەڵام تەواوی کارکردی زمان ئەم ڕواڵەتە نییە، بەڵکوو لە دەرەوەی پەیڤینی زارەکیشدا زمان بەشێکی نەبڕاوەی گرنگە لە بیرکردنەوەی مرۆڤ. لەڕاستیدا ئێمەی مرۆڤ لە هەموو چرکەساتێکی بیرکردنەوەماندا بەردەوام لە قسەکردن و پەیڤینێکی دەروونیداین لەگەڵ خۆماندا. ئەمەی کە بەبێ خوێندنەوە لە مێشکی خۆماندا تەنانەت ناتوانین ژمارەیەکی سادەی تەلەفۆن بگرین، یان بەبێ گوتنەوەی ناوی شوێنەکان لەلای خۆمان پێمان ناکرێ ناونیشانێکی سادە

بدۆزینەوە، یان بەبێ وڕێنە لەناو دڵی خۆماندا ناتوانین بیرەوەرییەکانمان بگەڕێنینەوە بەر چاومان، بەبێ خوێندنەوە بە دەنگی بەرز یان لەناو دڵی خۆماندا ناتوانین نامەیەک بنووسین و... هتد، هەموو ئەم ئاماژە سەرەتایی و سادانە نیشانی دەدەن کە زمان پارچەیەکی هێندە گەورە لە عەقڵ و بیری مرۆڤە کە بەبێ زمان ئەم لە "نەبوو" نزیکترە تا لە "ناتەواو". لەمە زیاتر دەشێ بڵێین زمان تەنانەت جگە لە بیر و مێشکی مرۆڤ بە بەدەنەوە گرێدراوە و بەدەنیش دەتوانێ بەشێ لە زمان بێ. بەڕاستی ئەگەر وا نییە بۆ لە قسەکردندا تەنانەت لەو کاتانەش کە بەردەنگ لە بەرانبەرماندا بوونی فیزیکی نییە، ئێمە چاومان گرژ دەکەین، ڕوومان گەش دەکەین، دەستمان دەجووڵێنین، بە ئەنگوستەکانمان یاری دەکەین و... هتد؟. بەکورتی بیردۆزی و هزر بوونەوەرێک نییە کە بە شێوازێکی خۆڕسک و خۆسەر لە هێلکەدانی زماندا گەرا ببەستێ و دواتر لەڕێگەی پەیڤەوە لەدایک بێ، بەڵکوو خۆی هەر لەسەر گەرای پەیڤ دادەمەزرێ و ئەمە زمان خۆیەتی کە گەرای چێبوونی بیروهزری مرۆڤە.

بەڵام ئەگەر لە سۆنگەیەکی ترەوە سەیر بکەین، بە هەمان ئەندازەی تێکەڵاوی و ئامێتەبوون یان ڕێکتر بڵێین یەکبوون لەگەڵ بیرکردنەوەدا زمان بە سروشتی خۆی بەشێکیشە لە ئاڵۆزییەکانی بیرکردنەوە لە بواری زانیاریدا. مرۆڤ تا ئەو کاتەی کە لە دەروونی خۆیدا بیردەکاتەوە و بە مانایەکی تر لەگەڵ خۆیدا دەئاخڤێ، چۆنکە بۆ هەموو چەمکەکانی خۆی یەک پێناسەی دیاریکراوی هەیە و هەموو وشەکان ڕێکاوڕێک لە واتا و شوێن و مەبەستی خۆیاندا بەکار دێنێ، لە ڕووی پێناسەکردن و تێگەیشتن لە مانا و مەبەستی پەیڤەکان کێشەیەکی ئەوتۆی بۆ دروست نابێ. بەڵام کاتێ دەکەوێتە دانووستاندن لەگەڵ ئەوێکی تردا، ئەگەرێکی زۆر هەیە کە پێناسەکان، تێڕوانینەکان، مەبەستەکان و تێگەشتنەکانی هەردوو لایەنی دانووستان لەگەڵ یەکتریدا جیاواز بن و هەر بۆیە دەکرێ زانیارییەکانی هەر لایەنێک بۆ لایەنەکەی دیکە ڕێکاوڕێک وەک خۆیان دەرنەچن و وەک خۆیان وەرنەگیرێن. ئەمە ئەو ئاڵۆزییە گەورەیەیە کە زمان لە بواری زانیاریدا دروستی دەکا. ڕستەکانی وەک "مەبەستم لەم قسەیە ئەوە نەبوو"، یان "لە گوتەکانی من بە هەڵە تێگەیشتوون"، یان "لێرەدا ناتێگەیشتنێک هەیە"، یان "قسەکانی من بە خراپ

لێکدراونەتەوە" و... هتد، هەموویان گوزارە لەم ڕاستییە دەکەن کە هەم دەکرێ قسە و پەیڤەکانی ئێمە نەتوانن مەبەستەکانمان ڕێکاوڕێک وەک خۆیان بگوازنەوە و قسەکانی ئێمە بە ئاسانی مەبەستی خۆیان نەپێکن و هەمیش ئێمە خۆمان بە ئاسانی دەتوانین مەبەستمان لە قسەکانی خۆمان بگۆڕین. کە واتە ئەگەرچی کورد گوتەنی "زمان بە هەموو لایەکدا پل دەخوا"، زۆر ئەستەمە کتومت و ڕێکاوڕێک مەبەست بگەیێنێ و هەر بۆیە لەم سۆنگەیەوە هەموو زانیارییەک کە لە چوارچێوەی زماندا گەڵاڵە دەکرێ دەتوانێ جێگەی گومان بێ. لەڕاستیدا ڕووبەرێکی گەورە لە دۆخی لەئارابوونی هەمیشەیی گریمانە، شیمانە، شرۆڤە و لێکدانەوە و بەرداشتە جیاوازەکان لە دانووستاندنی نێوان مرۆڤەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی ئەم ئاڵۆزییە لەنێو زماندا و لەڕاستیدا ئەگەر ئەم ئاڵۆزییە نەبایە و زمان ڕۆڵێکی ماتەماتیکییانەی لە پەیوەندییەکاندا و لە گواستنەوەی زانیارییەکاندا بگێڕایە، بەشێکی گەورەی شیمانە و گریمانەکان ئیتر لە هەبوونی خۆیان دەکەوتن. ئەم ئاڵۆزییە گەوهەرییە لە هەموو بوارێکی زانیاریدا بە ئاشکرا بەرچاوە، بەڵام لەوانەیە یەکێ لەو هۆکارانەی کە زۆر گوێی پێ

نەدراوە ئەمە بووبێ کە مرۆڤەکان زۆر جار ئەو زانیارییانە بە هەند وەردەگرن کە پێیان خۆشە و ئەوانی دیکە بە نادروست دەزانن و وە لایان دەنێن. ئەڵبەتە لە جیهانی ئەمڕۆژی ئێمەدا ئەم ئاڵۆزییە بە ڕۆژانە بەرچاو و بەردەستە. بەشێکی هەرە گەورەی شرۆڤە و لێکدانەوەکانی سەر شاشەکان لە بەکارهێنانی هەڵە و نابەجێی وشەکان ئەولاوە هیچی تر نین. بەشێکی گەورە لە خوێندنەوەی ئایینەکان شتێک نییە بێجگە لە بێژەیەکی شاش و چەواشەی دەقە پیرۆزەکان. بەشێکی گەورەی ئەدەب و هونەر هیچێک نییە جگە لە شیکردنەوە و شرۆڤەی هەستەوەرانەی کاتی. بەشێکی زۆر لە مشتومڕ، وەڵامدانەوە، شیکاری و شرۆڤەی نێو پرتووکەکان هیچ نییە جگە لە قسەکردن لەسەر ئەو چەمک و تێگین و پێناسە ناهاوبەشانەی کە تەنیا لە ڕواڵەتی بێژەکاندا هاوبەشن و هەر کەسێک و لەلای خۆیەوە لە هەر کامەیان مانایەک لە ماناکان وەردەگرێ... و هتد. بۆ وێنە دەبینین ستەمکارێک و ستەمدیدەیەک هاوکات باسی یەک وشەی "یاسا" دەکەن، بەڵام لە دوو سۆنگەی زۆر جوداوە. ئەوروۆپییەک و ڕۆژهەڵاتییەک لە یەک پەیڤی "ئازادی" دەدوێن، بەڵام هەردوکیان وێناکەری دوو جیهانی جیاوازن لەم پەیڤە.

داگیرکەرێک و داگیرکراوێک باسی "یەکسانی" دەکەن، بەڵام هەرکامەیان خەیاڵێکی جیاوازیان لێی هەیە. کەسێکی ئایینی و کەسێکی لائیک هەردوکیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە "خۆشبەختی" لەلای ئەوان مسۆگەرە و بەڵام هەرکامەشیان پێناسەی خۆیان هەیە بۆ خۆشبەختی. کورد، فارس، تورک و عەرەبێک هەموویان زاراوەی "برایەتی" بەکار دێنن، بەڵام هەرکامە و مانایەکی جیاوازی لێ گەڵاڵە دەکەن. دەوڵەتێکی دیمۆکراتیک و دەوڵەتێکی دیکتاتۆری هەر وەکوو یەک باسی هەڵبژاردن دەکەن، بەڵام هەڵبژاردن لە هەردوکیاندا دوو مانای دژ بەیەکی هەیە. ڕۆژانە هەزاران پرتووکی شێعر و ئەدەب وەردەگێڕێنە سەر زمانەکانی دیکە و کەچی لە زۆرێکی ئەو وەرگێڕانانەدا ڕۆحی گەلێ وشە و ڕستە بزر دەکرێن. ڕۆژانە هەزاران ڕۆمان دەنووسرێن و بەڵام هیچ نووسەرێ ناڵێ ڕێکاوڕێک مەبەستی چییە و دەیەوێ ئاماژە بە چی بکا لە ڕۆمانەکەیدا. و... هتد. ئەمە جیا لەو هەموو زانیارییە نادروست و ناڕاستانەی کە بەئەنقەست دەرخواردی بیری مرۆڤەکان دەدرێن و دۆخەکە بە ئاراستەی ناڕێکیدا ئاڵۆزتر دەکەنەوە. ڕەنگە بکرێ ئەم میناکە دواییە زیاتر لەوەی وەک ئاڵۆزییەکی زمانی هەژمار بکرێ، پەیوەند بدرێ بە

ناویژدانی مرۆڤەوە، بەڵام لێرەشدا دیسان ئەمە زمانە کە دواجار هەر ڕۆڵێکی خۆی لە ئاڵۆزکردن و شێواندنی زانیارییەکاندا دەبێ. بەکورتی هەموو ئەمانە وا دەکەن مرۆڤ هەمیشە لە سەرگەردانی و ئاڵۆزییەکی مانایی قووڵدا بژی.

بە هەرحاڵ کورد گوتەنی "بەر زمان نە چیا هەنە، نە گەلی هەنە". ئەگەر یەکێ لە ماناکانی ئەم پەندە ئەوە بێ کە زمان بوونەوەرێکی ڕەهایە و چۆنی پێ خۆش بێ ئازادانە دێتەگۆ و دەدوێ، مانایەکی تریشی ئەمەیە کە جیهانی پەیڤین جیهانێکە سەروبەری نییە. یەکێ لە دیوەکانی ئەم ناسەروبەرییەش هەمان ئەو ئاڵۆزییەیە کە لە مانادا هەیە. واتە ئەو ئاڵۆزییەی کە لە ئەنجامی جیاوازی نێوان پەیامی وشەکان و مەبەستی ڕاسکانی پشتیاندا لە دانووستاندنی نێوان بەردەنگ و بێژەردا دروست دەبێ. بە گوتنێکی دی زمان چەندە چاوگی جوانییە، بە هەمان ڕادەش لە جیهانی زانیارییەکاندا سەرچاوەی ئاڵۆزیشە. بەتایبەتی پەیوەندیدار بە زانیاری و ئاگایی، ئەم ئاڵۆزییە چەندە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ زانیاریدا هەبێ، پەیوەندی پێچەوانەشی لەگەڵ ئاگاییدا هەیە. ئەم ئاڵۆزییە کە زمان هەڵگر و بە مانایەکی تر سەرچاوەیەتی لەڕاستیدا یەکێکە لە

**ناڕێکییە بنەڕەتییەکانی پەیوەندیدار بە زانین و زانیاری. ڕاستە زمان لەلایەکەوە گەیێنەری سەرەکی و تاقانەی هەموو زانیارییەکە، بەڵام لەلایەکی تریشەوە هەر خۆشی ئاڵۆزکەر و شێوێنەرێکی سەرەکی زانیارییەکانە. بۆ وێنە چەندە نووسەری پرتووکێک هەوڵیدابێ خوێنەر بگەیێنێتە خاڵێکی دیاریکراو، بەڵام تا ئاستی نزیک لە ڕەها هیچ دوو خوێنەرێک نادۆزرێنەوە کە ڕێکاوڕێک یەک پەیامی دیاریکراوی کتومت وەکوو یەک لە خوێندنەوی ئەو پرتووکەدا بدۆزنەوە، چی بگات بەوەی بگەنە مەبەست و ناخی ڕاستەقینەی پەیامی ئەو نووسەرە. هەر بۆیە بە هەڵەدا ناچین ئەگەر بەشێ لە پرسگرێکی نائاگایی مرۆڤ بخەینە ئەستۆی خودی زمان خۆی. لەوانەیە لێرەدا دژوازییەک بۆ خوێنەر دروست ببێ کە ئەویش ئەمەیە: "ئەگەر زمان بەشێک بێ لە بیرکردنەوە، خۆ مرۆڤەکان وەک یەک بیرناکەنەوە. کە واتە جیاوازی و ئاڵۆزی لە چەمک و زاراوەکانی زماندا دیاردەیەکی ئاسایی و خوەزاییە". ئەم بۆچوونە بەشێک لە ڕاستی تێدایە، بەڵام لەڕاستیدا ئاڵۆزییەکە زۆر گەورەتر لەوەیە کە ئاسایی بنوێنێ. با تۆزێک بیر بکەینەوە، واژەیەکی وەکوو "ئازادی" یەکێکە لە**

سەرزارترین و گشتگیرترین پەیڤەکانی زمان، بەڵام شێرکۆ بێکەس گوتەنی "کێ هەیە ناونیشانی تەواوی ئازادیم پێ بدات؟!". بێگومان بە قەدەر ژمارەی ئەو کەسانەی بەکاری دێنن واتا بۆ ئازادی هەیە و کەچی هیچ واتا و ناونیشانێکی تەواویشی بۆ نییە. با ئەم میناکە بگشتێنین و بپرسین گەلۆ لە جیهانی زانیارییەکانی دەرەوەی بیرکاریدا چەند پەیڤ و واژەی مانایی هەن کە هەموو مرۆڤایەتی ڕێکاوڕێک وەکوو یەک لێی تێدەگەن و یەک مانای ڕێکاوڕێکی لێ وەرگرن؟!...

بەکورتی ئەگەر زمان وەک پارچەیەکی سەرەکی لە بیری مرۆڤ خۆی بەشێ نەبێ لە تەڤلهەڤی و ئاڵۆزی زارەکی نێوان مرۆڤەکان، بێگومان لە گەوهەری خۆیدا ئامادەیی ئەمەی تێدا هەیە کە وەک دەسپێچک و داردەستی ئەو پارچەکەی تری بیر و مێشکی مرۆڤ بەکار بهێنرێ. بە هەرحاڵ لە هەردوو دۆخەکەدا ئەم کارکردەی زمان بەشێکی گەورەیە لە ناحاڵیبوونی مرۆڤەکان لە یەکتری. ئەڵبەتە ئەم ئاڵۆزی و نارۆونییە لە مانا کە قەت لە پەیکەری زمان ناسڕدرێتەوە، کاتێ لە هێما و چوارچێوەی ئەدەب و هونەردا خۆی دەنوێنێ هۆکار و سەرچاوەیەکی گرنگی دروستبوونی بەشێ لە جوانییەکانی ژیانە و یەکێکە لە دیاردە بێوەی و شیرینەکانی

ژیانی مرۆڤایەتی. بەڵام بە دیوەکەی تریدا ئەم ئاڵۆزییە کاتێ دەربازی بوارەکانی دیکەی زانست و زانیاری دەبێ بەڕاستی سەرچاوەیەکی گەورەی نارێکییە. بۆ وێنە ئەگەر لە بواری ئەدەبدا ناکرێ پێناسەیەکی ڕێکاوڕێک بۆ تێگینی "ئەڤین" بدۆزرێتەوە و نەبوونی ئەم پێناسەیەش زیانێکی ئەوتۆ بە مرۆڤایەتی ناگەیێنێ، خۆ دەکرێ لە بواری سیاسەتدا پێناسەیەکی تۆکمە و گشتگیر بۆ چەمکی "تیرۆر" ببینرێتەوە کە نەبوونی ئەم پێناسەیە خۆی یەکێکە لە گرفتە هەرە گەورەکانی جیهانی ئەمڕۆ. بیریشمان نەچێ کە ئەو جوانییەی کە لە ئەدەبدا هەیە ئەویش بۆ خۆی بە دیوێکی دیکەدا دیسان دەتوانێ بەکار بهێنرێ و ببێتە سەرچاوەی نارێکی. لە بەشەکانی دواتردا زیاتر باس لە بەکارهێنانی ئاڵۆزی و جوانییەکانی جیهانی ئەدەب وەک کەرستەیەکی نارێککردن دەکەین. لە نموونەی تردا ئەگەر ناکرێ لە ئاستی گەردوونیدا پێناسەیەکی پڕاوپڕ و تۆکمە بۆ "ئازادی" بکرێ، خۆ دەکرێ پێناسەیەکی ڕێکاوڕێک بۆ "یەکسانی" لە ئاستی هاووڵاتیبووندا بدۆزرێتەوە. یان ئەگەر ناکرێ بۆ چەمکی "هونەر" پێناسەیەکی دیاریکراو هەبێ، خۆ دەشێ بە هەندێ چەمک و زاراوەی دیاریکراو هونەری

**ئازادیخواز لەو هونەرەی کە لە خزمەت دیکتاتۆریدایە لەیەک جیا بکرێتەوە... و هتد.**

**بێگومان ئەم ئاڵۆزییەی کە باس کرا قەت نارەوێتەوە و بەتایبەتی زمانی هیچ یەک لە بوارەکانی زانیارییە مرۆییەکان ناتوانێ بە تەواوی "بە بیرکاری یان ماتەماتیزە"[١٥] بکرێ، بەڵام لانیکەم دەکرێ تۆزێکی لێ کەم بکرێتەوە. بەشێ لە ئەم کەمکردنەوەیە دەتوانێ نزیککردنەوەی زمان بێ لە بیرکاری و ژیربێژی. بەتایبەتی لە جیهانی دەرەوەی ئەدەب و هونەردا و بەگشتی لە دەرەوەی فانتازیای زماندا یەکێ لە ڕەهەندەکانی ئەم نزیککردنەوەیە دەکرێ لە دارشتنەوەی "پێناسەی گشگیر و تایبەت"[١٦]ی گەلێ لە چەمک و زاراوەکاندا بێتە ئاراوە. ئەم گشتگیر و تایبەت پێناسەکردنە هەم لە نێوخۆی هەر زمانێکدا و هەمیش لە وەرگێڕانی نێوان هەر دوو زمانێکی جیاوازدا دەکرێ ڕەچاو بکرێ. بەڵام دواجار وا دیارە ئاڵۆزی بەشێکە لە تایبەتمەندی زمان و هەر بۆیە بۆ هەمیشە لەگەڵماندا**

---

[١٥] mathematize

[١٦] inclusive and exclusive definition

**دەمێنێتەوە. پێدەچێ زمان کە ئەرکە سەرەکییەی خۆی گەیاندنی زانیاری و ئاگاییە، لە دژوازییەکی سروشتیدا ئەم تایبەتمەندییەی لە گۆشەیەکی خۆیدا هەڵگرتبێ تاکوو ببێتە یەکێک لە بەربەستەکانی بەردەم زانین و ئاگاییدا. و هەر بۆیە پێویستە ئێمە لە هەموو بەریەککەوتنێکی لە جۆری خوێندن، بیستن یان گوتن لەگەڵ زانیارییەکاندا هەمیشە گۆشەچاوێکمان لەم ڕاستییە بێ کە لەوانەیە زانیارییەکان دەقاودەق و ڕێکاوڕێک وەک خۆیان پێمان نەگەن...**

**نەهاتووم بە "ئەفسانە و موعجیزات"**

**"بیروهۆش"ی منداڵەکان گێژ بکەم**

**/ لەتیف هەڵمەت**

## وەهمستانی ژیری، چۆڵەوانی ژیربێژی

**لە بەشەکانی پێشووتردا بە ئاماژەیەکی زۆر کورت هێمام بۆ وەهمستانێ کرد کە بیری مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی تێیدا دەژی. لەم وەهمستانەدا کەمتر کەسێ، کەمتر گەلێ، کەمتر فەرهەنگێ، کەمتر دەسەڵاتێ، کەمتر سەرکردەیێ و کەمتر ڕۆشنبیرێ هەیە کە خۆی لە هاوشێوەکانی بە ژیرتر و عاقڵتر نەزانێ. بە شێوەیەکی گشتی هەموو دانیشتووانی ئەم دەڤەرە وەهمێکی گەورە لە ژیری و زیرەکی و عاقڵبوون دەژین. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ هەموو ئاماژەکان گوزارە لە نائامادەیی و نەبوونێکی هەمیشەیی ژیری و لەوە گرنگتر ژیربێژی دەکەن. لە ئەنجامدا ئێرە بووەتە زەلکاوێکی خورافی کە کارکردە سەرەکییەکەی هەزاران ساڵە بریتییە لە زنجیرکردن و وەستاندنی عەقڵ لەم دەڤەرەدا. ئەم وەهمستانە لەڕاستیدا**

بەشێک نییە لە ژیانی مرۆڤی ئەم ناوچەیە، بەڵکوو خودی ژیان خۆیەتی. تەنانەت لە سەدەی ٢١ـەمیشدا کەمترین سەرنج و ڕامان بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ ڕۆژانە وێناکانی ئەم وەهمستانە بە چاوی خۆی ببینێ. ئەم دۆخە لە وەهم و لە تارمایی عەقڵ دیاردەیەکی یەک و دوو ڕۆژ و یەک و دوو ساڵ نییە، بەڵکوو فەرهەنگ و نەریتێکە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی هەزاران ساڵە پەتائاسا گیرۆدەیەتی و هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆژیش هەر خەریکە ژیانی دەکات.

پێش هەموو شتێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەم ویژدانی جڤاکی گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردووە، هەمیش مرۆڤی ئەم دەڤەرە وەک تاکەکەس لە باری ویژدانییەوە بوونەوەرێکی ناتەواوە. هەر بۆیە جڤاک و تاکی ئەم ناوچەیە بە شێوازێکی هاوکات و هاوکار و هاوتەریب لە یەک کاتدا هەم ژێدەری سەرەکی و هەم وەرگری هەمیشەیی زانیاری ناڕاست و نادروستن. لە هەمان کاتیشدا هەر دووی ئەمانە لە ڕووی عەقڵانیشەوە بە ڕادەیەکی زۆر زیاتر ناتەواوی و ناڕێکییان پێوە دیارە. بە گوتنێکی ڕێکتر نە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی قەت بوونەوەرێکی لۆژیکی یان ژیربێژ بووە و نەیش نەریتی جڤاکی ئەم مەڵبەندە قەت ڕووبەرێکی کۆمەڵایەتی لەبار و

ئامادە بووە بۆ لۆژیک و ژیربێژی. ئەوەی من لەم دەڤەرەدا دەیبینم دێڕەشێعرێک دەتوانێ پرتووکێکی لۆژیک بخەسێنێ، ئایەتێک دەتوانێ مرۆڤ و جڤاتێک لە بیرکردنەوە بوەستێنێ، پەندێکی پێشینان دەتوانێ کۆتایی بە شیمانەیەکی درێژ بێنێ، بە هەمان شێوە حەدیسێک هێزی ئەمەی تێدایە دەمکوتی فەیلەسووفێک بدات، ئەفسانەیەک دەتوانێ پاشەکشێ بە زانستێک بکا و... هتد. بە هەرحاڵ ئەمە ئەو کەماسییە یەکەمەیە کە کەلێنێکی گەورەی لە ژیربێژی و بەتایبەتی لە دیوە دووەمەکەی، واتە لە دیوی بۆچوون و بەڵگاندن یا ئستدلالکردنی عەقڵانیدا دروست کردووە. نیشانەکانی ئەم کەماسییە بە ڕوومەتی هەموو بوارەکانی زانست لەم دەڤەرەدا بە ڕوونی دەبینرێن. بۆ وێنە دوو لەو پانتاییە فەرهەنگییە بەرفراوان و بەرینانەی کە بە ڕۆشنی گوزارە لە نەبوونی لۆژیک یان ژیربێژی هەم وەکوو چاند و هەم وەک زانست لەم دەڤەرە دەکەن بریتین لە ئایین و ئەدەب. ئایین لە خۆیدا زنجیرێکە لەو باوەڕە پیرۆز و نەگۆڕانەی کە یان کەس بۆی نییە لێیان بپرسێتەوە، یان ئەگەریش پرسیاریان لێ بکرێ لە بەرسڤدا وەهمێکی ئاسمانی بێ بەڵگە و لۆژیک و وەڵامێکی سەرەتایی بۆ دێننەوە. ئەدەبی

**ڕۆژهەڵاتی ناوینیش کە بە درێژایی هەزاران ساڵ لەژێر باندۆری ڕاستەوخۆی ئاییندا بووە و لەڕاستیدا بەشێکی گەورە لێی بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئایینە، بە هەمان شێوە هەڵگری جیهانێکی گەورەیە لە وەهم و تارمایی لە بواری بیرکردنەوەدا. ئەم دوو باڵە لە نەریت و فەرهەنگ هەزاران ساڵە خەریکی دروستکردن و دروستکردنەوەی بەردەوامی مرۆڤی ناژیر و نالۆژیکین لەم ناوچەیەدا. بێگومان ئەدەب و ئایین تەنیا هۆکار و ڕواڵەتەکانی نالۆژیکبوون لەم دیمۆگرافیایەدا نین و لە زۆر بواری دیکەشدا دەتوانین هەم ڕواڵەت و هەم هۆکاری دیکەشی لێ بدۆزینەوە. با هەندێکی کەم لەو وێنایانە بەسەر بکەینەوە کە سەردەمانێکە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوینیان کردووەتە مەڵبەندێکی سەرەکی ناژیری و نالۆژیکبوون.**

**هەزاران ساڵە مرۆڤی ئەم دەڤەرە ئەگەر بێ نەزر و نیاز و بێ پاڕانەوەی باوک و دایک لەلای شێخ و مەلا و مەزارگەی پیاوچاکان بە سروشتی لەدایک بووبێ، مسۆگەر دوای لەدایکبوونی نیازی کەوتووەتە چلەبڕ و تەوبڕ و... هتد. کە واتە لەدایکبوونی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی هەر لە سەرەتاوە لەدایکبوونی بوونەوەرێکە ناوکی بە ڕۆحانییەتێکی**

خورافییەوە بڕاوە. خورافەت لە چرکەچرکەی ژیانیدا پڕڕەنگە و بەشی هەرە گەورەی ژیانی لەلایەن ئەو هێزە ڕۆحییە خورافییەوە بەڕێوە دەبرێ کە لەسەر بوونی ئەو فەرمان دەڕانێ. من لە ژیانی پیشەیی خۆمدا خوێندکارانێکی زۆرم بینیوە لەکاتی ئەزموونەکانی تاقیکردنەوەی خوێندنگەدا "ئایەتەلکورسی"یان لە گیرفان ناوە تا یارمەتییان بدات. ئەمجۆرە ڕەفتارانە لە تەواوی بوارەکانی ژیانی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتیدا بە تۆخی دەبینرێ. هەموو جووڵە و هەڵسوکەوتێکی مرۆڤەکانی ئێرە بەستراوەتەوە بە غەیبانییەتێکی نادیارەوە و لێرەدا هێزێک لە دەرەوەی بیر و هزر و هۆش ئەم مرۆڤانە ئاراستە دەکات. بە گوتنێکی دی مێشکی ڕۆژهەڵاتی هەر لە سەرەتاوە ئەگەر بوونەوەرێکی تەواو "بێ بیروهۆش" نەبێ لانیکەم "نیوە بیروهۆش"ـە. ئەم بوونەوەرە بەگشتی زۆر بەدەگمەن بیر دەکاتەوە و سەرچاوەی گەلێ لە ڕووداوەکانی ژیانی لە دەرەوەی بیرکردنەوەی ئەودان. هەر لەم ڕۆژانەدا کە لەسەر ئەم مژارە بیرم دەکردەوە، ڕۆژێکی بارانی بە هەڵکەوت تووشی مامۆستایەکی هاوکارم هاتم کە بە بڕوانامەی ماستەر لە فیزیکدا دەقاودەق وەها شرۆڤەی بۆ بارانێک دەکرد کە

خەریک بوو دەباری: "داخم بزانی ئەم بارانی ڕەحمەتە دوعای کام خاسکردەیە؟!". بێگومان ئەم گرێدراوییە بە مێتافیزیک بەشێکی گەورە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی ئەم جڤاکەیە و کەمترین سەرنج بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ نموونەکانی زیاتری لێ ببینێتەوە، بەڵام دیسان بۆ جوانتر وێناکردنی ئەم دۆخە باشترە ئاماژە بە چەند نموونەیەک بکرێتەوە. ژیانی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لەجیاتی بەرنامەڕێژی، بە "جەخت یان سەبر"ێک بەندە و شانس یەکێکە لە چەمکە هەرە پڕڕەنگەکانی ژیانی ئەم مرۆڤە. ئەم بوونەوەرە کە کارێکی بۆ دێتە پێش لەباتی ئەمەی بژاردەکانی بەردەمی بەراورد بکا و لە ئەگەرەکان ورد بێتەوە و بکۆڵێتەوە، یەکسەر دەچێتە لای دوعانووسێ یان فاڵگیرێ تا دەمی قورئانی بۆ بدرێتەوە یان دوعایەکی بۆ بنووسێ یان فاڵێکی بۆ بگرێتەوە. لەکاتی خەوتندا ئەگەر فڵانەکەس هاتە خەوی ئەوە مانای خێرە و لەشوێن کارەکەی دەڕوا، ئەگەریش خەوی بە فیسارەوە بینی ئەوە مانای شەڕە و واز لەو کارە دێنێ. بۆ وێنە هەتاکوو ئێستاش "ئستخارە" کە لە مانادا بە واتای "چاکە خواستن" و لە کردەوەدا بە مانای "کردنەوەی قورئان بە مەبەستی دۆزینەی ئەنجامی کارێ کە هێشتا نەکراوە" دێت یەکێکە لە نەریتە

هەرە تۆخەکانی جیهانی ئیسلام. یان لە فەرهەنگی فارسیدا گرتنەوەی "فاڵی حافز" یەکێکە لە نەریتە پڕڕەنگەکان کە ڕۆژانە ژیان دەکرێت. نوێژەبارانە کە نەریتێکی باوی کۆمەڵگای کوردییە بە ڕۆشنی گوزارە لە بەکۆمەڵبوون و گشتیبوونی باوەڕ بە غەیبانییەتێکی دەرەوەی سروشت لەم ناوچەیە دەکات. ئەمڕۆ دوعانووسین لە زۆر شوێنی ڕۆژهەڵاتی ناوین کارێکە لە کارە هەرە پڕداهاتەکان. ئەسڵەن نەریتی زیارەتکردن کە لەم دەڤەرەدا یەکێکە لە نەریتە هەرە باوەکان بەزۆری بۆ دەسکەوتنی کۆمەکە ئاسمانییەکان و یارمەتییە غەیبانییەکانە و ئەم مرۆڤە هیچ نییە جگە لە پاڕێنەر و دوعاکەرێکی باش کە لە باشترین دۆخی بیرکردنەوەی خۆیدا تەنیا دەتوانێ بیر لەمە بکاتەوە کامە نزا باشترە بیکا، چۆن بپاڕێتەوە پاڕانەوەی گیراترە، دەست بە چییەوە بگرێ و ئاوێزانی چی بێ و بانگی کام بوونەوەری ئاسمانی و غەیبانی بکات تا ناڵەی بگاتە شوێنی مەبەست و زووتر ئەنجام وەربگرێ و... هتد. بەکورتی لە بیری ئەم مرۆڤەدا ئەوەی بزر و نادیارە خودی کردەی هزرین و بیرکردنەوە خۆیەتی. لەبری ئەمە هەر لە خوداوە بگرە تا پێغەمبەرانی هەرگیز نەبینراو، تاکوو پیاوچاکانی نێو

ئەفسانەکان ، هەتا شەیتان و جنۆکە و فریشتەکانی نێو پرتووکە پیرۆزەکان، هەتا تاق و جووتی تەزبێحەکان و تەنانەت تاکوو بەردە چاوەزارەکانیش، بوونەوەرانێ لە دەرەوەی ئەم مرۆڤە بۆی بیر دەکەنەوە، شرۆڤەی جیهانی بۆ دەکەن، سەلم و بەڵگە بۆ پێشهاتەکانی دێننەوە، هۆکاری ڕووداوەکانی بۆ شی دەکەنەوە و... هتد. بە مانایەکی تر هێزگەلێکی دەرەکی جودا لە هزری خۆی لەجێی ئەو بیر دەکەنەوە، یان لانیکەم چاودێری و ئاراستەی بەشێکی گەورە لە بیروهۆشی ئەو دەکەن و فەرمانی بە سەرەوە دەڕانن.

لە ئەنجامدا ئەم کەسایەتییە بوونەوەرێکی ناویژدانی و هاوکات نابەرپرسیشە و بە ئاسانی لەژێر باری کردە و گفتەکانی خۆی دەردەچێ. بۆ وینە بە سوێندێک ژنێک تەڵاق دەدا و هێلانەیەک دەشێوێنی، بەڵام ئەم ستەمکارییە دەخاتە ئەستۆی شەرع. ناشیاوترین کردەوە دەنوێنێ و دەیخاتە ئەستۆی شەیتان، کە پەشیمانیش دەبێتەوە، ئامادە نییە سەرکۆنەی خۆی بکا و دەوسی ئەوە لەعنەت و نفرین لە شەیتان دەکا کە گوایە ئەو گۆڵی داوە. دەتوانێ ساڵ دوازدە مانگ تاوان بکا و بە ڕشتنی دڵۆپە فرمێسکێ بۆ

فڵانە ئیمام تەواوی گوناهەکانی بشواتەوە. بەبێ ئەوەی بیر بکاتەوە دەتوانێ بکەوێتە شوێن فەتوایەک و سەری خەڵکی پێ ببڕێ و دواتر بیخاتە گەردنی ئایینەکەی و... هتد. ئەم نابەرپرسیارەتی و ناویژدانییە بەتایبەتی لە بواری زانین و زانیاریدا بە ڕەنگێکی تۆخ ئاشکرا و بەرچاوە. مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی پێش هەموو شتێک کەسایەتییەکی درۆزن و چەواشەکارە. وەک دەزانین درۆ لە مانا گشتییەکەی خۆیدا بریتییە لە پێدانی زانیاری چەواشە و ناڕاست و نادروست. لەڕاستیدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست درۆکردن زیاتر لەمەی بوویەر و کردەیەکی نائەخلاقی بێ دیاردە و نەریتێکی کۆمەڵایەتی ڕیشەدارە. ڕەگی ئەم نەریتە تەنانەت لەنێو ئایینەکانیشدا بەدی دەکرێ. "ئینجیل" بە ئاشکرا دەڵێ سارای ژنی ئیبراهیم لە ترسا درۆی لەگەڵ خوادا کردووە. لە هەمان ئینجیلدا هاتووە کە ئیبراهیم بە درۆ سارای ژنی وەک خۆشکی خۆی بە خەڵکی ناساندووە. لە مەزهەبی شیعە و لەژێر ناوی "تەقیە"دا درۆکردن تەنانەت تا ئاستی چاکە قەبوول و پێشنیار کراوە. بە درێژایی مێژوو تاکوو ڕۆژگاری ئەمڕۆش گێڕانەوە و تەنانەت ساختەکردنی حەدیس و هەروەها چەواشەکردنی ئایەتەکانی قورئان بەردەوام یەکێک

**بووە لەو گرفتە ئەخلاقی و جڤاکی و دیرۆکییە گەورانەی کە بەشێکی زۆری جیهانی ئیسلام هێشتا پێیەوە گرفتارە و هێشتا سەرچاوەی گەلێ لە توندوتیژییەکانی ئەم جیهانەیە. ئەسڵەن بەشی هەرە گەورەی مێژووی ئەم ناوچەیە لەسەر درۆ دامەزراوە و هەر گەلێک و بە کەیفی خۆی مێژوویەکی ئەفسانەیی و کەڤنار، فەرهەنگێکی ڕەسەن و پرشنگدار و شارستانییەتێکی پڕ لە شانازی و سەروەری بۆ خۆی داتاشیوە. لە بەرهەم و ئەنجامی ئەم نەریتی درۆکردنەدا نە لە ڕووی ویژدانییەوە و نەیش لە ڕووی زانستی و لۆژیکییەوە هیچ جۆرە پرەنسیپ و ڕێگەزێک بۆ پێوانی نرخی زانیاری لەم دەڤەرەدا بوونی نییە. لێرەدا ئەوەی نرخی زانیارییەکان دیاری دەکا بریتییە لە پێخۆشبوون و بەرژەوەندی مرۆڤەکان. مرۆڤی ئێرە دێڕێک لە کتێبێک بە جوانترین و باڵاترین دەق دەزانێ بەبێ ئەوەی بڵێ پێوەری جوانی لە دەقدا چییە. لە ئایەتێ، قسەی نووسەرێ، دیالۆگی ناو ڕۆمانێ یان دێڕەشێعرێکدا حیکمەتێکی گەورە دەبینێ و دەیکا بە مانیفێستی ژیانی خۆی، بەڵام نە دەتوانێ بڵێ ئەم حیکمەتە چییە و نەیش ئامادەیە ڕەخنە و شرۆڤەی لەسەر قەبوول بکات. چۆنکە هەڵبژاردن و پەژراندنی زانیارییەکان**

لەلای ئەم لەسەر تاقیکردنەوە و دەرکەوتنی ڕاستی یان ناڕاستی نییە، بەڵکوو لەسەر بنەمای ئەمەیە کە چۆن و تا چی ڕادەیەک بەرژەوەندییەکان، خوازە و حەزەکان و وەهمەکانی ئەو تێراو دەکەن. هەر بۆیە لەلای ئەم قسەیەک دروستە کە لە هەناوی ئایینەکەی ئەوەوە هاتبێتە دەرەوە یان بە نیاز بێ دروستی ئایینەکەی ئەو بسەلمێنێ. ئەو دیرۆکە ڕاستە کە پێداگری لەسەر کەڤنارەیی نەتەوە و دیرۆکیبوونی وڵاتەکەی ئەو دەکات. ئەو شێعرانە لە لووتکەی ئەدەبدان کە هۆزانی زمانەکەی ئەم دەیانهۆنێ یان ڕۆحی ناسیۆنالیستی ئەو تێراو دەکەن. تەنیا سەرکردەکەی ئەمە کە قسەی ڕاست و پڕحیکمەت دەکا و تەنیا ئەو فەلسەفە و ئایدۆلۆژیایە لە چاویدا ڕێکوپێکە کە ئەم بە دروستی دەزانێ و باوەڕی پێیەتی... و هتد.

هەر لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینەیە کە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بەتوندی لەسەر زانیارییەکانی خۆی وشکەڕۆ و دەمارگیرە. زۆربەی هەرە زۆری زانیارییەکان لەو ساتەوەختەی کە بە مێشکی دەگەن یەکسەر دەبن بەو باوەڕە نەگۆڕانەی کە لەباتی ڕۆشنکردنەوی بەشێ لە تێڕوانین و تێگەیشتنی ئەو، بە پێچەوانەوە دەبن بە زنجیرێ کە لە بیروهۆشی دەئاڵێن و

**بەشێ لە بیرکردنەوەی لێ دەستێننەوە. هەر لەبەر ئەمەیە کە زانین لەم ناوچەیەدا بەشێ نییە لە کرانەوە و بەرچاوڕوونی، بەڵکوو بەشێکە لە دەمارگرژی و داخرانی عەقڵ. لێرەدا مرۆڤەکان تەنانەت لەسەر ئەو بوارەش کە لە زانکۆ دەیخوێنن دەمارگرژن. بۆ وێنە ئەگەر بە خوەندەیەکی مێژوو بڵێی مێژوو پڕە لە درۆ، لەوانەیە بەتوندی لێت تووڕە بێ. یان ئەگەر بە مامۆستایەکی ئایینی بڵێی فڵانە پرتووکی پیرۆز دژوازی تێدایە، دوور نییە پەنا بباتە بەر تەکفیرکردن و تەنانەت توندوتیژی. یان ئەگەر بە دەروونناسێ بڵێی ڕێچارەکانی ئەم زانستە ئەزموون و تاقیکردنەوەیە و هیچیان ڕێگەچارەی ڕەها و یەکلاکەرەوە نین، بە ئەگەرێکی زۆر بەرانبەرەکەی بە ناحاڵیبوون ناوزڕ دەکا و... هتد. بەکورتی لێرەدا عەقڵی مرۆڤەکان بەگشتی عەقڵێکی تاک ڕەهەندە کە زانیارییەکانی خۆی نە لەڕێگەی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەی ڕاستی و ناڕاستییانەوە، بەڵکوو لە ڕاستای تێرکردنی حەز و خوازەکانی خۆیدا هەڵدەبژێرێ کە زۆربەشیان لە ئاستی غەریزی و سەرەتاییدا ماونەتەوە. بە مانایەکی تر ئەم کەسایەتییە تەنیا ئەمەی بۆ گرنگە هەندێ زانیاری پێ بێ تا بیانکات بە باوەڕ بۆ خۆی و لەسەر ئەو باوەڕانە**

دۆگمەکانی خۆی ساز بکات. بە تەعبیری بەختیار عەلی لە پرتووکی "لەدەستدانی ئاسمان"دا ئەم جڤاکە تەنانەت خوێندەوارەکانیشی حەزیان لەوەیە شەڕەکەڵەشێر بە فەیلەسووفەکان بکەن و قسەکانی فەیلەسووفی خۆیان بۆ ئەوە بەکاردێنن تا فەیلەسووفەکانی تری پێ ببەزێنن و دۆگمەکانی خۆیانی پێ پڕڕەنگتر بکەنەوە[١٧].

هەر ئەم نەریتەیە کە وەهای لەم جڤاتە کردووە هەم لە کەسایەتی تاکەکانیدا و هەمیش لە هێمای خودی جڤاکدا زۆر کەم پرسیاری بۆ دروست ببێ و ئەگەر پرسیارێکیش هەبێ و کەسانێک بەشوێن بەرسڤدا بگەڕێن ئەم نەریتە لەپێشدا وەڵام و هۆکارەکانی بۆ بەردەست و ئامادە و دیاری کردوون. بۆ وێنە "خودا" نەتەنیا خۆی ڕێگرێکی گەورەیە لە بەردەم پرسیارکردندا، بەڵکوو هەر خۆشی بە تەنیایی بەرسڤی یەکلاکەرەوەی هەزاران هەزار پرسیارە. قورئان وەک پرتووکێکی پیرۆز لەلایەک خۆی پرسیارپەرێزە و لەلایەکی ترەوە هەر خۆشی وەڵامی هەزاران هەزار مەراقی تێدایە. لەم ناوچەیەدا بە هەمان شێوە کە هەزاران کەس هەن کە

---

[١٧] لەدەستدانی ئاسمان، ل. ١٠(گێڕانەوە بە واتا)

**دەتوانن کاوێژئاسا حەدیسێکی دیاریکراو وەک وەڵامی پرسیارێکی دیاریکراو دوبارە بکەنەوە، هەزاران کەسیش هەن کە ئامادەیی ئەوەیان تێدایە ئەو حەدیسە وەک وەڵامێکی ڕێکاوڕێک یەکلاکەرەوە بپەژرێنن. لەم ناوچەیەدا دێڕەشێعرێ دەتوانێ ببێتە بنەمای هەزاران ساڵ مێژوو، پەندێ دەتوانێ ببێتە سەلمێکی ڕەها، دێڕەنۆتێکی نووسەرێ دەتوانێ ببێتە ڕێگایەکی کۆتایی و شیکارییەکی یەکجاری و هەموو شتێک ببڕێتەوە و... هتد. بەکورتی لێرەدا ژیری و ژیربێژی لەمەدایە کە مرۆڤ لە قسەکردنیدا شێعری ئەزبەر بخوێنێتەوە، بۆ پاڵپشتی قسەکانی فەرموودە بگێڕێتەوە، بۆ نەخشاندنی بۆچوونەکانی حیکایەت بڵێتەوە و بۆ سەلماندنیان ئایەت بێنێتەوە تا هەم خۆی لە وەهمی زاناییدا بژی و هەم گوێگرەکەشی لە وەهمستانی زانیندا وێڵ بکا. لە ئەنجامدا ئەوەی مرۆڤەکان دەیبیستن، دەیخوێنن، فێری دەبن و دەیزانن هیچ نییە جگە لە تارمایی و سێبەرێک لە زانین کە پێناچێ قەت بگاتە ئاست و قۆناخی ئاگایی...**

## بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بریتییە لە گەیشتن بە تێگەیشتن

فاروق ڕەفیق /

### ڕەخنە و شرۆڤە، ونکراوی جیهانی زانیاری

"شرۆڤە" لە دوو پەیڤی "شی=شیکردن" و "ڕۆڤە=ڕۆڤین و ماڵین" پێکهاتووە بە مانای "جارێ شیکردن و لەیەک جیاکردن و ئمجا ڕۆڤین و گسکدان بۆ کۆکردنەوە" دێت. بە گوتنێکی دی شرۆڤە واتە ژێروبانکردن، تیشکخستن، تاوتوێکردن و هەڵدانەوەی هەموو لایەنەکانی پرس یان مژارێک. هەرچی وشەی "ڕەخنە"شە، لە دوو پەیڤی "ڕەخ=کەنار، کێلەک و لا" و "نە=نان یا نیان" پێکدێ و واتای "بە ڕەخەوە نیان، لە لاوە پێکان و لە کەنارەوە هێڕشکردن" دەدات. کە واتە ڕەخنە لە ناخی خۆیدا جۆرێکە لە پەلاماردان، بەڵام لە جیهانی زانستدا بە واتای چوونەسەر هزرێک دێت بە مەبەستی دەستنیشانکردن و دەرخستنی کەموکوڕی و ناتەواوییەکانی ئەو هزرە. لێرەدا ئەم دوو پەیڤە و بەتایبەتی پەیڤی "ڕەخنە" لەو مانایە بەکار نایەن کە ئاماژە بە لایەنە

تەکنیکییەکانی بەرهەمێکی هزری دەکەن و بۆ وێنە باس لەمە دەکەن بەرهەمێکی هزری سەر بە کام ڕێبازی ئەدەبی یان کام قوتابخانەی فەلسەفی یان کام ڕوانگەی هونەری بەرهەم هاتووە و لە چی ئاستێکی تەکنیکی و هونەریدایە، بەڵکوو هەردوو وشەکە ڕێکاوڕێک ئاماژەن بەمەی کە پەیامەکانی ئەو بەرهەمە چین و دەیەوێ کام و چۆن زانیارییەکمان بداتێ. بە مانایەکی تر لێرەدا کە باس لە ڕەخنە و شرۆڤە دەکرێ، مەبەست ڕەخنە و شرۆڤەیەکە ڕاستەوخۆ بپەرژێتە سەر چۆنێتی زانیارییەکان و کار بکات بە ئاراستەی ڕووتکردنەوەی ئاماژە و هێماکان و دەرخستنی ئەو ناخ و کرۆکەی کە لەوانەیە لەلای زۆر کەس بە شاراوەیی و تەماوی بمێنێتەوە. بە مانایەکی تر ئەرکی سەرەکی شرۆڤە سەبارەت بە هەر هزر و زانیارییەک بریتییە لە، یان ڕێکتر بڵێین دەبێ بریتی بێ لە ڕۆشنکردنەوەی گۆشە نادیارەکان و ئاماژە تەماوییەکان، هەڵدانەوەی دیوە جیاوازەکان، دەرخستنی مەبەست و ئامانجی زانیارییەکان لەڕێگەی تاوتوێکردن و شیکاری ئەوانەوە و لە کۆتاییدا گەیاندنی مەبەست و پەیامی ڕاستەقینەیان. ئەو ئەرکەی کە بە

بۆچوونی من ونکراوێکی گەورەی جیهانی زانیارییەکانە. چۆن، با تۆزێ لەسەر ئەم بۆچوونە ڕابمێنین و ڕاوەستە بکەین.

لە جیهانی ئەمڕۆژی ئێمەدا مرۆڤ بە چرکە لەژێر بۆمبارانی زانیارییە جۆراوجۆرەکاندایە. تەلەڤزیۆنەکان بێ پشوودان مێشکی بینەرەکانیان دەگرنە بەر ڕێزی زانیاری. کتێبەکان، گۆڤارەکان و ڕۆژنامەکان بێ ناوبەر دەکەونە بەر دەستی خوێنەرەکانی خۆیان تا زانیارییان بدەنێ. ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شەوانەڕۆژ ئەندامەکانیان بە تەنیا ناهێڵن تاکوو هیچکامیان لە زانیارییەکانی ئەوان دوا نەکەون و... هتد. هەموو ئەمانە پێکەوە لەنێو موبایلێکدا بەردەوام لە کەمیندان تا بە هەر شێوازێک و هەرکاتێ بواریان بۆ بڕەخسێ زانیاری بە خاوەن موبایلەکان بگەیێنن. لە بەرانبەردا نە ژێدەرەکان بە تەواوەتی جێگەی متمانەن، نە بەردەنگەکان دەپەرژێنە سەر هەڵسەنگاندنی هەموو زانیارییەکان و نەیش دەرفەت هەیە هەموویان تاقی بکرێنەوە. بە گوتنێکی دیکە لەزگینی کەڵەکەبوونی زانیارییەکان بەرانبەر بە خێرایی تێڕامانی ئێمە لەو زانیارییانە جیاوازییەکە قەت بەراورد ناکرێ. لەڕاستیدا ڕێژەی "ئەندازەی تێڕامانی مێشکی ئێمە لە زانیارییەکان" بە "ئەندازەی کەڵەکەبوونی زانیارییەکان لە

مێشکماندا" ئەگەر سفر نەبێ زۆر لە سفرەوە نزیکە. ئەمە وا دەکات ئەو دۆخە لە زانایی یان ئاگایی کە مرۆڤەکان سەبارەت بە زانیارییەکان ژیانی دەکەن، بەشی هەرە گەورە لێی بریتی بێ لە ژیانکردنی بۆش و کەلێنێکی گەورە کە هەمان "نەبوونی شرۆڤە و ڕەخنە"یە.

لەسەر ئەم نەریتەی کە شرۆڤە و بەتایبەتی ڕەخنە زیاتر لە هەر بوارێکی دیکە لە بواری ئەدەبدا بەرگوێ دەکەوێ، با لەپێشدا ئاوڕێک لەم دوو چەمکە لە جیهانی ئەدەب بدەینەوە. بە وەبیرهێنانەوەی ئەمەش کە لێرەدا مەبەست لایەنی تەکنیکی باو نییە و باس لەو شرۆڤە و ڕەخنەیە دەکەین کە پەیوەندیدارە بە ناوەڕۆک و چۆنێتی پەیامی زانیارییەکانەوە. لەڕاستیدا گەلێ ئاماژەی گەورە لە جیهانی ئەدەبدا هەن کە هەم گوزارە لە پێویستی و نیازی جڤاک بۆ ڕەخنە و شرۆڤەی بەرهەم و هزری ئەدیبان دەکەن و هەمیش کاریگەری و باندۆری ڕەخنە و شرۆڤە لەسەر جڤاک نیشان دەدەن. بۆ وێنە هیچکەس ناتوانێ نکۆڵی لەمە بکا کە شرۆڤەکانی ڕۆمانی "قەڵای ئاژەڵان"ی "جۆرج ئۆرڤێل" زیاتر لە خودی ڕۆمانەکە کاریگەری هەبووە لە وێناکردنی ڕاستییەکانی جیهانی کۆمۆنیزمی ئەو سەردەمە و

ئاگاداربوونی خەڵک لە بارودۆخی ئەو جیهانە. ئەمە نموونەیەکە لە باندۆری شرۆڤەی ئەدەب لەسەر کۆمەڵگا. بۆ هێنانی نموونەیەک لە پێویستی شرۆڤە و ڕەخنە دەکرێ ئاماژە بە دیوانی "گورگەکانی لەتیف هەڵمەت" بدرێ. من لەم باوەڕەدام کە ئەگەر ساڵی ١٩٩٧ پەیامەکانی "لەتیف هەڵمەت" لەم دیوانەدا بە دروستی و بە ڕۆشنی بۆ کۆمەڵگای کوردی باشووری کوردستان شرۆڤە کرابایە و جڤاکی کوردی لە هۆشداری و ئاگادارکردنەوەکانی لەتیف هەڵمەت بەئاگا هاتبایەوە، بە ئەگەرێکی زۆر دۆخی ئێستاکەی باشووری کوردستان دەیتوانی زۆر لەمە باشتر و ڕێکوپێکتر بێ. لە نموونەیەکی دیکەدا من باش لەبیرمە سەردەمانێک لە کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆربەی خەڵک بە دیار ڕێزەفیلمی "کرانشینی"یەوە شەوانەی خۆیان ڕادەبوارد و ڕۆژانەش دەیانکرد بە گاڵتەوگەپی سەرشەقام، بەڵام لە ئەنجامی نەخوێندنەوەی خەڵکدا و نەبوونی شرۆڤەدا تا ئێستاشی لەگەڵ بێ خەڵکی نازانن لەم هەڵبەستەدا شامی کرماشانی باسی چی دەکرد و دەیویست چی بڵێ!. بەرهەمەکانی شێرزاد حەسەن میناکێکی ڕووتی دیکەیە لەم پرسگرێکە. ئەگەر پەیامەکانی شێرزاد حەسەن لە ڕۆمانەکانی

وەکوو "حەسار و سەگەکانی باوکم" یان "پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان" بە دروستی بگەشتانایە خوێنەرانی باشوور و ئەو خوێنەرانە شێرزادیان تەنیا بۆ خوێندن نەخوێندایە، ئەمڕۆ دیاردەیەک بەناوی ژنکوژی لە باشوور بوونی هەر نەبوو!... . بەداخەوە لە جیهانی ئەدەبدا ژمارەی ئەو شرۆڤە و ڕەخنانەی کە بە ڕۆشنکردنەوە و ڕووتکردنەوەی هزرەکانی بواری ئەدەب هەڵدەستن، بە بەراورد زۆر زۆر کەمترن لە ژمارەی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی کە پەیام و زانیارییان پێیە. بە گوتنێکی دی پێچەوانەی ئەو بانگەشەیەی کە دەکرێ بەشی گەورەی ئەدەب دوورە لە ڕەخنە و شرۆڤە و لە ئەنجامدا ڕێژەیەکی بەرچاو لێی بە ڕادەیەکی زۆر لە هەرجۆرە زانیاری و پەیامێکی ئەوتۆ بە ئاراستەی ئاگایی بەخشین و ئاگادارکردنەوە خاڵییە. بەداخەوە پێچەوانەی بانگەشەی باو بەشێکی بەرچاو لە ئەم خاڵیبوونە خەسڵەت و تایبەتمەندی جیهانی ئەدەب خۆیەتی.

جارێ پێش هەموو شتێک نکۆڵی لەمە ناکرێ کە دیوێکی ئەدەب بە ئاشکرا لە خزمەت نارێکییەکانی وەکوو فاشیزم، دیکتاتۆری، ژینۆساید، شۆڤینیزم، جەنگ، پاشڤەرۆیی و... هتددا لەسەر کارە بۆ چەوتاندن و خەڵەتاندن و بەکورتی بۆ

بەرهەمهێنانی زانیاری ناڕاست و نادروست. ئەگەر لەم لایەنە گەڕێین، پەیوەندیدار بە جیهانی زانیارییەکان تەنانەت دیوە ئاسایی و بێوەیەکەی ئەدەبیش هەڵگری گەلێ ناتەواوی دیکەیە. بەشێکی ئەم ناتەواوییە دەگەڕێتەوە بۆ ئاڵۆزی زمان کە پێشتر باس کرا، بەڵام بەشێکی دیکەشی پەیوەستە بەو جوانییەی کە هەم لە ڕواڵەت و هەم لە هەناوی زمان و ئەدەبدا هەیە. ئەم جوانییە یەکێکە لەو هێزانەی کە لەڕێی خەریککردنی بەردەنگ بە خۆیەوە وای لێدەکا لە لۆژیک و ژیربێژی دوور بکەویتەوە و ئەویش چی پێ خۆش بێ دەرخواردی بدا. دیوێکی دیکەی ناڕێکبوونی ئەدەب لەگەڵ زانیاریدا هەبوونی ئەو بەهرانەیە کە لە ناخی خۆیاندا تەنیا و تەنیا دەکەونە چوارچێوەی "ئەدەب بۆ ئەدەب" و لەو چوارچێوەیەدا دەئافرێنن بەبێ ئەوەی نیازێکیان هەبێ زانیارییەک بگەیێنن، بەڵام بەهۆی شرۆڤە و شیکاری نالۆژیکییەوە زانیاری ناڕاست و پەیامی هەڵەیان لێ هەڵدەبەسترێ. بەداخەوە ئەم زۆر جار خودی بەهرەمەندان و ئافرێنەرانی بواری ئەدەب لەم ناڕێکییەدا بەشدارن. بۆ وێنە نووسەرانێک هەن کە قەت نایدرکێنن مەبەستیانە لە ئافراندنی بەرهەمێکدا چی زانیارییەک بگەیێنن و وەک

بەرهەمێکی ئەدەبی پەتی پێشکەشی دەکەن و خوێندنەوەی بە تەواوەتی دەهێڵنەوە بۆ خوێنەر، کەچی بەرانبەر بە هەموو خوێندنەوە و شرۆڤەیەکیش سەر دەلەقێنن کە گوایە مەبەستیان ڕێکاوڕێک هەر ئەو خوێندنەوەیە بووە کە شرۆڤەکار و ڕەخنەگرەکان پێی گەیشتوون. بە ڕاستی کەم نین ئەو ڕۆماننووسانەی کە تەنیا ڕۆمان دەنووسن بەبێ ئەوەی بڵێن مەبەستیان چییە و دەیانەوێ چۆنە پەیامێک بگەیێنن و چۆن زانیارییەک بدەن بە خوێنەر، بەڵام دواتریش ئەگەر کەسێ لێیان بپرسێ ئایا مەبەستتان لەو بەرهەمە فڵانە ڕووداو بوو یان ویستتان فڵانە پەیام بگەیێنن، ئەوسا بەرسڤی دڵخواز دەدەنەوە کە بەڵێ وایە. یان کەم نین ئەو شاعیرانەی لە سەردەمێکدا بە ئاماژە بانگ لە کوولەکەی تەڕدا دەدەن، بەبێ ئەوەی بچووکترین ئاماژەیەک بدرکێنن کە مەبەستیان چی بووە، بەڵام دواتریش ئەگەر شرۆڤەی کەسێکیان سەبارەت بە بەهرەکەیان بەدڵ بووبێ دەڵێن ئا ئا، ئێمەش هەر بەو مەبەستە نووسیومانە... و هتد. ئەمە جگە لەو نووسەر و ئەدیبانەی کە هەر باوەڕیان بە ڕەخنە و شرۆڤە نییە. بەکورتی ئەمانە ئەگەر لە دەرەوەی فانتازیای "ئەدەب بۆ ئەدەب" سەیر بکرێن، سەبارەت بە پەیوەندی

نێوان زانین و کۆمەڵگا بە ڕێژەیەکی زۆر هەڵگری خەسڵەتی شێواندنی کۆمەڵگان لە بواری زانیاریدا.

ئەگەر لە گۆڕەپانی ئەدەبدا پەیوەندی ڕەخنە و شرۆڤە لەگەڵ زانیاریدا بەم شێوازە بێ، لە دەرەوەی جیهانی ئەدەب دۆخەکە زۆر زۆر نارێکترە. لەڕاستیدا لە جیهانی زانستەکانی دەرەوەی ئەدەب ئەوەی هەیە بەرهەمهێنانی بەردەوامی زانیاری پەتییە بەبێ فیلتەر و بەبێ ڕەخنە و شرۆڤە. وەک پێشتریش ئاماژەی پێکرا تەوژمی زانیارییەکان بەبێ هیچ ناوبەر و پشوویەک بەسەر مێشکی مرۆڤەکاندا دەبارێن و هیچ دەرفەت و هێڵانێک نادەن کە تەنانەت ڕاست و درۆیان تاقی بکرێتەوە، چی بگات بەوەی لۆژیکیبوونیان بخرێتە بەردەم تاقیکردنەوە. بە گوتنێکی ڕێکتر یەکێ لە چاوگ و ژێدەرە هەرە گەورەکانی نارێکی لە جیهانی زانیاریدا بریتییە لە بچووکبوونی شرۆڤە و ڕەخنەیە تا ئاستی ئاڵایە سفردا و هاوکات کەڵەکەبوونی زانیاری لە ئاستێکی ناکۆتادا.

لە نەبوونی ڕەخنەیەکدا کە ڕێبازێکی زانستی بە بنەما بگرێ و لەسەر ئەخلاقێکی هزری ڕۆشن ڕاوەستێ و ئامانجەکەشی ڕووتکردنەوەی زانیارییەکان بێ بۆ دەرخستنی ڕاسەڵەی ناخی

**ئەوان، جیهانی زانیاری گیرۆدەی پەتایەکی زۆر زۆر گەورەیە. ئەگەر بەشێکی ئەم پەتا جیهانییە هۆکرد و لێکەوتەی لێشاوی بەلێزمەی زانیارییەکان بێ، یان بەشێکی ئەنجامی فریانەکەوتن و سەرقاڵبوونی خەڵک بێ کە ناتوانن زانیارییەکان تاقی بکەنەوە، یان ئەگەر بەشێک لێی ئەنجامی کەمتەرخەمی بێ و خەڵک بۆیان گرنگ نەبێ چجۆرە زانیارییەک دەرخوارد دەدرێن، بەڵام بەشێکی زۆر گەورەشی بەتایبەتی لە دەڤەرێکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناویندا گرێدراوی دیکتاتۆری و دەسەڵاتە لە هەموو جۆر و شێوازەکانیدا. دیکتاتۆرییەتی نەریت، ئایین، ماڵبات، پەروەردە، دەوڵەت و... هتد.**

**ئەم دەسەڵاتانە بە جۆرێ زاوتەیان بەسەر تاک و کۆمەڵگادا هەیە کە هیچکەس نە دەوێرێ تانە لەو زانیارییانە بدا کە لە دەرەوەی خۆی ئاراستەی دەکرێن، نەیش دەتوانێ ڕاشکاوانە بۆچوون و زانینەکانی خۆی ئاراستەی دەرەوە بکا. هەر بۆیە زانیارییەکان لەلایەک وەک پیرۆزی سەیر دەکرێن، لەلایەکی دیکەشەوە هەڵگری ڕێژەیەکی زۆر لە درۆیی و ناڕاستین. لە ئەنجامدا زانیارییەکان ئاڵایە هیچ شیکاری و شرۆڤە و ڕەخنەیەکی دروست و لۆژیکییان بە دواوە نایەت. ئەم دەڤەرە لە دۆخێکدا دەژی کە تێیدا گومانکردن لە**

زانیارییەکانی ئایین قەدەخەیە و کاردانەوەی ئەگەرێکی وەها مسۆگەر دەبێتە تەکفیر. لێرەدا کەس ناوێرێ ئازادانە لە زانیارییەکانی مێژووی دەستکرد و هەڵبەستراوی ئەم ناوچەیە لێپێچینەوە بکا بەبێ ئەوەی تیرۆریزە و سەرکوت نەکرێ. هیچ کەسێ بۆی نییە حیکمەتی دەسەڵاتدارەکان بخاتە بەر گومان و پرسیارەوە، مەگەر تاوانی تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی نەخرێتە ئەستۆی. لێرەدا تا ئێستاکە ڕێگە نەدراوە تەنانەت ڕاپرسییەکی ڕاشکاوانەش بەڕێوە بچێ، یان سەرژمێرییەکی خاوێن ئەنجام بدرێ. تەنانەت لە بچووکترین ئاستی جڤاکیشدا ناکرێ لەنێو کۆمێکدا کەسێکی درۆزن بە درۆ بخەیتەوە و بە بێئەدەب لە قەڵەم نەدرێی. و... هتد. بەکورتی ژیان لەم دۆخەدا هیچ نییە جگە لە ژیانکردنی دۆخێکی هەمیشەیی لە چەواشەکاری، دووڕوویی، سانسۆر و خودسانسۆری مرۆڤەکان لەنێوان خۆیاندا و بەرپابوونێکی بەردەوام لە تارمایی لە بواری زانیاریدا. هەر بۆیە بەتایبەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زانیارییەکانی ئێمە ئەگەر سەداسەد دەمامک و سێبەرێکی درۆکانی نەبن لە حەقیقەت و ڕاستی و دروستی، بێگومان بەشی هەرە گەورەیان تەنیا توێژاڵێکی ڕواڵەتین لە زانیارییە

ڕاستەقینەکان. لەڕاستیدا مرۆڤی ئەم سەردەمە لەلایەک لەژێر تەوژمی زانیاریدا خەریکە دەخنکێ و لەلایەکی دیکەوە تا ئاستێکی زۆر بێبەشە لە شرۆڤەکردن و ڕەخنەکردن و هەر بۆیە پێچەوانەی ئەو هەست بە زانابوونەی کە هەیەتی بوونەوەرێکە هەڵگری ڕێژەیەکی زۆر لە نەزانییە. ئەمە ئەو ناتەواوی و کەلێنە مەزنەیە کە مرۆڤ لە جیهانی زانیاریدا خەریکە ژیانی دەکا و ئەمە دەردێکی گەورەی جیهانی زانیارییە. بەڵام کورد گوتەنی "تو چ دبێژی بێژە، نیڤێ هەزاری پێنجسەدە"، کە واتە ڕاستی و دروستی هیچکات ناگۆڕێت و چاوەڕێیە ئێمە پێی بگەین، بە مەرجێ ئێمەش بە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و شرۆڤەی لۆژیکی لەسەری بڕۆین تا بیدۆزینەوە و لەڕێی ئەوەوە بگەینە ئاستی ئاگایی.

**هەندێ کتێب بۆ ئەوەیە تامیان بکەیت، هەندێک دەبێت قووتیان بدەیت و کەمێکیشیان بۆ ئەوەیە بیانجوویت و هەرسیان بکەیت**

**/ فرانسیس بەیکن**

## کتێب و خوێندن، زانین و ئاگایی

هەرکاتێ باس لە چەمکەکانی وەک زانست، زانین، زانیاری و ئاگایی دەکرێ بە ئەگەرێکی زۆر سەرنج و ئاماژەی مرۆڤ زیاتر لە هەموو شتێکی دیکە دەچێتە سەر خوێندن بەگشتی و کتێب بەتایبەتی. لەوانەیە هیچ فەرهەنگ و نەریتێک نەبێ کە هانی خوێندنی نەدابێ. بەتایبەتی لە ئەدەبی ڕۆشنبیری و ناسیۆنالیستی سەدەی ڕابردووی کوردیدا زۆر لەسەر گرنگی خوێندن ڕاوەستە کراوە. بۆ وێنە هێمن دەڵێ: "درەکە بشکێنە، پەچە بدڕێنە، ڕاکە مەدرەسە ـ چاری دەردی کوردەواری خوێندنە هەر خوێندنە". یان پیرەمێرد دەڵێ: "بۆیە حەز لە خوێندن و مەکتەب ئەکەم ـ بە خوێندن ئاوا ئەبێ وڵاتەکەم". هەروەک چۆن قانعیش دەڵێ: "ڕۆڵەکەم خوێندن بخوێنە،

مەکتەبە دەرمانی کورد ـ تێگەیشتن مەرهەمە بۆ زامی بێ سامانی کورد". ئەگەرچی لەوانەیە مەبەستی قانع و هێمن لە دەردی کوردەواری زیاتر چاری دەردی داگیربوون و بندەستی بووبێ، بەڵام بێگومان زۆربەی هەرە زۆری خەڵک خوێندن بە یەکێ لە دەرمانە هەرە گرنگەکانی زۆرێکی تر لە دەردەکانی مرۆڤایەتی دزانن، بەتایبەتی دەردی نەزانی. هەروەها پێدەچێ پیرەمێردیش لێرەدا قسەی زۆرینەی خەڵک بکا کە پێیان وایە ئاوەدانی و پێشکەوتنی وڵات نزیکایەتی ڕاستەوخۆی بە خوێندنەوە هەیە. گەلۆ بەڕاستی ئایا وەهایە؟!... . ئایا خوێندن ناتەواوییەکانی خوێنەر پڕ دەکاتەوە یان دەتوانێ کەلێن و ناتەواویشی تێدا دروست بکا؟. ئایا خوێندن هەمیشە مرۆڤ دەگۆڕێ بۆ بوونەوەرێکی باشتر و ڕێکوپێکتر یان دەتوانێ بەرەو ناڕێکیشی ببات؟. ئایا ئەوانەی تا ئێستا مرۆڤایەتییان بەرەو ناڕێکی و ناخۆشی بردووە نەخوێندەوارتر لە خەڵکانی دیکە بوونە یان خوێندەوارتر لەوان؟. ئایا گرنگە مرۆڤ تەنیا بخوێنێتەوە یان ئەمەش گرنگە کە چی دەخوێنێتەوە؟. ئایا هەموو پرتووکەکان باشن یان خراپیشیان تێدایە؟. ئایا باندۆر و کارلیکی هەر مژار و هەر پرتووکێک لەسەر هەموو خوێنەرانی وەکوو یەک وایە؟

و... هتد. با میناکیتر و ڕۆشنتر ئەم مەراقانە دوبارە بکەینەوە: ئایا هیتلەر، ستالین، خومەینی، ئەردۆگان و... هتد، ئەمانە هەموویان خوێندەوار نەبوون؟، ئایا نەخوێندەوار هەیە هێندەی ئەمانە ناڕێک بووبێ؟، یان لە نموونەی نزیکتردا ئایا کوردێکی نەخوێندەوار باشترە یا کوردێکی خوێندەوار کە مێشکی لێوانلێوە لە مێژووی دەسکرد و ساختەی گەلانی داگیرکەر؟، ئایا کوردێکی نەخوێندەوار ڕێکترە یا کوردێکی مامۆستا کە سی چڵ ساڵ لەنێو خوێندنگەکان دەبێتە داردەست و ئامرازی قڕکردنی فەرهەنگی نەتەوەکەی خۆی؟... و هتد. لێرەدا جارێکی تر وەبیری خوێنەر بێنمەوە کە لەم نڤیسارەدا کاتێ باسی خوێندەواری دەکرێ زیاتر مەبەست خوێندەوارییە لە بواری زانستە مرۆییەکاندا نە وەک خوێندەواری لە بوارێکی پسپۆڕی دەرەوەی ئەم زانستانە.

بە هەرحاڵ من هیچ گومانێکم نییە کە خوێندن هەم دەکرێ کردەیەکی ناڕێک بێ، هەم دەتوانێ دەرگا بەرەو ناڕێکی بکاتەوە و هەم توانا و دەرفەتی ئەوەشی تێدایە ناڕێکیش بەرهەم بێنێ و مرۆڤی ناڕێکیش دروست بکا. وەک میناکی بەردەست خوێندکارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێندە و ڕەنگە

زیاتریش لە خوێندەوانێکی سەر بە نەتەوەی فارس فێردەوسی بخوێنێتەوە، ئایا کارکرد و باندۆری ئەم خوێندنە لەسەر هەردوکیان یەکجۆرە؟. بێگومان تەنیا تۆزقاڵێ عەقڵ بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ تێبگا ئەم خوێندنە چەندە بۆ کابرای فارس بنیادنەر و شووناسپارێزە، بە پێچەوانەوە بۆ کابرای کورد نابوودگەر و دژەشووناسە. بە ئاسانی دەشێ ئەم میناکە بۆ زۆر بوار و مژاری دیکەش بگشتێنرێ. بۆ وێنە ئایا جگە لەمەیە کە مرۆڤی کورد هەر لەڕێگەی پەروەردە و خوێندنەوە لە کەسێکی ئاساییەوە دەگۆڕدرێ بۆ کەسایەتییەکی بندەست و داتەپیوی نائاگا لە بارودۆخی بندەستی خۆی؟... . کە واتە بە بڕوای من لە هەنگاوی یەکەمدا گرنگە مرۆڤ چی دەخوێنێتەوە. بۆ ئەوەی لە نموونەی گشتیتر و پەنجەرەیەکی گەورەترەوە بڕوانینە ئەم هاوکێشەیە پێویستە پرسیار و مەراقەکانی سەرەوە بگوازینەوە بۆ پرسگەلێکی تری وەک: گەلۆ لایەنگرانی ئایدۆلۆژی داعش، حەشدی شەعبی، ئیخوانیزم، ئەلقاعیدە، تالیبان و... هتد مەگەر هەر لەڕێگەی خوێندنەوە پێنەگەیێنراون؟. گەلۆ ڕەوتی ناسیۆنالیزمی فاشیستی گەلانی داگیرکەری کوردستان هەر لەڕێگەی خوێندنەوە بەرهەم نەهێنراون؟. ئایا سیستەم،

ئایدۆلۆژی، ئایین و دەوڵەتەکانی ئەم ناوچەیە لەڕێگەی خوێندنەوە هەوڵی دروستکردنی مرۆڤی دەستەمۆ و دڵخوازی خۆیان نەداوە و نایدەن؟... و هتد. بێگومان بەرسڤی هەموو ئەمانە "بەڵێ"یە و هەموو کەسێ دەزانێ کە ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو کاتێکی تر خوێندن بە دوو دیوی جیاوازدا دەڕوات کە ئەگەر دیوێکی بریتی بێ لە پێدانی زانیاری ڕاست و دروست و ئاگاکردنی خوێنەر، ئەو دیوەکەی تری بریتییە لە پێدانی زانیاری نادروست و ناڕاست و دروستکردنی خوێندەوارانێ کە زانای زۆرێک لە زانیارییەکانن بەبێ ئەوەی هیچ ئاگاییەکی ئەوتۆیان لە ناوەڕۆکی زانستەکانی خۆیان هەبێ. مخابن ئەم دیوی دووەمە بەتایبەتی لەژێر سایەی ئەو تێڕوانینە گشتی و باوەی کە گوایە خوێندن هەمیشە کردەیەکی بەنرخ و باش و پیرۆزە، هەردەم بە بێدەنگی کاری خۆی کردووە و لە پرۆسەیەکی نەگبەتدا بەردەوام زانای نائاگای بەرهەم هێناوە. شاهیدێکی گشتی و هەرە گەورەی ئەم نەگبەتییە بەتایبەت لە بواری زانستی مرۆییدا کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆیەتی. ئەم کۆمەڵگایە زیاتر لە سەدەیەکە پێبەپێی وڵاتانی ڕۆژاوایی خەریکی خوێندن و خوێندنەوەی دەروونناسی، جڤاکناسی، ئابۆری و هەموو بوارەکانی دیکەی

زانیاری و زانستە، بەڵام تاکوو ئێستا نەتەنیا نەیتوانیوە بەم زانستانە هیچ کێشەیەکی خۆی چارەسەر بکات، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بە خودی گرفتی زانیاریشەوە کێشەکانی بەردەوام زیاتر و زیاتر بوونەتەوە. ئەم دۆخە ئەنجامی خوێندنێکە بەبێ ئاگایی دەکرێ. یەکێ لە هۆکارەکانیشی ئەمەیە کە لێرەدا زانستە مرۆییەکان لە چەواشەیەکی مانایی قووڵدا دەژین. لە هیچکەس شاراوە نییە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو چەمکانەی لە ڕۆژاوا بەرهەم دێن چقاس بناخەیەکی زانستیشیان هەبێ کاتێ دەربازی ناوەندەکانی خوێندنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبن لە یەکەم هەنگاودا بە ڕێژەیەکی زۆر دەشێوێنرێن و یان نەزانستە مانایەکی چەپێنراو وەردەگرن، یان زانستە و بەئەنقەست واتایەکی چەواشەیان دەدرێتێ. دڵنیام ئەو کەسانەی وەک من لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژیابن و خوێندبێتیان یەکێ لە سۆسرەتترین نموونەکانی ئەم دیاردەیەیان لەم وڵاتە ئەزموون کردووە. لێرەدا بە شێوازێکی تایبەت و پڕڕەنگ زانستی ئابۆری پڕاوپڕە لە گوتەی پێغەمبەر و ئیمامەکان، فەلسەفە لێوانلێوە لە ئایین، مێژوو تژە حیکایەت و داستانی تەماوییە، لۆژیک و ژیربێژی لەسەر شێعر و پەند و

مەتەڵ بنیاد نراوە، ئایین لەسەر خورافەت دارێژراوە و... هتد. ئەم دۆخە کە بە باوەڕی من دۆخێکی گشتییە و هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوین گیرۆدەیەتی، تەنانەت ئازادترین بەشی زانستی مرۆیی، واتە ئەدەب و هونەریش دەگرێتەوە. ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی بە ڕێژەیەکی بەرچاو خۆی چاوگی نارێکییە و بە شێوازێکی تایبەت لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە بۆ چەوتکردنی ژیان لەڕێی زانیارییەوە بەکار دێت. مەبەستم لە دەسەڵات لێرەدا هەر لە نەریت و ئایینەوە بگرە تا پەروەردە و یاسا و دەوڵەت و شێوازەکانی تریش هەموو جۆرە دەسەڵاتێکە. لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بە ئاسانی دەتوانین هوزانی "فاشیست" بدۆزینەوە کە هەڵبەستەکانی لێوانلێون لە واژەی "یەکسانی"، دەتوانین هونەرمەندی "ئازادیخواز" بدۆزینەوە کە هۆنراوەکانی پڕن لە پەسنی "ستەمکاری"، دەتوانین بە ئاسانی لە ناخی دروشمی "ئازادی"دا "کۆیلەتی" بخوێنینەوە و لە بانگەشەی "برایەتی"دا بانگەوازی ژێردەستی بشنەفین و... هتد. ئەم دۆخە کە دۆخێکی تا دوا ڕادە کوشندەیە، هێندە بەهێز و تۆخە کە نەتەنیا لە بواری فەرهەنگیدا گشتییە و هەموو کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان گیرۆدەین، بەڵکوو لە بواری

زانستیشدا گشتییە و هەموو بوارە جیاجیاکانی زانستە سروشتییەکانیش دەگرێتەوە. بۆ وێنە کەس نییە نەزانێ لێرەدا تەنانەت زانستی پزیشکیش تژییە لە دوعا و لاڵە و بەشێکی گەورەی ئەم زانستە لەسەر نزا و پاڕانەوە بنیاد نراوە. پێم وا نییە کەسێک هەبێ گوێی لە زاراوەکانی "پزیشکی ئیسلامی"، "پزیشکی سونەتی" و... ئەمجۆرە دەستەواژانە نەبووبێ و ئەم کەسانە باش دەەزانن باسی چی دەکەم. لێرەدا زانستە سروشتییەکانیش لە زانست کەوتوون. وەک میناک ئەستێرەناسی بۆ ئەوە نییە بگاتە ناخی گەردوون، بەڵکوو بۆ ئەوەیە لە دۆزینەوەی هەسارەیەکدا گەورەیی خودا یان فڵانە ئایین بسەلمێنێ. دۆزینەوەی ژمارەی پرۆتۆن و نۆترۆنەکانی ئاسن لە کیمیادا بۆ ئەوە نییە کە ئەم ژمارەیە بە کەڵکی چی دێ، بەڵکوو تەنیا بۆ ئەوەیە پەرجوویەک لە قورئانی پێ نیشان بدرێ... . بە هەرحاڵ ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مژارەکەی خۆمان کە خوێندنە لە بواری زانیاری و زانستی مرۆییدا، من بە ئەزموونی خۆم وەک مامۆستایەک و بە بۆچوونی خۆم وەک خوێنەرێک لەو کەسانە نێم کە پێم وابێ مرۆڤ بەس بخوێنێ و ئیتر گرنگ نەبێ چی دەخوێنێتەوە. بە ڕای من مرۆڤ تاکوو بەر لە خوێندن

بارگاوی و ئامادە نەکرابێ بە ڕێژەیەک لە ژیربێژی و لۆژیک بۆ ئەوەی دروست و نادروست لەیەک بکاتەوە، تا لە کاتی خوێندندا نەبێتە خوێنەرێکی بوێر بۆ ئەوەی لەسەر هەموو بۆچوونێ هێمای پرسیار دابنێ، تا دوای خوێندن خۆی لە پیرۆزکردن و بە مەزهەبکردنی زانستەکانی خۆی نەپارێزێ بۆ ئەوەی زانستەکانی نەبن بە باوەڕ و دۆگما، خوێندن ڕۆشناییییەکی ئەوتۆی ناداتێ و جگە لەمەی بیکا بە سندووقێ لە زانیاری پەتێ، هیچێکی دیکەی لێ زیاد ناکا و هیچکات بەرەو مرۆڤێکی ئاگا پاڵی پێوە نانێ. هەر بۆیە بەبێ گومانکردن لە ناوەڕۆک بە مەبەستی تاقیکردنەوەی دروستی و نادروستی، بەبێ خستنی لە بەردەم پرسیار بە مەبەستی دەرخستنی دژوازی و ناتەواوییەکان، هەموو خوێندنێک ئەگەرچی دەتوانێ ئاراستەیەک بێ بەرەو زانین، بەڵام بێگومان ئاقارێکی نەزۆکە بەرەو ئاگایی.

لەسەر ئەم بنەمایە نرخی کتێب وەک گرنگترین هێمای خوێندن چیتر لەو بەهای فرۆشتنە دەردەچێ کە لەسەر بەرگەکەی دەینووسنەوە. هەرچەند خوێندن بە شێوەیەکی گشتی وەک کردەیەکی ئەرێنی دەناسرێتەوە و دەبینرێ، بەڵام لەڕاستیدا گەلێ ئاماژە هەن کە دەریدەخەن مامەڵە و

دانووستانی نێوان "کتێب، خوێنەر و خوێندن" بەتایبەت پەیوەندیدار بە زانایی و ئاگایی دانووستانێکە کە بەشێکی گەورە لێی پەیوەندییەکی ناتەندروستە. لە یەکەم هەنگاوی بەرکەوتنی کتێب و خوێنەردا بەشێکی بەرچاوی خوێندن نە بۆ دەستکەوتن و دۆزینەوەی دروستییەکان، بەڵکوو بۆ تێرکردنی خوازەکانی خوێنەرە. بە گوتنێکی دیکە بەشێکی زۆر لە خوێنەران نە بۆ بەئاگاهاتن و ئاگاداربوونەوە، بەڵکوو تەنیا بە دوای خوێندنی ئەو بوار و مژارانەن کە پێیان خۆشە و پێیان تێر دەبن. بۆ وێنە زۆر زۆر بەدەگمەن هەڵدەکەوێ ئایینداریک ئامادە بێ پرتووکێک بخوێنێتەوە کە دژ بە ئایینەکەی ئەو قسە دەکا، ڕەخنەی لێ دەگرێ یان تەنانەت لێی دەکۆڵێتەوە. هەروەها زۆر کەم پێشدێ کەسێ کە بە ڕەهایی لە مانیفێستی حزبەکەیدا وەک زانیارییەکی ڕاست و دروست تواوەتەوە، ڕازی بکەی ڕەخنەکانی سەر ئەو مانیفێستە بخوێنێتەوە و لانیکەم بیریان لێ بکاتەوە. بە ئەگەرێکی نزیک لە ڕەها ئەو هەر لە سەرەتاوە کتێبەکە وەک کتێبێکی بێهۆدە و نازانستی پێناسە دەکا. یان بۆ وێنە زۆر زۆر بەدەگمەن ڕوودەدا کابرایەکی ناسیۆنالیستی ئێرانی ئامادە بێ کتێبێک بخوێنێتەوە کە گومان بۆ چەمکی "ئێرانی

کۆن" دروست دەکا یان کەسایەتی کۆرش دەخاتە ژێر پرسیارەوە. لێرەشدا دیسان ناوزڕاندنی کتێبەکە بە چەواشە و نازانستی و لە ئەنجامدا فڕێدانی ئەگەرێکی نزیک لە ڕەهایە. ئەمڕۆ تەنانەت لە بواری زانیارییە گشتی و ڕۆژانەکانیشدا هەر وایە. هەرکەسێ بە ئاسانی دەتوانێ ببینێ کە خەڵکی تەنیا چاو لەو تەلەڤزیۆنانە دەکەن کە تێریان دەکا، گوێ لەو هەواڵانە دەگرن کە پێیان خۆشە بە ڕاستیان بزانن، زیاتر سەر دەکێشنە ناو ئەو ماڵپەڕانەوە کە شرۆڤەکانیان نزیکن لە بۆچوونەکانی ئەمانەوە. بەکورتی لە هەنگاوی یەکەمدا بەشێکی گەورە لە خوێندن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری دروست و دواتر بەدەستهێنانی ئاگایی نییە، بەڵکوو زیاتر بۆ تۆکمەکردن و پڕڕەنگکردنی ئەو زانیارییانەیە کە بە جۆرێ لە جۆرەکان باوەڕیان پێ هێنراوە و بوونەتە بەشێ لە حەز و خوازەی کەسەکان. بەداخەوە ئەم تێڕوانینە ئەوەندە تۆخە کە تەنانەت سەبارەت بە زانستە سروشتییەکانیش لەناو خەڵکدا بەدیدەکرێ. من کەسانێکم بینیوە کە تەنیا لەسەر بنەمای خوێندنی دوو سێ کتێب باوەڕی سەداسەد و ڕەهایان بە داروینیزم هەبووە، یان بە پێچەوانەوە کەسانێکم بینیوە تەنیا لەسەر ئەمەی دژی ئایەتەکانی قورئانە سەداسەد

دژی داروینیزم وەستاونەتەوە... . بە هەرحاڵ ئەوەی سەبارەت بە خوێندن لە ئارادایە ئەمەیە کە ئاراستەی بەشێکی گەورە لێی نە بەرەو ئاگایی، بەڵکوو تەنیا بەرەو زانینی زانیارییە خوازراوەکانە بەبێ گرنگبوونی دروستی و نادروستییان. بە گوتنێکی دی زۆرینەیەکی بەرچاو لە خوێنەران خوێنەرانێکی پاسیڤ و ناچالاکن بەم مانایەی کە لەباتی ئەوەی بەدەم خوێندنی کتێبەوە بیر بکەنەوە، تەنیا دەخوێنن بۆ ئەوەی کتیبەکان بیری بۆ بکەنەوە و بەو ئاراستەیەی کە خۆیان دەیانەوێ ڕێگەی پیشان بدەن. زاراوەی "خوێنەری کوشندە" کە بەختیار عەلی لە مانایەکی بەرینتر و جیاوازتردا بەکاری دێنێ بۆ ئەمجۆرە خوێنەرانە لەم مانایەدا کە دەخوێننەوە بۆ کوشتنی خۆیان و زۆر جاریش بۆ کوشتنی پەیامی کتێبەکان، دەتوانێ پێناسەیەکی لەجێدا بێ. کوشتنی خود لەو زانیارییە کەڵەکەکراوانەی کە تەنیا زانیاری پەتین و هیچ ئاگاییەکی ئەوتۆیان پێ نییە بۆ بەخشین، لەو نووسەرانەی کە دەیانخوێنن و دەیانکەن بە تاقە ڕێبازی ڕاست، لەو ئایدیا و چەمک و زاراوانەی بەبێ تێگەیشتن ئەزبەری دەکەن و بەردەوام وەک دەقی پیرۆز کاوێژی دەکەنەوە و... هتد. کە واتە لەڕاستیدا بەهای زۆرێک

لە کتێبەکان لەلای خەڵک لە ناوەڕۆکی ئەواندا نییە لە باری دروستی و نادروستی یان بەگشتی لە ڕووی لۆژیک و ژێربێژییەوە، بەڵکوو گرێدراوی ئەوەیە کە چەندە ئەو خەڵکە تێر دەکا. ئەمە یەکێکە لە گرفتە سەرەتایی و سەرەکییەکان سەبارەت بە پەیوەندی نێوان زانین و ئاگایی خوێنەر لەگەڵ خوێندن و کتێبدا.

دیوێکی تری ئەم گرفتە بەڕاستی لە ناوەڕۆک و کارکردی خودی کتێبەکاندایە. وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا ڕێژەیەکی گەورە لە کتێبەکان هەر لە سەرەتاوە بەئەنقەست بۆ بەرهەمهێنانی زانیاری هەڵە و چەواشەکردن و چەوتاندنی مرۆڤەکان دەنووسرێن. ئەمە جگە لەو ڕێژە گەورەیەی نالۆژیکبوون کە نەزانستە و لە ڕووی ناتەواوییەوە لە زانیارییە مرۆییەکاندا هەیە و پێشتر باسی لێوە کرا. بە گوتنێکی دیکە ئەگەر بەشێکی بەرچاوی جیهانی کتێب پڕ بێ لە خوێنەری کوشندە، ئەو بەشەکەی تری پڕە لە نووسەرانێک کە دەتوانین ناویان بنێین "نووسەری کوشندە". نووسەرانێ کە زانستە یان نەزانستەدا زانیاری ناڕاست و نادروست دەرخواردی خوێنەر دەدەن. لەڕاستیدا ڕێژەی نووسەرانی کوشندە لە خوێنەرانی کوشندە کەمتر نییە و

هەژماری ئەوانیش هێندە هەیە کە هەرکەس بە ئاسانی بتوانێ قامکی ئاماژە بۆ چەندین ناویان ڕابکێشێ. هەر بۆیە پێویست بە هێنانەوەی نموونە ناکات، بەڵام تەنیا وەک بیرهێنانەوە ئاماژە بە نووسەری کورد "ڕەشید یاسەمی" دەکەم کە لەلایەن دەوڵەتی پاشایەتی ئێرانەوە بە فەرمی ئەرکدار کرابوو بە هەر ڕێباز و شێوازێک بیسەلمێنێ کە "کورد ئێرانییە" و نووسینەکانیشی هەتاکوو ئێستاشی لەگەڵ بێ کوردی نارێک دەخوڵقێنن... .

بەکورتی کە واتە یەکەم، خوێندن تەنیا بۆ خوێندن و ڕابواردن نییە و تەنانەت ئەگەر بەم نیاز و مەبەستەش ئەنجام بدرێ لە تێڕوانینی خوێنەردا باندۆری دەبێ و ئەم باندۆرەش هەم دەتوانێ ئەرێنی بێ و هەمیش نەرێنی. دووەم، بەبێ لۆژیک و بەبێ بوێری لە پرسیار و گوماندا خوێندن هیچ نییە جگە لە کەڵەکەکردنی هەندێ زانیاری خاو لە مێشکی خوێنەردا کە نەتەنیا شتێکی ئەوتۆی ناداتێ، بەڵکوو زۆر جارانیش دەیکا بە ئایدۆلۆژیستێکی بە ڕواڵەت زانا و بە ناخ کوێرایییداهاتووی ئایدۆلۆگێک بەناوی نووسەر. لەم ڕاستایەدا مرۆڤ تا نەگاتە ئاستێک لە لۆژیک و ژیربێژی کە تێیدا بتوانێ ئاگاداری کرۆکی زانیاری نێو پرتووکەکان لە

**باری دروستی و نادروستییەوە بێت، خوێندن بە ئاسانی دەتوانێ چرای بیری خوێنەر لەنێو تەوژمی زانیارییە نادروستەکاندا بکوژێنێتەوە. من بەش بە حاڵی خۆم چەندە خوێنەری ئاکتیڤ و چالاکم بینیوە کە بە ئاگاییەوە دەخوێنن و لەڕێی خوێندنەوە بەئاگا دێنەوە و لەڕێی بیرکردنەوە لە ناوەڕۆکی کتێبەکانەوە ڕێگەی خۆیان دەدۆزنەوە، دەیان بەرابەر خوێنەرانێکم دیوە کە بە دوای زانیندا بوونەتە خوەندەوان و بوونەتە خوێندەوارانێکی زانیار و بەڵام نائاگا. بە هەمان شێوە چەندین هێندەی ئەو پرتووکانەی کە ئاگایی بە خوێنەر دەبەخشن و ڕێگەی بە ڕوودا دەکەنەوە، کتێبگەلێکم دیوە کە بە نیاز و بە ئاراستەی نائاگاکردنی تاک و جڤاک زانیاری ناڕاست و نادروستیان بە خوێنەری خۆیان بەخشیوە و ڕێگەیان بە ڕووی خوێنەردا داخستووە و بگرە زۆر جارانیش بە تەواوەتی لە ڕێگا وێڵیان کردووە. یەکێ لەو دیاردانەی کە بە ڕوونی دەتوانێ گوزارەیەکی ڕۆشن بێ لە پەیوەندی ناڕێک و نادروستی خوێنەر و کتێب، بڕوانامەی زانکۆکانە. لانیکەم ئەوەی لە ڕۆژهەڵات ژیابێ بە ڕوونی دەزانێ دەزگای زانکۆ ڕۆڵێکی چەندە ناڕێک و کارەساتباری هەیە لە پەروەردەکردنی**

لەشکری خوێندەوارانی نائاگادا. لەڕاستیدا بڕوانامەی زانکۆ تەنیا نیشانەی نائاگابوون نییە، بەڵکوو لەمە خوارترە و لە هێمایەک بۆ نەزانین نزیکترە تا هەر شتێکی دیکە. لێرەدا بۆیە ڕۆژهەڵات وەک نموونەیەک دێنمەوە، چۆنکە لە نزیکەوە بە وردی ئاگاداری دۆخی ئەم دەڤەرەم، بەڵام بەداخەوە پێدەچێ ئەم نارێکییە پانتاییەکی گەورەتر لە خۆ بگرێ. بەم قسەیە دێڕێکی مێژوونووسی ناودار "کەمال مەزهەر" هاتەوە بیرم کە سەبارەت بە "حەمەی مەلا کەریمی مودەڕیس" گوتبووی "کاکە حەمەی مەلا کەریم کە دەرچووی پێنجی سەرەتایی نییە و هەر لە مزگەوتدا خوێندوویەتی، نایگۆڕمەوە بە دە خاوەن بڕوانامەی دوکتۆرا لە بواری مێژوودا". کە واتە بەکورتی ئەم ڕاستییانە دەریدەخەن کە گرنگترین خاڵ سەبارەت بە خوێندن ئەمەیە کە چی دەخوێنین و چۆن دەخوێنین. بێگومان ئەم تێبینی و بۆچوونانەی من هیچیان مانای ئەمە نادەن کە خوێندنەوە لە ناخی خۆیدا خراپە، بەڵکوو دەیانەوێ بڵێن خوێندن و خوێندنەوە پێش هەموو شتێ پێویستی بە چاوێکی کراوە هەیە بەم مانایە کە خوێندنی هەر پرتووکێک دەبێ پرۆسەیەکی بەردەوام بێ لە بیرکردنەوە بەسەر دێڕەکانی ئەو پرتووکەدا و بەشێکی

گەورەی ئەم بیرکردنەوەیەش پێویستە لەپێشدا خوێندن و متوربەبوون بە لۆژیک لە خۆ بگرێ. چۆنکە بە بۆچوونی من هۆکارێکی سەرەکی لە هۆکارەکانی وێڵبوون لەڕێگەی خوێندنەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەنەبوونی خوێنەر لە ڕووی لۆژیکییەوە، واتە نەئامادەبوونی ژیربێژی و لۆژیک لەلای خوێنەر. کە واتە ئەگەر لە من بپرسن ئایا خوێندن بۆ ئێمە باشە یان نا؟، منیش لە وەڵامدا پێش ئەوەی بپرسم خوێندنی چی، خوێندن بۆ چی، یان چۆنە خوێندنێک، دەپرسم ئێمە تا چەندە ئامادەین بۆ خوێندن؟!!...

**لە مۆدێرنیتەی ئەمڕۆدا ڕۆشنبیری**

**لەنێو زانکۆدا کەوتووەتە داو**

**/ ئاپۆ**

## زانکۆ، مەکۆی نەزانی

**ئەگەر بیرتان بێ کەمێ پێشتر قسەیەکم لە کەمال مەزهەر گێڕایەوە کە بەراورد بە پێنجێکی سەرەتایی دە بڕوانامەی دوکتۆرای لەلا پێ کەم بووە. ئەم قسەیە ئەگەر بە لایەکدا پەسنی تێکۆشانی کەسایەتییەکی بلیمەت بێ، بە دیوەکەی تریدا ڕەخنە و تانە و تەشەرە لە دەزگایەک کە بڕوانامە دەردەکا، واتە دەزگای زانکۆ. لەڕاستیدا مێژووی زانکۆ بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا خۆی دەیسەلمێنێ کە ئەم دەزگایە یەکێکە لەو دەزگایانەی کە پێچەوانەی ناوەکەی سەرچاوەیەکی گەورەی نارێکییە لە بواری زانیاریدا. خومێنی قسەیەکی سەبارەت بە زانکۆو هەیە کە لەلای زۆر کەس وەکوو پێکەنۆک و گاڵتەجاڕێ دێتە بەرچاو، بەڵام لەڕاستیدا وێنایەکی تەواو ڕاسکانییە لە چارەنووس و لە کارکردی زانکۆ.**

خومەینی دەڵێ "زانکۆ دەبێ زانکۆ بێ، زانکۆیەک کە زانکۆ نەبێ، ئەوە زانکۆ نییە!".ئەم کۆڕستەیە چەندە لە ڕواڵەتدا بێسەروبەر و گاڵتەئامێزە، زۆر زیاتر لەوە لە ناخی خۆیدا نیازێکی قورس و مەبەستێکی قایمی لەپشتە و ئەویش، زانکۆ دەبێ بەو شێوەیە بێ کە من دەمهەوێ. یان بە مانایەکی وردتر بەو جۆرە ئیش بکا کە من دیاری دەکەم، ئەو زانیارییانە پێشکەش بکا کە من مەبەستمە خەڵک بیزانن و خەڵک بەو شێوازە ڕابهێنی کە من گەرەکمە. ئەمەش یەکەم خاڵی دەسپێک و یەکەم هەنگاوی نارێککردنی دەزگای زانکۆیە لەم دەڤەرەدا. لێرە ئیشی زانکۆ ئەوە نییە بۆ پرسیارەکان بەرسڤی زانستی پەیدا بکا یان بۆ پرسگرێکەکان ڕێگەچارەی زانستی بدۆزێتەوە، بەڵکوو کاری ئەوەیە نەهێڵێ زانستەکان لە ئایدۆلۆژیای سەردەست دەرنەچن، نەریتەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا ڕەچاو بکەن، جێ بە پیرۆزییەکان لەق نەکەن، پێچەوانەی ئایین قسە نەکەن و خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن. ئەمە ژیانی ڕۆژانەی زانستە لەنێو زانکۆدا. تا لەبیرم نەچووە با ئاماژە بە نموونەیەکی سادەی ڕاسکانی لەم دۆخە بدەم تا وێناکە بۆمان تازە بێتەوە. جارێک دۆستێ کە لە زانکۆی کرماشان کۆمەڵناسی خوێندووە باسی دەکرد، گوتی ئێمە چەند

خوێندکارێک بووین کە لە پرۆژەیەکدا بڕیار بوو پێکەوە بە شێوەیەکی مەیدانی لەسەر ئەم پرۆژەپرسیارە لێکۆڵین بکەین کە ئایا نوێژخوێندن لەسەر سەرکەوتن باندۆری هەیە یان نا، ئەگەر هەیەتی باندۆرەکە ئەرێنییە یان نەرێنی، ڕێژەی ئەم باندۆرە چەندە و... هتد. ئەو گوتی دوای دوو سێ مانگ لێکۆڵینەوەی مەیدانی و ئامارگرتن و تۆمارکردنی داتا و زانیارییەکان ئێمە هیچ پەیوەندییەکی مانادارمان نەدۆزییەوە لەنێوان سەرکەوتن و نوێژخوێندن دا، بەڵام لە ترسی ئەوەی زانکۆ لێکۆلێنەکەمان قەبوول نەکا یان کێشەیەکمان بۆ دروست بکا هاتین و هەموو زانیارییە ڕاسکانییەکانمان بە جۆرێ دەستکاری کرد کە نیشان بدەن بەڵێ نوێژخوێندن لەسەر سەرکەوتن کاریگەری هەیە، باندۆری ئەرێنیشی هەیە و ڕادەی باندۆرەکەش ڕادەیەکی بەرزە!...

ئەم سەربوردەیە نموونەیەکی زۆر زۆر بچووکە لە هەزاران هەزار لێکۆڵینەوەی گوایە زانستی کە گوایە زانکۆ ئەنجامی دەدات. ئەمانەش جگە لەمەی کە دەبنە بناخەی لێکۆڵینەوەکانی دواتری خۆیان، زۆر جاریش دەبنە بنەما و هەوێنی بەرنامەکانی بەڕێوەبردنی وڵات. کە واتە زانکۆ لێرەدا

نە مەکۆی تاقیکردنەوەی زانیارییەکانە، نە شوێنی دامەزراندنی بناخەی زانیاری ڕاستە، نە مەڵبەندی ڕاهێنانی هزرە بۆ بیرکردنەوە و لە ئەنجامدا نە جێی دروستکردنی ئاگاییە. ئەوەی لێرەدا هەیە کەڵەکردنی زانیارییە بۆ بارگاویکردنی خوێندکار بە دۆگمەکانی سیستەم. ئاراستەکردنی کەسەکانە بە زانیارییە بژاردەکانی ئەو سیستەمە. ئەم دەزگایە جگە لەوەی کە شوێنی ڕاهێنانی مرۆڤە بە پرسیارنەکردن، جێی ئامادەکردنی هەندێ وەڵامی نەگۆڕیشە بۆ ئەگەری پرسیارەکردن. ئەم تایبەتمەندییانەن کە وا لە زانکۆ دەکەن هەموو ڕێگاکانی بەرەو زانینێکی تەندروست لە زانیارییە دروستەکان بڕۆخێنێ و لەوێشەوە هەموو دەرگاکانی بەرەو ئاگابوون لە خوێندکارەکان دابخات. ئاست و ڕادەی وێرانگەری ئەم کارکردە کاتێ زیاتر بۆمان دەردەکەوێ کە بزانین لەپێشدا قوتابخانە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ زەمینەسازی بۆ کردووە. لەم ڕووەوە زانکۆ هەم وەک درێژکراوە و هەمیش وەک تەواوکەری قوتابخانە کار دەکا. خوێندکارێ کە لە قوتابخانە تەواوی تەمەنی خوێندنی خۆی بە لەبەرکردنی هەندێ زانیاری چەپێنراو تێپەڕاندووە کاتێ دەچێتە زانکۆ، لەوێ تەنیا دەرفەتی ئەوەی دەدرێتێ

زانیارییەکانی پێشووی خۆی بە قسەی قۆڕی فڵانە ڕۆشنبیر، فڵانە فەیلەسووف، فڵانە ئایدۆلۆگ و فڵانە جڤاکناس و... هتد بڕازێنێتەوە و بە ناوی زانستەوە کاوێژیان بکاتەوە. ڕێک وەکوو منداڵێ کە لەناو گەوراندا مەزن بووبێ و بێ ئەوەی لە مانایان بزانێ گوتەی گەورەکان دوبارە بکاتەوە و کرماشانی گوتەنی "قوڕاتی قەوی" بدا. بە گوتنێکی تر دەرچووی زانکۆ هیچ نییە جگە لە کەسێکی بە مێشک نەزان و بە زار زانا. بەڵام سەرباری ئەم ڕاستییە زانکۆ دەزگای دروستکردنی وەهمی زانینە و لەم ڕوویەوە ڕۆڵێکی وێرانکەر دەگێڕێ. ئەمڕۆ وەهمی زانایی ڕەنگە گشتگیرترین نەخۆشی بێ کە زانکۆ بڵاوی دەکاتەوە. ئەگەر چاو لە کۆمەڵگەی کوردی خۆمان بکەین، هەر لەو پزیشکانەوە بگرە بە چوار پێنج ساڵ خوێندنی زانکۆ گاڵتە بە نەریتێکی چەند هەزار ساڵەی پزیشکی دەکەن کە هەزاران ساڵ ئەزموونی هەیە و خاس یان خراپ تا ئەمڕۆ هاتووە و جێدەستیشی دیارە، هەتا ئەو کۆمەڵناسانەی کە تا ئاستی سڕینەوە نەریتەکانی جڤاکی خۆیان بە تەواوەتی دەخەنە ژێر گومان و پرسیار و تانەلێدان، تاکوو ئەو لەشکری خاوەن بڕوانامانەی کە پێیان وایە بەهۆی بەڵگەیەکی دەرچوونی زانکۆوە ئیتر دەبێ هەر دابمەزرێن و... هتد، هەموو

ئەمانە لە وەهمێکی گەورەی زاناییدا دەژین کە زانکۆ بۆی دروست کردوون.

ئەگەر باش سەرنج بدەین خودی کارکرد و شوێندەستی زانکۆ لەنێو جڤاکدا بە ڕوونی نیشانی دەدا کە ئەو هەستکردن بە ئاگاییەی کە زانکۆ بە خوێندکارەکانی دەیبەخشێ هیچ ڕاسکانی نییە و تەنیا وەهمێکی گەورەی خەڵەتێنەرە. وەهمێک کە تەنانەت سێبەر دەخاتە سەر ژیانی تایبەتی کەسەکانیش. کەسی خاوەن بڕوانامەی زانکۆ لەلایەک لە سێبەری ئەو وەهمەدا خۆی بە پێشڕەوتر لە جڤاک دەزانێ، لەلایەکی تریشەوە جگە لە هەندێ چەمک و زاراوەی قۆڕ هیچ نیشانەیەک لە پێشڕەوبوونی پێوە دیار نییە و لە ئەنجامدا جڤاکیش ئەوی پێ قەبوول نییە و ئەمە دابڕانێکی دوولایەنەیە... . ئەگەر قسەکانم کورت بکەمەوە، وەک چۆن لە بەشی پێشوودا گوتم لە ڕێگای تێڕوانین بۆ چەمکەکانی وەک زانین، زانیاری، زانایی، ئاگایی و خوێندن دەبێ تێڕوانینمان بۆ کتێب بگۆڕین، سەبارەت بە زانکۆش پێم وایە پێویستە بۆچوون و تێڕوانینمان بۆ ئەم دەزگا پەیوەندیدارە ڕاست بکەینەوە و بگەین بەم تێگەیشتنە بنەڕەتییە کە

**زانکۆ لانیکەم لەلای ئێمە ئەو بوونەوەرە سەداسەد ئەرێنییە نییە کە تا ئێستا پێمان وا بووە!...**

٣٠/٢/٢٠٢٣

# MIROV; ZANAYÎ Û AGAHÎ




JÎRO ZAGROS